
کورتەی مێژووی
ژیانی
پێغەمبەر
صلى الله عليه وسلم
وەرگێڕانی:
مامۆستا زەکەریا
کورتەی مێژووی ژیانی پێغەمبەر

بسم الله الرحمن الرحيم

# کورتەی سیرە

## مێژوی ژیانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

# کورتەی سیرە

میژووی ژیانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

ئامادەکردنی
رابطة العالم الإسلامي

وەرگێرانی
مامۆستا کرێکار

بۆ پۆلی:
یەکەمی ئامادەیی ئامەد

# كورتەی سیرە

نوسینـــــــــی: رابطة العالم الاسلام

وەرگێرانــــــی: مامۆستا کرێکار

بـــــۆ پـــۆلی: یەکەمی ئامەد

نەخشەســـازی: ئیـسلامڕەو

ساڵـــــــــــی: ١٤٣٨ك-٢٠١٧ز

لە بڵاوکراوەکانی

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)


وإنك لعلى خلق عظيم

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أَعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأَشْهَدُ أَنْ لا اله إلا اللهُ وأشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ ورَسُولُهُ.

يا أَيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أَيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أَيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزاً عَظيماً

أَمَّا بعدُ: فإِنَّ أَصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

# پێشەکی و پێناسە

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِه الامِيْنِ، مُحَمَّد وَ عَلَى آلِهِ وَ صَحبِه أَجْمَعِين.

خوێنەری بەڕێز . ئەمە کورتەیەکی مێژوی ژیانی پێغەمبەری پێشەوامانە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە زۆر بە کورتی نوسراوە، ئەو رۆژەی(٢٠٠٥/٩/٣٠) کە گۆڤاری یولاندس پۆستنی دانیمارکی رەسمە کاریکاتێرەکانی بۆ سوکایەتی کردن بە پێغەمبەری خۆشەویستمان بڵاو کردەوە هەر ئەم کتێبەم لەبەر دەستدا بوو منیش بۆ کاردانەوەی بەسوود و تەعبیرێك لە خۆشەویستیمان بۆ پێغە مبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بڕیارم دا وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، دە شمزانی کتێب لەسەر سیرەی پێغەمبەری نازدارمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە کوردی دەمێکە نوسراوە بەڵام هەر دەمووت ئەمەی بەردەست چونکە کورتە یەکە زووتر دەکەوێتە بەر دەست خوێنەرانی کوردو ئاسانتریش دەکەونە خوێندنی، خۆ دەشێت ئەم کورتەیە بکرێتە کتێبی خوێندنی سەرەتایی سییرە ی پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پاشان هەر کەس وویستی زیاتر شارەزا بێت دەتوانێت بچێتە سەر کتێبەکانی مامۆستا عبدالعەزیزی پارە زانی رەحمەتی یان ژیاننامەکەی مامۆستا عەبدولعەزیز عەلادین یان ئەوەی مامۆستا ئەحمەدی مەلا فایەق..

خوای گەورە خێری ئەوان بنوسێت و ئێمەش لە پاداشتی خۆشویستنمان بۆ خواو پێغەمبەری خوا مەحرووم نەکات ..ئامین

ئەسڵی کتێبەکە وەزارەتی کاروباری ئیسلامی کوەیتی نوسیبووی و بڵاوی کردبۆوە، بەو هیوایەی لە ئاڵقەکانی قورئان لەبەر کردنی مزگەوتەکاندا بخوێندرێت کە گەنجە موسوڵمانەکانی تێدا فێری ئیسلام دەکرێت..

سەرچاوەکانی هەمووی سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی ئەهلی سوننەتن، زیاتر هەوڵدراوە لە کتێبەکانی حەدیسەوانی وەربگیرێن والحمد لله ..ئینجا ئەمینداریێتی ئەنجومەنی باڵای جیهانی بۆ کاروباری مزگەوتەکان کە سەر بە رابیتەی جیهانی ئیسلامیە لە شانشینی عەرەبی سعودی وەکو خۆیان لە پێشەکیەکەیدا نوسیویانە: (کە زانیمان سوودی زۆرە) چاپ و بڵاویان کردەوە، ئەمەی ئێستا بە کوردی لە بەردەستدایە چاپی پێنجەمی ئەو کتێبەیە، بۆ ڕەزامەندی وەرگێڕانی بۆ کوردی و بڵاو کردنەوەی پەیوەندیمان کرد بە رابیتەی سعودیەوەو ئەوانیش خوا خێریان بنوسێت ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی ..

خوای گەورە ئەم کتێبەو رەنجەکانی ترمان بۆ خۆی بسازێنێت و بیکاتە کێشێکی تای تەرازووی قیامەتمان و بە دەست ماچ کردنی پێغەمبەری خۆشەویستمان شاد کات ..ئامین

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

کرێکار /ئۆسلۆ

جومادی دووەمی ١٤٢٨ك /حوزەیرانی ٢٠٠٧ز

# کورتەیەك لە ژیانی

## پاکی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

### نەسەبی بەڕێزی

نەسەبی بەڕێزی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە بەناوبانگترین نەسەبی عەرەبە، ئیمامی موسلیم لە واثیلەی کوڕی الئەسقەعەوە(وَاثِلَةَ بْنِ الْأَسْقَعِ) خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی:(إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى كِنَانَةَ مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ وَاصْطَفَى قُرَيْشًا مِنْ كِنَانَةَ وَاصْطَفَى مِنْ قُرَيْشٍ بَنِي هَاشِمٍ وَاصْطَفَانِي مِنْ بَنِي هَاشِمٍ) واتە : خوای گەورە کینانەی لە نێوان کوڕو نەوەکانی ئیسماعیلدا هەڵبژارد، هۆزی قورەیشی لە نێوان بەرەبابی کینانەدا هەڵبژارد، تیرەی بەنی هاشمیشی لە نێو قورەیشیاندا هەڵبژارد، منیشی لە ناو بەنو هاشمییەکاندا هەڵبژاردووە ..

### نەسەبی لە خەتی باوکیەوە

هەموو نەسەبزانان لەسەر ئەوە کۆن کە پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناوی پیرۆزی محمدی کوڕی عبداللهی کوڕی عَبدالمُطَلِب ی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدومەنافی کوڕی قُصَي کوڕی کولابی کوڕی لوئەی کوڕی غالبی کوڕی فەهری کوڕی مالیکی کوڕی النَضری کوڕی کینانەی

كوڕی خوزەیمەی كوڕی مودریكەی كوڕی ئیلیاسی كوڕی مُضَری كوڕی نە زاری كوڕی مەعدی كوڕی عەدنانە ..

ئیبنو مەسعود خوا لێی رازی بێت، دەفەرموێ :پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە نەسەبی خۆی دەفەرموو، كە دەگەیشتە مەعدی كوڕی عەدنان دەوەستاو دوو سێ جار دەیفەرموو: (كَذَبَ النَسَّابُونَ) واتە: نەسەبزانان لێرەوە هەرچی بڵێن درۆ دەكەن..

بەڵام هەموو لەسەر ئەوە رێكن كە شەجەرەی دەگاتەوە سەر سەیدنا ئیسماعیلی كوڕی سەیدنا ئیبراهیم سەلامی خوایان لێ بێت ..

## نەسەبی لە خەتی دایكییەوە

دایكی ناوی: ئامینەی كچی وەهەبی كوڕی عەبدومەنافی كوڕی زوهرەی كوڕی كولابی كوڕی مورڕەی كوڕی كەعبە ..ئیدی شەجەرەی دایكی لەگەڵ شەجەرەی بابی لە كولابدا بەیەك دەگەنەوە.

## لەدایك بوونی

لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە كە لە رۆژی دووشەممەی نۆهەم یان دوازدەهەمی مانگی رەبیعول ئەووەلی ساڵی فیل لەدایك بووە، ئەمەش كۆڕای زانایانی لەسەرە كە لەو ساڵەو لەو مانگەدا بووە، چونكە لەو ساڵە دا بوو كە ئەبرەهەی حەبەشی بە لەشكرێكی زۆرەوە - كە فیلیان پێ بوو - هێرشی هێنا بۆ رماندنی كەعبە، بەڵام خوای خاوەن كەعبە رێی گرتن و

مانی بە فیلەکان گرت و لە دەورو بەری شاری مەکە وەستاندنی، هە نگاوێك بەرەو ئەوێ نەچوون، خوای گەورە ئەم رووداوەی لە قورئاندا لە سورەتی(الفیل) دا تۆمار کردووە، ئەو رۆژە دەکاتە ٥٧١/٤/٢٠ ی زایینی..

زۆر ریوایەت هەن کە باسی شتی نائاساییان کردووە کە کاتی حەمل و لە دایك بوونی پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ روویداوەو خەڵکی دە ماو دەم گێڕاویانەتەوە ..

## ناونانی

عَبدالمُطَلِبی باپیری ناوی لێنا محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناوی تریشی هەیە کە لە سیفەتەکانی خۆیەوە وەرگیراوە کە پێیانەوە مەتح دەکرێت وەکو ئەحمەد بە مانای ئەوی لە خەڵکانی تر زیاتر سوپاس دەکرێت، العاقب :ئەوی کۆتا پێغەمبەرەوە کۆتایی بە نێرراوانی خوا پێ هاتووە، هەروەها:المتوکل ..بەڵام بەناوبانگترین ناوی : محمدە[1]

---

١ سەیر ئەوەیە کە تا ئێستاش لە هەر هەموو جیهاندا ناوی محمد یەکەمین ناوە، لە ساڵی ١٩٩٩دا لە بەریتانیا ناوی محمد یەکەمین ناوی تۆمارکراویووڵات بوو!! ئاخر ئائەمەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ(وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ) والحمد لله.. (و)

## بەخێو کردنی

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە هەتیووی لە دایك بووە، چونکە ئەو کاتەی ئەم لە سکی دایکیدا بووە، عبداللّهی باوکی، چوو بوو بۆ ماڵی خزمە کانی لە بەنون نەجار لە مەدینە(ئەو زەمانە مەدینە ناوی يَثرِب بوو) ئەو کاتە کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێ لە مەدینە بە گۆڕ سپێرراوە .

کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەدایك بوو ئافرەتێك کە ناوی(حَليمَةَ السَعدية) بوو، بووە دایەنی و وەکو عادەت و نەریتی ئەو زە مانەی عەرەبەکان، ئەویش ئەمی بردە لای خۆی، بەڵام هەر لە ژێر سەرپەرشتیاری دایکی خۆشیدا بوو، تا ئەو کاتەی کە دایکیشی، کە لە سە ردانی ماڵی خزمانی لە مەدینە دەهاتەوە، لە ناوچەی(الأبواء) کە وا لە نێوان مەککەو مەدینەدا کۆچی دوایی کرد .ئەو کاتە ئەم تەمەنی پیرۆزی شەش ساڵان بوو، ئیدی باپیری بردیە لای خۆی، بەڵام دوای دوو ساڵان ئەمیش کۆچی دوایی کرد !ئیدی ئەبو تالیبی(أَبِي طَالِب) مامی بردیە ماڵی خۆی ..

## گەشەو نەش و نمای

خوای پەروەردگار خۆی سەرپەرشتی پەروەردگارێتی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردووە، بۆیە ئاوا لەسەر لوتکەی ئەدەب و رەفتاری بەرز سرە وتووە، خوای گەورە هەر لە منداڵییەوە پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ پێغەمبەرێتی سازداوە، بۆیە هەر لە سەرەتای مێردمنداڵییەوە رەوشتی رە سەن و رەفتاری پەسەن بووە پێناسەی ﷴ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەو هەر

لە منداڵیەوە دوور بوو لە هەموو هەڵس و کەوتێکی منداڵانە، دوور بوو لە هەر رەفتارێك کە بۆ مرۆڤی گەورە ببێتە پەڵە، نانی دەستی خۆی دەخوارد، هەر لە دە ساڵیەوە لەسەر کەسابەت راهات، لە تافی جوانی و لاوێتیدا بە مووچەیەکی کەم، بە چەند قیراتێك کە هەر مەسروفی خۆی دەردەهێنا، بووە شوانکارەی مەڕو ماڵاتی خەڵکی مەککە ..تا بە تەمەنتر دەبوو گەورە تر دەبوو !تا گەورەتریش دەبوو بەناوبانگترو بەڕێزتر دەبوو، بۆیە نازناوی راستگۆو دەستپاك(الصَّادِقُ الأَمِين) یان لێ نا ..هەرگیز درۆی لێ نەبیستراوە، قەت کەس بە خیانەتێك، بە غەدرێك، تاوانباری نەکردووە، هەر راسپاردە یەکیان لا دادەنا، بە ساغ و سەلامەتی وەریان دەگرتەوە ..ئەو جارەی کە مامە ئەبوتالیبی)أَبِي طَالِب) لەگەڵ خۆی بۆ بازرگانی بردی بۆ شام، لە ناوچەی(بوسرا) راهیبێکی مەسیحی کە ناوی بەحیرا بوو دیتی، بە مامەکەی ووت :بگەڕێوەو ئەو منداڵە ببەوە ..لە دەست جوولەکان بیپارێزە کوڕە ئەم منداڵە کارێکی زۆر گەورەی پێ دەسپێررێت.

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەشداری هەموو کارێکی خێرو چاکەی قەومەکەی خۆی دەکرد، لەجەنگی(ئەلفوجار) ی نێوان کینانەو قەیسی کوڕی عیلاندا، کە ئەو کاتی تەمەنی پیرۆزی بیست ساڵان بوو. بەشداری کرد، لە پەیماننامەی(الفضول) دا بەشداری کرد، کە پەیماننامەیەك بوو لە ماڵی عبداللهی کوڕی جەدعان. دوای بیست ساڵان شەڕو جەنگی نە

پساوە. مۆر کرا، یەکێك لەبەندەکانی ئەوە بوو کە هەموو تیرەو هۆزەکانی قورەیش لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە نابێت بهێڵن کەس لە مەککەدا مە زڵوم ببێت، چ دانیشتووی مەککە بێت، چ دەرەکی، چ لە ئەهلی مەککەوە زوڵمەکەی لێ کرا بێت، چ لە خەڵکی دەرەوەی مەککەوە بڕیار درا کە هە موو لەگەڵ ستەم لێکراوەکەدا دەبن تا مافی خۆی بۆ وەردەگیرێتەوە.

لە حەیسدا، لە کتێبەکانی سیرەدا هاتووە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای بە پێغەمبەر بوونی دەیفەرموو:(لَقَدْ شَهِدْتُ فِي دَارِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جُدْعَانَ حِلْفًا مَا أُحِبُّ أَنَّ لِيَ بِهِ حُمْرَ النَّعَمِ، وَلَوْ أُدْعَى بِهِ فِي الإِسْلامِ لأَجَبْتُ) واتە :لە ماڵی عبداللهی کوڕی جەدعان ئامادەی پەیمانێك بووم لە هەرچی جۆر ووشتری نایاب هەیە بەلامەوە چێترە، حەزم دەکرد لە ئیسلامیشدا داوام لێ بکرایە تا وەدەنگیەوە بچوومایە

هەروەها لە کتێبەکانی سیرەدا هاتووە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە تەمەنی پیرۆزی سی و پێنج ساڵان بوو بەشداری دروست کردنەوەی کە عبەو دانانەوەی بەردەرەشی کەعبەی کردووە، فەزڵ و حیکمەتی ئەو بوو کە نەیهێشت شەڕو پێکدادان لە نێوان تیرەو هۆزەکانی مەککەدا - بە هۆی دانانەوەی بەردەرەش - دروست ببێت، کە کەعبەیان - دوای لافاوو رمانی - دروست کردەوە، کە گەیشتنەوە ئەو ئاستەی کە دەبێ ئیدی بەردە ڕەش بخەنەوە جێی خۆی، لێیان بووە مشت و مڕو ناکۆکی، کە کێ خاوەنی ئەو فەزڵ و پلەو شەرەفەیە کە بەردە ڕەش تاوداتێ و لە جێی خۆی داینێتەوە،

چونکه هەر یەکەیان دەیووت من موستەحقترم، تا لە کۆتاییدا لەسەر ئە
وە پێك هاتن کە سبەی بێنەوەو رازی بن بە داوەری ئەو کەسەی کە یەکە
مین کەس - لە غەیری خۆیان - دێتە کەعبەوە، ئەو بکەنە حەکەمی
نێوانیان . ئیدی بۆ سبەی قەدەری خوا وابوو کە یەکەمین کەس هاتە کە
عبە پێغەمبەری نازدارمان بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوانیش لێك رەزامە
ندییان لەسەر داوەرییەکەی وی دەربڕی، چونکە هەموو ووتیان :ئەوە
پیاوی ئەمین و سەرڕاست هات !ئەویش فەرمانی دا کە پارچە
پۆشاکێکیان راخست و داوای کرد لە هۆزەکان هەر یەکەو لای خۆیەوە
چمکێکی پۆشاکەکە دەست داتێ، ئینجا ئەمیش بە دەستی پیرۆزی خۆی بە
ردە ڕەشەکەی خستە ناو پۆشاکەکەوەو فەرمووی بڵندی کەن، کە گە
یاندیانە ئاستی جێی خۆی ئەم بەدەستی پیرۆزی خۆی هەڵی گرت و لە جێی
خۆی دایناوەیەوە ..

دەبینین کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە زەمانی پێش پێغەمبەرێتیە
کەیدا لە هەموو بۆنە خێرخوازیەکانی قەومەکەیدا بەشدار دەبوو، لە هە
موو بەشداریەکیدا شارەزاییەکی دی زیاد دەکرد و سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی
رادەکێشا ..ئەمانەش کاریگەری خۆیان دواتر لە بڵاو بوونەوەی بانگەوازە
کەیدا زۆر بوو، مەگەر نابینیت کە دوای پێغەمبەرێتییەکەی صَلَّى اللَّهُ
عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بە خەڵکەکەی فەرموو:(أَرَأَيتُمْ لَو أَخْبَرْتُكُمْ أَنَّ خَيلاً وَرَاءَ

هذا الوادي تُرِيدُ أنْ تَغِيرَ عليكم أكُنْتُمْ مُصَدِّقِي؟ !قالوا :مَا جَرَّبْنَا عليكَ كَذِبًا أبَدًاً) واتە :ئەرێ ئەگەر پێتان بڵێم: ئەوە کۆمەڵێك چەکدارو سوارچاك لەو دیوو ئەو دۆڵەوەن و دەیانەوێت هێرشتان بێننە سەر، بە راستگۆم دەزانن؟ !ووتیان :قەت درۆمان لێ نەبیستوویت.



## ژن هێنانی

که ناوبانگی به راستگۆو دەستپاك دەرچوو، خەڵکی هەموو به رەوشتی ره سەن و رەفتاری پەسەنەوه دەیانناساند، خەدیجەی کچی خوەیلید خوا لێی رازی بێت، که ئافرەتێکی ناسراوو دەوڵەمەندو خاوەن پلەو پایەی ناو هۆزه کەی خۆی بوو، ناردی به شوێنیدا تا بازرگانی به سامانەکەیەوه بکات، ئه ویش رازی بوو، ماوەیەکی کەمی برد، خەدیجه دیتی قازانجی چەندین بەرابه ر بووه، دیتی راسته زۆر دەستپاکه، ژیره، لێزانه، بۆیه حەزی به نزیکی کرد، بۆ ئەمەش کەسانی راسپارد که مەسەلەی خواستنی ئەمی بخەنه پێش چاو، داخوا چ دەڵێت؟ !ئەو زەمانه خەڵکێکی زۆر هەبوون تەمەننای خاتوو خەدیجەیان دەکرد، چونکه له لایەکەوه نەسەب و تیرەو هۆزی به هێزی لەپشت بوو، له لایەکی تریشەوه خۆی وەکو ئافرەتێك خاوەن شەره ف و پلەو پایەو ناوداریی هەبوو، ئەمانه جگه له دەوڵەمەندییەکەی، پێغه مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەسەلەکەی خسته بەر راوێژی مامەکانی و پرسی پێ کردن ئەوانیش رەزامەندی خۆیان دەربڕی، پاشان مامه حەمزەی و مامه ئەبو تالیب و پیاوماقوڵانی تیرەی موزەڕ وەکو وەفدی داخوازی چوونه لای مامی خەدیجەو داخوازییان کرد، ئەبو تالیب له مەجلیسەکه دا هەستاو باسێکی خانەوادەی خۆیان و نەسەبی باوان و جێ و پلەو ره

وشت و رەفتاری شیرینی محمدی کرد ..ئیدی خوازراو مارەییەکەی دراو پاشان گوێزرایەوە..

ئەو کاتی تەمەنی پیرۆزی ئەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیست و پێنج ساڵان بوو خاتوو خەدیجەش چل ساڵان بوو ..بەڵام بۆی بووە باشترین هاودەم و هاودەنگ و هاورازو هاوسەر ..ئیدی بە غیرەت و جوامێری، بە سۆزو خۆشەویستی، بە بیرو ژیری، بە پارەو سامانی خۆی بووە ئەو قەڵایەی پیاوی خاوەن پەیام لە سێبەریدا دەحەوێتەوە ..هەزاران جار بەر رەحمەتی خوای گەورە کەوێت ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ خەدیجەدا وەك دوو هاوسەری نموونەیی مانەوەو خوای گەورەش منداڵی پێ بەخشین(هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خەدیجەن جگە لە ئیبراهیمی کوڕی) هە ر وا پێکەوە مانەوە تا ساڵی دەیەمی پێغەمبەرێتی، کە ئیتر خوای گەورە خە دیجەی بردەوە کەناری رەحمەتی بەرفراوان و چەتری سوکنای رەزامەندی خۆی ..ئەو ساڵەی ئەو کۆچی دوایی کرد، هەر هەمووی بووە خەم و پەژارە ی جودایی بۆ ئەوو بۆ پشتیوانە بە دەسەڵاتە مەعنەویەکەی تری: مامە ئە بو تالیبی، کە ئەویش هەر ئەو ساڵە کۆچی دوایی کرد و موسوڵمانان هەر وا لە سەرەتای رێوە، کەوتنە تاسە و کسپەو سوێوە..

## سەرەتای پێغەمبەرێتیەکەی

پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ که دەیبینی وا قەومەکەی لەو هەموو گومڕاییەدان، عەقیدەیان چەوتە پەرستنیان شیرکە، رەوشتیان زفتەو، رە فتاریان هەر شەراب و قومارەو، ئازایەتییان هەر بۆ جەردەیی و شەڕی هۆزگەرایی و تۆڵەی تیرەپەرستییە، خەمی لێ دەخواردن، لەوە پەژارە دایدە گرت که دەیبینی کۆمەڵگەکەی شیرازە پساوە :بەهێز لاواز هەڵدەلووشێت، دارا شانازی بە سەروەت و سامان و رەچەڵەك و وەچەوە دەکات، و نە داریش کۆیلە دەکرێت! گەورە خۆی بە شان و باهوو نەسەبییەوە با دەدات و لەولاوەش زۆر هۆز لە برساندا رۆڵەکانی خۆیان زیندە بەچاڵ دەکەن !!ئە میان کچی بەڕێزەو ئەویان لەبەر شورەیی و چاوشۆڕی !زیندە بەچاڵی دە کات !دەیبینی ئەمە کۆمەڵگە نییە، زەلکاوە، بۆگەنی ئەم نزمی و خۆپەسە ندی و ستەم و بێ دادیی زۆنگاوە، هەموو سیفەتێکی ماقووڵ و پیاوانەی رە سەنی ژێر ناوە، زۆر بە دیققەت نەبویتایە جوامێری و سەخاوەت و ئازایە تی و سەربەستی پیاوماقوڵانت نەدەدی !!

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ که ئاهی هەڵ دەکێشا تەمەننای شیفای کۆمەڵگەکەی دەکرد، خۆزگەی دەخواست کە خوای گەورە بە لوتفی خۆی لەو بۆگەنییە دەریان بهێنێت ..بۆیە زۆرجار لەم دیمەنە ناقۆڵایانە دوور دەکەوتەوەو تەشریفی دەبردە جێیەکی دوورترو، تا بۆ ماوەیەکیش

بێت خۆی گۆشەگیر بگرێ لەو حاڵ و بارودۆخەی لە ناخیدا تووشی خەفە تی دەکرد، زۆرجار لە خەڵوەتگایەکی کەناردا لەگەڵ بە زەینی دڵی دابین و هەستی کرو بیری قووڵ و دیدی دوورەوە سەرنجی ئاسەواری دەسەڵاتی خوای کردگاری دەدا، دڵی گەورەی هێندەی تر پڕ دەبوو لە باوەڕو قەناعە تی رەها بە دانایی و بە توانایی پەروەردگار، تا رۆژێك کە ئەو لەو سکونەتی ئەشکەوتی حەڕائداو لە دەریای قوڵی سەرنج و کۆڵینەوەی چل ساڵی خۆیدا بوو، جوبرەئیلی لێ پەیدا بوو، فریشتەی پەیامبەری خوای کردگار، هاتە لای و پەیامی بۆ هێناو مژدەی پێغەمبەرێتی پێ دا .

باشترین و راسترین ریوایەتی ئەو رۆژو ساتە، حەدیسەکەی ئیمامی بوخارییە کە لە دایکە عائیشەوە دەیگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: یەکەم دیاردەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینینی خەونی راست بوو، هەر خەونێکی دەدیت وەکو سپێدەی بەیان دەهاتە دی،چۆنی لە خەونەکەدا دیبوو، ئاوا بە حەقیقەتی دەیدییەوە، ئینجا حەزی دەکرد بچێتە ئەشکەوتی حەڕاء کە لە چیایەکی نزیکی مەککەدا بوو، رووەو رووی کەعبە بوو، ئیدی لەوێدا چەندین شەو بۆ خوا پەرستی دەمایەوە زادو خۆراکی ئەو شەوو رۆژانەشی لەگەڵ خۆی دەبرد، کە خۆراکی تەواو دە بوو، دەهاتەوە لای خاتوو خەدیجەی خێزانی و هی تری دەبرد تا ئەو ساتە ی حەقی بۆ هات، واتە وەحی خوایی، ئەوە بوو جوبرەئیل هاتە لای و پێی فە رموو :بخوێنەرەوە، دەیوویست بەم فەرمانەی سەرنجی بۆ دواتر راکێشێت، ئەمیش فەرمووی :من خوێندەوار نیم، ئەوجا جوبرەئیل باوەشی پێدا

کردوو توند بە سینەی خۆیەوەی گوشی و بەرەڵای کردەوە، پێی فەرمووەوە: بخوێنەرەوە، ئەمیش هەر فەرموویەوە :من خوێندەوار نیم، تا سێ جاری ئاوا لێ کرد، ئینجا فەرمووی:(اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ * اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ * عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) العلق/١-٥ واتە بە ناوی ئەو خوایەی خۆتەوە بخوێنەرەوە کە دروستی کردووە، ئەوی کە مرۆڤی لە خوێنپارەیەك دروست کردووە، بە ناوی ئەو خوا بەڕێزەوە بخوێنەرەوە کە پێنووسی فێر کرد، کە ئەو شتانەی فێری مرۆڤ کرد کە نەیدەزانی ..

ئەوجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە دڵە کوتێوە تەشریفی هێنایەوە ماڵێ، تا هاتەوە ژوورەوە بۆ لای خەدیجەو فەرمووی: دامپۆشن، دامپۆشن،(واتە جێم بۆ راخەن تا راکشێم)، خێرا جێیان بۆ راخست و دایان پۆشی، تا هێدی بووەوە، ئینجا هەواڵەکەی بۆ خاتوو خەدیجە گێڕایەوە، ئەویش دڵخۆشی دایەوەو پێی فەرموو :مژدەت لێ بێت، بە خوا قەسەم خوای گەورە پشتت تێ ناکات و ئیهمالت ناکات، تۆ بە دەم خزمانەوە دەچیت، راستگۆیت، کۆڵی هەموانت بەسەر شانەوەیە، یارمەتی لێقەوماوو ئاتاجان دەدەیت، رێزی میوانان دەگریت و هاوکاری هەموو کەسێك دەکەیت کە تووشی کوێرەوەرییەك دەبێت ..پاشان بردی بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەلی ئامۆزای، وەرەقە لە سەردەمی جاهیلییەتدا بوو بوو بە مەسیحی،

دەیزانی ئینجیل بخوێنێتەوە، کابرایەکی پیر بوو، چاوەکانیشی کوێر بوو بوون، کە خاتوو خەدیجە هەواڵەکەی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ وەرەقەی ئامۆزای گێڕایەوە، وەرەقە رووی کردە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ووتی :ئەمە هەر ئەو فریشتەیە کە هاتبوو بۆ لای موسا، خۆزگە زەمانی گەنجێتیم دەبوو، خۆزگە بە زیندووی دەگەیشتمەوە ئەو زەمانەی قەومەکەی خۆت لە شار دەرت دەپەڕێنن !پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی :من دەردەپەڕێنن؟ !ووتی :بەڵێ تۆ، چونکە کەس ئەم پەیامەی فریشتەی بۆ نەهاتووەو قەومەکەی دەریان نەکردبێت، هەر کەس ئەم وە حییەی بۆ بێت قەومەکەی دوژمنداریتی دەکەن لەسەری، خۆزگە تا ئەو زەمانە دەژیام و تا ئەو کاتەی بانگەوازەکەت تەشەنەی دەکرد، جا ئەو کاتە زۆر سەرراستانە پشتم دەگریت .. وەرەقەی کوڕی نەوفەل، دوای سێ ساڵ لەو کاتە کۆچی دوایی کرد و بە موسوڵمانێتی لە مەککە دفن کرا..

## سەرەتای بانگەوازەکەی

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زانی ئیدی ئەوا بۆتە نێرراوی خوای گە ورە، هەر لە یەکەمین دیداری ئەشکەوتەکە، گوێی لێ بوو جوبرەئیل تا تە شریفیشی برد هەر دەیفەرموو :من جوبرەئیلم و تۆش بوویت بە نێرراوی خوا ..ئیدی دواتر سورەتی(المدثر)ی بۆ هاتە خوارەوە کە سەرەتاکەی دەفە رموێ:(يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ * قُمْ فَأَنذِرْ)المدثر/١-٢واتە :ئەی ئەو کەسەی خۆی داپۆشیووە، هەستە ئەو خەڵکە ئاگادار کەوە ..ئیتر تا ماوەی سێ ساڵان بە

نهێنی خەڵکی بۆ دینەکەی بانگهێشت دەکرد، تا خوای گەورە فەرمانی پێدا کە بانگەوازەکەی ئاشکرا کات، پێی فەرمووو:(فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ) الحجر/٩٤ واتە :ئەوی بۆت هاتووە ئاشکرای کەو گوێ مەدە موشریکان ..ئەویش بە ماڵ و کەس و کارە نزیکەکانی خۆی دەستی پێ کردو هەموویانی ئاگادار کردەوە، چونکە خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا پێی فە رمووو:(وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ) الشعراء/٢١٤ واتە :خزمە نزیکەکانی خۆت ئاگادار کەرەوە ..تا دەهات بەرهەڵستکاری زیاتری لە گەورەکانی قورەیشە وە بۆ دروست دەبوو، بە تایبەتی لە مامە ئەبو لەهەبی خۆیەوە !بەڵام کۆمە ڵێك کەس باوەڕیان پێی هێناو بوونە شوێن کەوتووی گیانی بە گیانی، وەکو خەدیجەی خێزانی و ئەبوبەکری سددیق و عەلی کوڕی مامە ئەبو تالیبی کە لە سایەی سەرپەرشتی ئەودا گەورە بوو بوو، هەروەها زەیدی کوڕی حارثە کە خزمەتکاری خۆی بوو، کەسانی تریش..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شانی لە بانگەوازی خوای خۆی قایم کردو، بە هە موو تیرەو هۆزەکانی گەیاند !تا سەرەنجام لە سنووری عەرەبەکانیشی بردە دەرەوەو گەیاندییە نەتەوەو میللەتانی تر ..چونکە پەیامی ئیسلامەتی گشتییەو تا رۆژی دوایی بۆ هەموو خەڵکی سەر زەمینە، لە هەر کات و شوێنێکدا بژین ..بانگەوازی پێغەمبە رانی پێشوو، هی هەر یەکەیان بۆ قەومێکی تایبەت بوو، بەڵام چونکە ئیدی پەیامی دی بە دووی پەیامەکەی محمدی پێغەمبەرو پێشەوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نایات، هەر دەبوو ئەوەی ئەم ببێتە جیهانی و بۆ هەموو مرۆڤی سەر زەمین بێت ..

## موعجیزەی قورئانەکە

موعجیزە :کارێکی نائاساییە خوای گەورە لەسەر دەستی نێرراوانی خۆی ئەنجامی دەدات، کە بە هەموو مرۆڤی تر ئەنجام نادرێت و هەموویان دە ستەوسان لەبەر دەمیدا دەوەستن، ئەمەش پشتگیرییەکی خواییە وەکو ئە وەی بفەرموێ:(ئەو نێرراوەم راست دەکات و پێغەمبەری منەو هەرچی دە یلێت بە رەزامەندی منە .(وەکو موعجیزەکەی حەزرەتی موسا کە دار عاساکەی دەبووە ئەژدیها، یان کە دەستی دەخستە بن باڵی و دەری دە هێنایەوە، بێ ئەوەی هیچی لێ هاتبێت، سپی دەبوو دەدرەوشایەوە، یان وەك موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا کە بە ئیزنی خوا کوێری زگماك و گەرو گولی چاك دەکردەوەو مردووی زیندوو دەکردەوە، وەکو کە خوای گەورە لە سورەتی ال عمران /٩٤ و سورەتی الشعراء /٣١-٣٢ باسی فەرمووە..

لەبەر ئەوەی هەموو موعجیزەیەك کە پێغەمبەران هێناویانە لەو شتانە دا بووە کە ئەو قەومانە پێی بەناوبانگ بوون و تێیدا سەرکەوتوو بوون، دە بوو موعحیزەکەی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر لەو مەیدانەدا بێت کە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە تێیدا سەرکەوتوو بە ناوبانگ بوون، کە بریتی بوو لە رەوانبێژی و زمان پاراوی، بۆیە قورئانەکە بووە موعجیزەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جگە لەو موعجیزانەی تر کە لەسەر دە ستی روویان دەداو لە کاتی خۆیاندا دەبینران .بەڵام چونکە ئیسلام بۆ هە موو مرۆڤایەتی(لە هەموو کات و شوێنێکیاندا) هاتووە، هەر دەبوو

موعجیزەیەکی ژیریانەی واش بخاتە روو کە لە رووی هەموو مرۆڤایەتیداو هەتا هەتایە لە مەیدانی زۆرانبازیدا بێت و بفەرموێت :فەرموو وەرنە مە یدانی رووبەڕوو بوونەوەم، ئەم موعجیزەیەش قورئانەکەیە ..ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوەو دەیفەرموو:(مَا مِنَ الْأَنْبِيَاءِ مِنْ نَبِيٍّ إِلَّا قَدِ أُعْطِيَ مِنَ الْآيَاتِ مَا مِثْلُهُ آمَنَ عَلَيْهِ الْبَشَرُ، وَإِنَّمَا كَانَ الَّذِي أُوتِيتُ وَحْيًا أَوْحَى اللهُ إِلَيَّ، فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَكْثَرَهُمْ تَابِعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ) البخاری ومسلم واتە :هەموو پێغەمبەرێك چەندەها بەڵگەو نیشانە (موعجیزە )ی دراوەتێ، تا ئەوەی خوا حەز بکات لە مرۆڤ باوەڕی پێ بهێنێت ن منیش ئەوەی خوا داویمەتێ، ئەو وەحیەیە کە بۆی ناردووم، ئومێدم هەیە لە رۆژی قیامەتدا شوێن کەوتووم لە هەموویان زیاتر بێت.

## موعجیزەێتی قورئان

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هەموو عەرەب هاتە مەیدانی بەربەرە کانێوەو داوای لە هەموویان کرد کە ئەگەر راست دەکەن و نکوڵی لەوە دە کەن کە ئەم قورئانە لە لایەن خوای گەورەوە هاتووە :فەرموون ئێوەش قورئانێکی وا بهێنن، یان هەندێك سورەتی وا بهێنن، بەڵام هەموو دەسە وسان وەستان و ئەمەش بووە بەڵگەیەکی رۆشن کە ئەو قورئانە لە لایەن خوای گەورەوە بۆ پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووەو هیچ کەسێکیش ناتوانێت وەك ئەو بهێنێت ..هەموو عەرەبە کافرەکانی ئەو سەردەمە لە

رووبەڕوو بوونەوەی ئەم قورئانەدا، مات و مەلوول و بێ دەسەڵات کەوتن!
هەموو دەیانزانی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەخوێندەوارەو
مومکین نییە خۆی قورئانێکی ئاوا رەوانبێژ بۆ بەربەرەکانێی ئەوان بهێنێتە
مەیدان، دەشیانزانی کەسی وای لێوە نزیك نییە فێری شتی وای بکات، فێر
بوونیش کاتی تەواوی دەوێت !بۆیە کە هەر تەسلیمی نەبوون کەوتنە درۆو
دەلەسەو پاڵانتەی بێ سەروبەر دژی:(أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُواْ بِعَشْرِ
سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُواْ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ *
فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أُنزِلِ بِعِلْمِ اللّهِ وَأَن لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَهَلْ
أَنتُم مُّسْلِمُونَ) هود/١٣-١٤ واتە :دەیانووت :ئەمە هەر قسەی هەڵبە
ستراوە، بڵێ :باشە ئێوەش - ئەگەر راست دەکەن - دە سوورەتی وەك ئەو
هەڵبەستراو بهێنن، کێش هەیە بیێتە هاوکارتان - جگە لە خوا - هاواری ببە
نە لاو داوای یارمەتی لێ بکەن . گەر وەدەم بانگەوازەکەتەوە نەهاتن، ئەوە
بزانن کە ئەم قورئانە بە زانیاری خوای گەورە دابەزێنراوەتە خوارێ،
بشزانن کە هیچ خوایەك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای پەروە
ردگار، دەی سا ئێوە موسوڵمانن؟ یان دەفەرموێ:(وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا
نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ) البقرة/٢٣ واتە :ئەگەر ئێوە لەوەی
ئێمە بۆ بەندەکەی خۆمان ناردۆتە خوارەوە، لە گوماندان، دەی سا سورە
تێك وەك ئەو بهێنن ..هەروەها دەفەرموێ:(قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ
عَلَى أَن يَأْتُواْ بِمِثْلِ هَـذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ
ظَهِيرًا) الاسراء/٨٨ واتە :بڵێ :ئەگەر هەر هەموو مرۆڤ و پەریان، بۆ ئەوە

کۆ وەبن کە نموونەیەك وەك ئەم قورئانە بهێننەوە، ناتوانن وەکو ئەو بهێنن، با هەر هەمووشیان پشتیوانی یەکتری بن ..

موعجیزەیێتیەکی قورئان ڕەوانبێژی و داڕشتنەکەیەتی، کە هەر هەموو عەرەبی دەسەوسان خستە کەنار، بێ گومان غەیری عەرەب دەسەوسانتر دەکەونە لاوە ..لایەنێکی تری موعجیزەیێتیەکەی :ووردەکاری ئەحکامەکانێتی، بەرزی و پارسەنگی تەعلیماتەکانێتی، کە هاوشان لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەکانی نەوە بە نەوەی مرۆڤایەتیدا پێ هەڵ دەگرێت، لە هەموو زەمانێکدا و بۆ نەوەی مرۆڤایەتی هەموو ناوچەیەك ئاڕاستەی گونجاوی خۆی دەکات، ئاڕاستەکانی هەموو بوارەکانی ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی دەگرنەوە ..لایەنێکی تری موعجیزەیێتیەکەی ڕاستی ئەو هەواڵانەیە کە دەربارەی نادیار، داویتی، لە زەمانێکدا کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هیچ هۆکارێکی زانستیانەی پێشکەوتووی لەبەر دەستدا نەبووە ئەمانەو دەیان لایەنی تری موعجیزەیێتی :کە لەگەڵ قۆناغەکانی پێشکەوتنی زانستدا زیاتر ئەمانیش دەردەکەون ..بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ:(سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ) فصلت/٥٣ واتە :لە داهاتوودا بەردەوام نیشانەو بەڵگەکانی خۆمانیان نیشان دەدەین چ ئەوانەی لە ئاسۆی گەردووندان چ ئەوانەی لە ناو خۆیاندان، تا بۆیان دەرکەوێت کە خوا هەقە.

قورئان هەتا دنیا دنیایە، هەتا مرۆڤ توانای توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی هە
بێت و تا زیاتری لێ کەشف کەن و لەسەری بنووسن، هەر بە نفت و نوێیی
دەمێنێت و وەکو حەدیس دەفەرموێ :بوارەکانی سەرسوڕهێنانی قەت تە
واو نابن ..



## هەڵوێستی قورەیش لە بانگەوازەکە

لەگەڵ ئەوەشدا کە قورەیش لە بەرهەڵستی قورئانەکەو رووبەڕوو بوونەوەیدا دەسەوسان کەوت، لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵنیا بوون لە راستگۆیی و دەستپاکی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەچی هەر سەرسە ختانەو کەللە رەقانە بەرەنگاری بوونەوە، هەر بەغیلی ئەوەیان پێ دەبرد کە چۆن ئەم هەڵبژاردنە خواییە، ئەم پلەو رێزە بە نرخە چۆن بۆ دەوڵەمە ندو دەسەڵاتدارانی ئەوان نەبوو !خوای گەورە دەربارەی ئەم هەڵوێستە یان دەفەرموێ:(وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا)النمل/١٤ واتە :لە ناخی دڵ و دەروونیاندا قەناعەتیان پێی هەبوو، دەیانزانی پێغەمبە رایەتییەو راستە کەچی - لەبەر زاڵمێتی و لووت بەرزی خۆیان -هەر نکوڵییان سەرزارەکی لێ دەکرد . یان دەفەرموێ:(وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ) الزخرف/٣١ واتە :ئەرێ با ئەم قورئانە بۆ پیاو ماقوڵێکی گەورەی ئەم دووشارە بهاتایەتە خوارەوە .

بەرەنگاربوونەوەکەی قورەیش چەندین شێوازی لە نێوان تەماع بەر نان و هەڕەشەو گوڕەشەدا گرتە بەر، لە لایەکەوە گاڵتە پێ کردن و جنێودان و ئەشکەنجەدانی بێ دەسەڵاتەکان زیادی دەکرد، لە لایەکی تریشەوە تین و فشاری قورەیش لەسەر پێغەمبەری بە ئارام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زیادی دەکرد، موسوڵمانانی دەروبەریشی موستەزعەفانە دەوەستان و نەیاندە

توانی هیچ بکەن !بەڵام خۆگری و دلێری و نەبەزییەکەی پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ بۆ هەموویان دەبووە زادی یەقین و گیانی ووره بەرزی ..تا ئەو زەمانەی هەلی کۆچ کردن بۆ حەبەشە رەخسا، ئەوی کۆچی کرد، کردی و قورەیش هەرچەندی کرد نەیتوانی بیانهێنێتەوە !ئەوانی تر کە مابوونە وە، دەبوو بە دزییەوە لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبول ئەڕقەمی مەخزومی کۆببنەوە، ئینجا کە عومەری کوڕی خەتتاب و حەمزەی مامی پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ موسوڵمان بوون، پارسەنگی هاوکێشەی بانگەوازەکە ی راگرت، ئینجا ساڵانی تووڵانی گەمارۆدان دەستی پێ کرد، پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی سێ ساڵی رەبەق لە شیوو دۆڵەکانی ئەبو تالیبدا گەمارۆ دران، لە ساڵێکیاندا بوو کە پاڵپشتانی پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان خەدیجە خان و ئەبو تالیبی مامی، کۆچی دواییان کرد، ئیتر ئەوەندەی تر ئەشکەنجەو ئازار لەسەر موسوڵمانان زیادی کرد، تا پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ بە هیوای لایەنگر پەیدا کردن بە بانگەوازەکەیەوە رووی کردە طائف، هەروەها ساڵانە لە کاتی حە جی عەرەبەکاندا بۆ مەککە، هەوڵی دەدا دیداریان لەگەڵدا بکات و بۆ بانگەوازی دینەکەی خۆیان بانگ بکات ..ئاوا تا ماوەیەکی دوور هەر بەو ئارامییەی خۆیەوە ئەم بانگەوازەی لەو بارودۆخە قورسەدا هەر بڵاو دە کردەوە، کەسی وا بەدەنگیەوە نەهاتن، لەو ئان و ساتانەیدا بوو، لە ئاخرو ئۆخری رۆژانی پڕ کوێرەوەری مەککەدا بوو، کە ئەوەندەی تر خوای گەورە رێزی لێنا، بەوەی بانگهێشتی کرد بۆ ئاسمانەکان، بۆ میعراج ..تا نیشانەی

گەورەیی خۆی و بەڵگەی پێغەمبەرێتی ترو رێزو پلەو پایەی لای خۆیی نیشاندا تا ئارامی زیاتر شەحن کاتەوەو تین و تەوژمی بداتەوە بەرو لە هیواو ئامانجی دڵنیاتر بێت . لەگەرمەی راپەڕاندنی پلانی ئەم و پیلانی دوژمنانیدا، قورەیش هەوڵی تیرۆر کردنی پێغەمبەریاندا، هەوڵیان دا لە تاریکی شەوو لە گەرمەی خەودا بە دەستیەك لە سوارچاکانی هەموو خێڵ و هۆزەکانیان بیکوژن، بەڵام الحمد لله سەرکەوتوو نەبوون و ئەو ساتە فە رمانی کۆچ کردنی بۆ مەدینە لە خوای گەورەوە بۆ هاتبوو، بۆیە لەگەڵ ئە بو بەکری سددیقی یارو یاوەری گیانی بە گیانییدا کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە وێ کۆمەڵگەی نوێی ئیسلامی پێکهێنا .لەوێ کیانی سیاسی و دەسەڵاتی بۆ دروست بوو، ئیتر هەر دەبوو رووبەڕوو بوونەوەکانی قورەیش بە جۆرێکی تر پەرە بستێنێت، بۆیە غەزاکان دەستی پێ کردو هەشت ساڵیان خایاند تا پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە یارمەتی خوای گەورە بە سە رکەوتوویی نەك هەر هاتەوە شارە خۆشەویستەکەی خۆی مەککە، بەڵکو کردیە مایەی رزگار کردن و دیندار کردنی هەموو نیوە دۆرگەی عەرەب .. ئیدی خەڵکی پۆل بە پۆل موسوڵمان دەبوون و دەهاتنە ریزی ئەهلی ئیسلامەوە، تا ئەو کاتەی ئیتر خوای پەروەردگار پێغەمبەرە خۆشەویستە کەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای حەجی ماڵئاوایی و بیست و سێ ساڵ لە گەیاندنی تەواوی پەیامەکەی خوا، بۆ خزمەت خۆی بردیەوەو کۆچی دوایی پێ کرد، تەمەنی پیرۆزی شەست وسێ ساڵەی پڕ رەنج و جیهادی بەو شێوە

یە کۆتایی پێ هێنا کە لە لاپەڕەکانی مێژوو تۆماری کردووەو ئێمەش ئێستا دەمانەوێت کەمێکی لێ باس بکەین .

## دانوستانی قورەیش و ئەبو تالیب

قورەیش هەرچەندی دەکرد ئەوەی پێ قبووڵ نەدەکرا کە یەکێك لە پیاوانی لێی هەڵگەڕێتەوەو باس لە عەیب و عاری خواکانیان بکات و خۆشیان بە گەلۆرو گەمبۆڵ بناسێنێت !بۆیە هەموو کۆبوونەوەو دەستە یەك لە پیاوماقوڵانیان هەڵبژارد کە بچنە لای ئەبوتالیبی مامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و قسەو باسی دانوستانی لەگەڵدا بکەن، بەو هیوایە ی لەسەر شتێك ڕێکەون !چوونە لای و پێیان ووت :محمدی برازات لەو بانگە وازەی مەنع کە ..ئەویش ناردی بە شوێن پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و داوای لێ کرد ئەو داوایەی قورەیش قبووڵ کات !بەڵام ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە توندی خودی عەقیدەکە خۆی و بە عەزمی پێغەمبەرانە و بە فەرمایشتێکی شیرین وەڵامی مایەوە، پێی فەرمووو:(يَا عَمّ وَاَللّهِ لَوْ وَضَعُوا الشّمْسَ فِي يَمِينِي، وَالْقَمَرَ فِي يَسَارِي عَلَى أَنْ أَتْرُكَ هَذَا الْأَمْرَ حَتّى يُظْهِرَهُ اللّهُ أَوْ أَهْلِكَ فِيهِ مَا تَرَكْته) واتە :مامە گیان، بە خوا قەسەم، گەر خۆرم بۆ داگرن و بیخەنە سەر شانی ڕاستم، مانگیشم بۆ داگرن و بیخەنە سەر شانی چەپم تا واز لەم دینە بهێنم، وازی لێ ناهێنم، تا یان خوای پەروە ردگار سەری دەخات، یان لە ڕێیدا سەرم دادەنێم ..

لەگەڵ ئەم هەڵوێستە رەسەن و عەقائیدیەشدا، قورەیش هەر لە ئەبو تالیب هیوا بڕاو نەبوو، ئەمجارەیان عومارەی کوڕی موغیرەیان - کە قۆزترین لاوی مەککە بوو - لەگەڵ خۆیان هێنایە لای ئەبوتالیب و پێیان ووت :ئەمە عومارەیە، کە جوانترین لاوی قورەیشە، بۆمان هێناویت، بیکە رە کوڕی خۆت و برازاکەتمان بدەرێ، پیاوێك بە پیاوێك ..ئەبو تالیب وەڵامی دانەوە:(هەی نەفرین لە مامەڵەی وا، کوڕەکەی خۆتانم دەدەنێ بۆتان بە خێو کەم و منیش کوڕەکەی خۆمتان بدەمێ بیکوژن !!بە خوا قە سەم ئەمە هەر نابێ..).

ئینجا کە دانوستانەکەی قورەیش سەرکەوتوو نەبوو، هێندەی تر بە خە شم و قیندا چوون، کەوتنەوە وێزەی موسوڵمانان، ئەشکەنجەو ناسۆریان زیاتر کردن، هەر تیرەو هۆزێك سزادانی کوڕە موسوڵمانەکانی خۆی پێ سپێررا !دەبوو هەر تیرەیەك ئەو ئەندامانەی خۆی کە موسوڵمان بوون - بە هەر شێوەیەك بە کاریگەری دەزانێت - وا ئەشکەنجە بدات تا لە ئیسلام ژێوانیان دەکاتەوەو لە پێغەمبەریان دادەبڕن! لەملاشەوە ئەبوبە کری سددیق یەك یەك کۆیلە موسوڵمانەکانی لە خاوەنەکانیان دەکڕییەوە و ئازادی دەکردنەوە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە زۆرتر خرابوونە ژێر ناسۆری ئەشکەنجەوە، وەکو بیلالی کوڕی رەباحی حەبەشی و خەبابی کوڕی ئەرە تت و سوهەیبی رۆمی و عەمماری کوڕی یاسرو خانەوادەکەی ..بە

ناوبانگترین و دڵڕەقترین کەسانێکیش که بەرپرسی مەیدانیی ئەشکەنجە
کەیان بوو ئەبو جەهل (ئەلحەکەمی کوڕی هیشام) و ئەبو لەهەب(عە
بدول عیززا) و وەلیدی کوڕی موغیرەو النضری کوڕی الحارث و عوقبەی
کوڕی ئەبو موعەیط بوون ..

## کۆچ کردن بۆ حەبەشە

کە ئەشکەنجەو ئازاری موسوڵمانان زیادی کرد، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەیدەتوانی پارێزگارییان لێ بکات، ڕێی پێدان کۆچ بکەن بۆ حە بەشە، پێی فەرموون :حەبەشە پاشایەکیان هەیە، کەس زوڵمی لای ئەو لێ ناکرێت، فەرمانیشی پێدان کە هەر لەوێ بمێننەوە تا خوای گەورە دە روویەکی خێریان لێ دەکاتەوە ..بۆیە دوازدە پیاوو چوار ژن بوون چوون، لە وانە عوسمانی کوڕی عەففان و خێزانەکەی کە روقییەی کچی پێغەمبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەروەها زوبەیری کوڕی عەووام و عبدالرحمانی کوڕی عەوف و عوسمانی کوڕی مظعون و عبداللّهی کوڕی مەسعوودو ئە بو سەلەمەی مێردی ئوم سەلەمە ..ئەمە کە کۆچی یەکەمی موسوڵمانان بوو بۆ حەبەشە، لە مانگی ڕەجەبی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرێتیدا بوو.

ئەو کاتەی ئەمان لە حەبەشە بوون، هەواڵیان پێ گەیشت کە خەڵکی مە ککە موسوڵمان بوون و قورەیش وازی لە ئازاردانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان هێناوە !ئەمانیش گەڕانەوە، کەچی کە گەیشتنە وە مەککە دیتییان ئازارو ئەشکەنجەی قورەیش زۆر لەوسا توندتر بووە ! دوژمنایەتی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر لەوسا سەختتر دەکە ن، بۆیە هەندێکیان دیسان بە ناچاری گەڕانەوە بۆ حەبەشەو هەندێکی

تریان کەسانی خزم و ناسیاوی خۆیان دەسکەوت کە داڵدەیان بدات و بە

ئەمانی خۆی بیانباتەوە بۆ مەککە.

زۆری نەبرد ئەوانەی لە حەبەشە گەڕابوونەوە زیاتر کەوتنەوە ژێر ئەشکە نجەو ئیهانەو کوێرەوەیرییەوە، بۆیە دیسان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێدانەوە کە کۆچ بکەنەوە بۆ حەبەشە !ئەمجارەیان هەشتاو سێ پیاوو نۆزدە ژن بوون ..کە لە حەبەشە بوون ئەمجارە بیستیان کە پێغەمبە ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی کردووە بۆ مەدینە، ئیدی سیو سێ پیاوو هە شت ژنیان لە حەبەشەوە یەکسەر کۆچیان کرد بۆ مەدینەو هەندێکیان فریای غەزای بەدر کەوتن ..ئەوانی دی کە هەر لە حەبەشە مانەوە، هەر وا لەوێ بوون تا ساڵی حەوتەمی کۆچی کە خەیبەر ئازاد کرا ئەوانیش گەڕانە وە مەدینە، جەعفەری کوڕی ئەبو تالیبیشیان لەگەڵ بوو.

## قورەیش و کۆچەرەکان

قورەیش کە دەیبیست وا موسوڵمانە راکردووەکانی بەردەستی وا لە حە بەشە لە ئەماندان و حەواوەن، زۆر نارەحەت دەبوون، بۆیە عەمری کوڕی عاس و عەبدالله‌ی کوڕی رەبیعەیان بە دیاری و خەڵاتێکی زۆرەوە نارد بۆ لای نەجاشی، بۆ حەبەشە، دیاری و خەڵاتەکانیان بۆ بەتریك و قەشەی دەوری نەجاشی بوو چوون و داوای گەڕانەوەی موسوڵمانەکانیان کردە وە، بە بەهانەی ئەوە کە بە سەلامەتی و ئەمان دەیانگەڕێننەوە دەست خزمەکانیان، بەڵام نەجاشی نەیدانەوە، پێی ووتن :جارێ با گوێ لە قسە

ی خۆیان بگرم .کە هێنایانن، نەجاشی پرسیاری دینەکەیانی لێ کردن، جەعفەری کوڕی ئەبو تالیبیش بۆی روون کردەوە کە چۆن پێش پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەهلی جاهیلییەت بوون و ئیسلامیان بۆ هاتووەو بەڕاستی رزگاری کردوون، فەرمووی :ئێمە خەڵکێکی جاهیلییەت بووین، بتمان دەپەرست، تۆپیوو مردارەوە بوومان دەخوارد، داوێن پیسی و خراپەکاری پیشەمان بوو، سیلەی روحمان دەپسان و خزمایەتیمان لە بەرچاو نەبوو، بۆ دراوسێ خراپ بووین ..تا خوای گەورە هەر لە نێو خۆمان پێغەمبەرێکی بۆ هەڵبژاردین، رەچەڵەکی باب و باپیرانی دەناسین، راستگۆیی و دەستپاکییەکەیمان لا ئاشکرایە، ئیدی ئەو تەشریفی هێناو ئێمەی بۆ یەکخواپەرستی بانگ کرد، فەرمانی نوێژی پێ کردین، ئێمەش بە راستمان زانی و باوەڕمان پێی هێنا، لەبەر ئەمە زلهێزەکانی قەومەکەمان کە وتنە دەستدرێژی کردنە سەرمان، وویستیان لە دینەکەمان پاشگەزمان بکەنەوە، کە ئازارو ئەشکەنجەیان زیادی کرد لەسەرمان، هەڵاتین بۆ وولاتەکەی جەنابتان و پەنای کەسی تری غەیری جەنابتمان پێ قبووڵ نە بوو، ئومێدیشمان هەر ئەوە بوو کە لای جەنابتان زوڵممان لێ نەکرێت، ئینجا چەند ئایەتێکی سورەتی مەریەمی بۆ خوێندنەوە ..نەجاشی گریا، ووتی: ئەم قسانەو ئەوەی کە عیسا هێنای هەر لە یەك شوێنەوە سەرچاوە یان گرتووە! ئینجا هەموو دیاری و خەڵاتەکانیشی کۆکردەوەو دایەوە بە

دوو نێرراوەکەی قورەیش و پێی ووتن: (بگەڕێنەوە، بە خوا قەسەم هەتا هەتایە تەسلیمتانیان ناکەمەوە)..

## موسوڵمان بوونی حەمزەو عومەر

دوای ئەوەی کۆچەریەکانی حەبەشە مەککەیان جێ هێشت و دەنگ و باسیان بڵاو بۆوە، رۆژێك حەمزەی مامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە راو دەگەڕایەوە، کچێك هەواڵی دایێ کە ئەبو جەهل ئەمڕۆ ئیهانەی برازاکەتی کردووەو ئازاری داوە !ئەویش یەکسەر چوو بۆ ئەبو جەهل، دیتی وا لە ناو تیرەو خزم و کەسەکانی خۆیدایە، یەکسەر هەڵمەتی بردێ و بە کەوانەکەی کە لە شانی داگرتبوو، کێشای بە دەم و چاویدا، دەم و چاوی پڕ کرد لە خوێن، و بەسەریدا هاواری کرد :من چوومەتە سەر دینەکەی و تۆش دەوێریت جنێوی پێ بدەیت، دەی ئەوا من هەر ئەوە دەڵێمەوە کە ئەو دەیفەرموێ، گەر لە تواناتدا هەی لێم دەوە !!ئیدی کە ئەو موسوڵمان بوو، قورەیش هەستی کرد کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پشتی قایم بوو، بۆیە وازیان لە زۆر شێوەی ئیهانە کردنی هێنا ..

دوای ئەو عومەری کوڕی خەتتاب موسوڵمان بوو، ئەویش ئەوە بوو کە رۆژێك خۆی پێچایەوەو وویستی بچێت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکوژێت !رووی کردە ماڵی فاتیمەی خوشکی، لە دەرەوە گوێی لێ بوو قورئانیان دەخوێند !خەبابی کوڕی ئەرەتت رۆژانە دەچوو فێری دەکردن، هەرچەند لە ژوورەوە لێی دان بەڵام کە قورئانەکەیان بۆ هێناو خوێندییە

وە، کەوتە ژێر کاریگەرییەوەو مەبەستەکەی گۆڕی، کە زانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبول ئەرقەمی مەخزومییە لە گەڕەکی سەفا چوو بۆ خزمەتی و، حەمزەش لەوێ بوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگی کرد بۆ ئیسلام، ئەویش وەری گرت و الحمد لله موسوڵمان بوو، ئیتر هەواڵی موسوڵمان بوونی ئەمیش - هەر ئەو رۆژە - بە هەموو مەککەدا بڵاو بووەوە !ئینجا هەموو ئەو موسوڵمانانەی لە ماڵی ئە رقەم کۆبووبوونەوە، هەموو بە کۆمەڵ هاتنە دەرەوەو روویان کردە کە عبە، تا خوا بە ئاشکرا بپەرستن!!

## باسی تابلۆی ئیعلانەکە

کە نەجاشی گێڕانەوەی موسوڵمانە موهاجیرەکانی لای خۆی بۆ مەککە رەفز کرد، سەرانی قورەیش هەموو کۆبوونەوەو پەیماننامەیەکی گرنگیان لە نێو خۆیاندا مۆر کرد کە دەڵێ :نابێت کەس هیچ جۆرە مامەڵەیەك لەگە ڵ بەنی هاشم و بەنی عبدالمطلب و بەنی عەبدومەنافدا بکات، نابێت کە س هیچیان پێ بفرۆشێت و هیچیان لێ بکڕێت، نابێت ژن و ژنخوازییان لە گەڵدا بکرێت، نابێت کەس هاتوچۆیان بکات تا محمد تەسلیم بە قورەیش دە کەن . ئینجا بۆ پیرۆز راگرتن و زیاتر بایەخ پێدانی پەیماننامەکە، تابلۆکە یيان بردو بە کەعبەدا هەڵیان واسی، ئیتر هەموو ئەندامانی ئەو سێ بەرە بابە - جگە لە ئەبو لەهەبی مامی - هەرچەندە هەمووشیان موسوڵمان نە

بوو بوون هەموو - کە پێغەمبەریشیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵدا بوو- چوونە دۆڵەکانی ئەبو تالیبی مامییەوەو لەوێدا ماوەی سێ دانە ساڵی رەبە ق گەمارۆ دران !کە لە کۆتایی سێ ساڵەکەدا موسوڵمانان زۆریان تین بۆ هات، زۆر داماوو برسی و رووت و رەجاڵ کەوتبوون، تەنانەت ئەو کەسە ی بە نزیك دۆڵەکەدا بڕۆیشتایە لە دوورەوە گوێی لە گریان و کڕوزانەوەو لاڵانەوەی زارۆك و ژنەکانیان دەبوو کە لە برساندا دەیاننالاّند!!

ئەم حاڵەتە سەختە هەر وا بەردەوام مایەوە تا ئەو کاتەی کە دەستەیەك لە سەرانی قورەیش و هاوپەیمانانیان کە هەر لە سەرەتاوە گەمارۆدانەکە یان بە دڵ نەبوو، لەوانە زوهەیری کوڕی ئەبو ئومەییەو ئەبول بوختری کوڕی هیشام و موتعەمی کوڕی عەدی بڕیاریاندا بڕۆنە کەعبەو تابلۆکە لێ بکەنەوە، کە چوون دیتیان کرمێکی گچکە هەموو تابلۆکەی خواردووە، تە نها ئەو دێڕەی پێوە ماوە کە دەڵێ:(بِاسْمِكَ اللهُمَّ) واتە خوایە بە ناوی تۆوە ! بەم کارە جوامێرییەی ئەوان گەمارۆکە لەسەر ئەو سێ بەرەبابەو لەسەر موسوڵمانان هەڵگیرا!

## کۆچی دوایی ئەبو تالیب و خەدیجە

دوای شێ بوونەوەی گەمارۆکە بە شەش مانگ ئەبو تالیبی مامی پێغەمبە ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد، سێ ڕۆژ دوای ئەویش خاتوو خە دیجە خانی خێزانی خوا لێی ڕازی بێت کۆچی دوایی کرد، بە مردنی ئەم دوو پاڵپشتە، ناسۆرو کوێرەوەری زۆر هاتە ڕێی موسوڵمانان، ئەو هەموو ئازارو ژانەی دەمێك بوو قورەیش لە دڵیدا پەنگی پێ خواردبۆوەو لەبەر ئەبو تالیب نەیدەتوانی بیخاتە سەر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان، بە مردنی ئەبو تالیب بواری بۆ کرایەوەو وەك ئاگرپڕژێن بە سەر موسوڵماناندا بە تایبەتی بەسەر موستەزعەفەکانیاندا تەقییەوە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی دەیفەرموو کە قورەیش - تا ئەبو تالیبی مامی لە ژیاندا مابوو - نەیتوانی ئازاری پێ بگەیێنێ ..

کۆچی دوایی ئەم دوو پایە پاڵپشتە سێ ساڵ پێش هیجرەت بوو .

## هەڵوێستی قورەیش لە پێغەمبەر

## صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

دوای ئەوەی قورەیش پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ به درۆ خستەوە، هەوڵێكی زۆری دا كۆڵی لە بانگەوازەكەی پێ بدات، بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەشی زۆر پەناو پێچی هەمەجۆری بەرەنگاری گرتە بەر، سەرانی كاریگەری لە كەعبە كۆبوونەوەو وەفدێكیان نارد بۆ خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ قەناعەت پێ كردنی كە واز لە بانگەوازەكەی بهێنێت، بەڵام ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر رەفزی كرد، ئینجا وەفدێكی تریان ناردەوە خزمەتی تا ئەمجارە بە پارە رازی كەن، یان بە پلەو پایەیەك یان ئەگەر دە زانێت نەخۆشە با چارەسەری بكەن !بەڵام ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر لای بەلای ئەمانەدا نەكردەوە ..ئینجا كەوتنە تانەو تەشەر لێدانی ئاشكرای و جنێو پێدانی راستەوخۆی نێو خەڵكی ..ئینجا گاڵتە كردن بەو وەحییەی كە بۆی دێت، بەڵام ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر گوێی نەدانێ وسوور بوو لەسەر بانگەوازی خۆی ..ئینجا ژن و پیاویان كەوتنە پە لاماردان و ئازاردانی جەستەیی، ئوم جەمیلی هاوسەری ئەبو لەهەب بە كۆڵ دڕكەزی دەهێناو دەیخستە سەر رێی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەبولەهەبی مێردیشی جارێك بە تاوێرە بەرد هەوڵی كوشتنی دا، بەڵام سەری نەگرت و خوای گەورە پاراستی ..جارێك كە لە كەعبە بوو، لە ساتی سوجدەدا گەلۆرە رقنەكانی قورەیش چوون ریخۆڵە و پیسایی ووشترێكی

سەربڕاویان هێناو خستیانە سەر شان و ملی پیرۆزی، بۆ ئەوەی کەس هە بێت بوێرێت لەسەری لادا ..جارێکی تریش یەکێك لە سەرە رقنەکانی قورەیش پەلاماری داو عەباکەی وا لە قوڕگی پیرۆزیدا توند کرد کە خەریك بوو بخنکێت ..دەیان جۆر ئازاری جەستەیی تری ئاوا .تەنانەت جاری وا هە بوو ئەو ئازارو ناڕەحەتییانەی بۆی دەهاتە پێش هەر لە دراوسێ نزیکەکانی خۆیەوە بوون، بەڵام ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە هەر بە ئارام و نەفەس درێژ بوو. درك وداڵ و پیسابییەکەی سەر رێی لادەبردو لەوە زیاتری نەدەفەرموو :ئەری ئەی تیرەی بەنو عەبدومەناف ! ئەمە کەی دراوسێیە تییە؟!

## چوونی بۆ طائف

پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەو ئومێدەی هۆزی ثەقیف موسوڵمان ببن، لەگەڵ زەیدی کوڕی حارثە دا تەشریفی برد بۆ تائیف، لەویٚ لەگەڵ کوڕەکانی عەمری کوڕی عومەیردا(عەبدی یالەیل و مەسعوود و حەبیب) دا کە بە حساب پیاو ماقوڵانی ئەوێن کۆبووەوەو بۆ ئیسلامەتی بانگ کردن، بەڵام ئەوان نەك هەر موسوڵمان نەبوون، بەڵكو زۆر بیٚ ئەدەبیش بوون بەرامبەری و زۆر خراپ وەڵامیان دایەوە، هەرچی منداڵ و هەرزەیان هەیە تێیان بەرداو ناکەس بەچەکانی خۆیان بۆ گاڵتەجاڕی خستە دوو، ئینجا بە هەموان بەردەباریان کرد، ئەویش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە جە ستەی پڕ ژان و بە دڵ شکاویەوە تەشریفی هێنایەوە بۆ مەککە ..لەویٚ بوو کە ئەو دوعا بەناوبانگەی کرد کە هەمووی خواناسی و خواوویستی و گیانی ووره بەرزیە، لە ڕێی ئەو تائیفییە کەللە ڕەقانە بوو کە دەستی پیرۆزی بۆ نزا بەرەو خوای گەورە بەرز کردبۆوەو دەیفەرموو:(اللّهُمّ إلَيْك أَشْكُو ضَعْفَ قُوّتِي، وقِلَّةِ حيلَتِي، وهَوَاني عَلَى النَّاسِ .يا أرْحَمُ الرَّاحِمينَ إلى مَنْ تَكِلُني؟ إلى عَدُوٍّ يَتَجَهَّمُني أمْ إلَى قَريبٍ مَلَّكْتَهُ أمْري؟ إنْ لَمْ تَكُنْ سَاخِطَاً عَلَيَّ فَلا أُبَالي، غَيرَ أنَّ عَافيتَكَ أوسَعُ لي .أعُوذُ بِنورِ وَجْهِكَ الكَريمِ الذي أضَاءَتْ لَهُ السَّمَواتُ والأرضُ، وأشْرَقَتْ لَهُ الظلماتُ، وَصَلَحَ عليهِ أمْرُ

الدنيا والآخرةِ، أنْ تَحِلَّ عَلَيَّ غَضَبُكَ، أو تَنْزِلَ عَلَيَّ سَخَطُكَ، وَلَكَ الْعُتْبَى حَتَّى تَرْضَى، ولا حولَ ولا قوةَ إلا بِكَ)[1]

له سەحیحی بوخاری موسلیمدا هاتووه که جیبریل سەلامی خوای لێ بێت فریشتەی بەرپرسی چیای لەگەڵدا بوو که پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگ کرد که ئەگەر دەیەوێت با ئەم ئەو دوو چیایەی دەوری مەککە یان بەسەردا وێك بهێنێتەوە، بەڵام ئەو فەرمووی:(بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللَّهُ مِنْ أَصْلَابِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ وَحْدَهُ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا) واته :نا، من ئومێدی ئەوەم هەیە لە وەچەو رەچەڵەکیان یەکێك هەر پەیدا ببێت خوای گەورە بە یەك بناسێت و بیپەرستێت و شەریکی بۆ بڕیار نەدات.

---

١ واتە: ( ئەی پەروەردگار شکاتی لاوازی و بێ دەسەڵاتی و فێڵ نەزانی و سووکیم لە لای خەڵکان، تەنها لە لای تۆ دەکەم، کە بەبەزەییترینی هەموو خاوەن بەزەییەکانی، تۆ خاوەنی چەوساوەکانی و خاوەنی منی، بۆ لای کێم دەنێریت؟! بۆ لای دوژمنێك کە رووم لێ گرژ دەکات، یان بۆ لای دوژمنێك کە کاری منت خستۆتە ژێر دەستی، ئەگەر جەنابت لە من تووڕە نەبوبیت من هەر باکم نییە، بەڵام سەلامەتی جەنابت چاکترە، پەنا بەو نوورەی رووت دەگرم کە هەرچی تاریکی هەیە لە بەرامبەریدا روناك بۆتەوە، ئەو نوورەی کە کاروباری دنیاو رۆژی دوایی پێ چاکراوە، من خەمی ئەوەمە جەنابت رقت لێم هەستێت، دەنا گلەییت جێی خۆیەتی تا رازی دەبیت، من هیچ جۆرە تواناو هێزێکم نییە ئیللا ئەوە نەبێت کە بە تۆ هەمە). ئەم حەدیسە هەرچەندە سەنەدەکەشی زەعیفە بەڵام بەردەوام سیرەوانان هێناویانەتەوە.(بڕوانە کتێبی ژیانی پێغەمبەری خوا لە قورئان و سوننەتدا/ نوسینی مامۆستا محمد ملا فائق الشهرزوری ب١/١٩٣) ئەو زیاتر لە سەنەدەکەی کۆڵیوەتە بەڵام ئەوەش بزانە کە لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا حەدیسی تر هاتووە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دایکە عائیشەخان لێی پرسی: ئایا ناخۆشترین رۆژت کامە بوو؟ ئاماژەی بەم رووداوەی بەنی سەقیف کرد.. ( و).

ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئارامگریی ئەم پێغەمبەرە دڵسۆزە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر ئەو پشوو درێژی وگەشبینییەی !بۆیە جێی خۆیەتی داعی موسوڵمان وئامۆژگاران ئەمە لەبەر چاو بگرن ..

پاشان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە تەشریفی هێنایەوە مەککە، چووە داڵدەی موتعەمی کوڕی عەدی[١] ئەمەش بە پێی عورفی ئەو سەردەمە وەکو پەناهێندەیی ئەم زەمانە بوو، بۆیە کەس نەیتوانی قسەی پێ بڵێت..

١ لە هەموو زەمانێکدا ئەم داڵدە دانە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پیاو ماقوڵ و دەسەڵاتدارێك ئیعلان دەکات کە فلان کەسی خستە ژێر سەرپەرشتیاری خۆی و وا لە ژێر باڵی ئەودا، ئیدی کەس بۆی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر ئەو فلان کەسە، چونکە هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر ئەو بە دەستدرێژی حسێبە بۆ سەر داڵدەدەرەکە .. لای ئاغای کوردەواریش هەر وا بوو. (و)

## ئیسراو میعراج

لە نێو تەم و مژی ئەم ناسۆرانەدا، لە ژێر تین و تەوژمی ئەم خەم و خە فەتانەدا خوای پەروەردگار ڕێزێکی تایبەتی بە(ئیسراو میعراج) لە پێغەمبە رە نازدارەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نا، تا لەوە دڵنیای کات کە وەك تە کلیفی گەیاندنی دینەکەی لێ کردووە، پشتیشی دەگرێت، تایەقینیی چە ندین ئەوەندەی تر ڕۆچێت و لەسەر بانگەوازەکەی بە عەزم و جەزمترى کات، تا لەسەر تەوحیدەکەی سوورتری کات و فێری کات کە ئەوی ڕێی ڕاست کردنەوەو ئیسلاحی کۆمەڵگا دەگرێتە بەر دەبێت بەجەرگ بێت، پشوو درێژ بێت، هەموو کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێی پێ ئاسان بێت مادام چاوی لە هێنانەدی ئامانجی بڕیووە، دیسان تا بۆ شوێن کەوتووانی ببێتە نموونەی خۆگری و کۆڵنەدان و نەبەزین، تا ئەوە بە کردەوە بسەلمێنێت کە هەر کەس دەیەوێت پەیامی ئەم بانگەوازە لەگەڵ ئەم و لە دوای ئەم هە ڵگرێت ڕاستگۆو ئازاو بێ باکانە هەڵیگرێت ..دیسان بۆ ئەوەی لەو گەشتە ناساییەیدا ئەو پێغەمبەرە ڕاستگۆو پشوودرێژانە ببینێت کە خەڵکی بە درۆی دەخستنەوەو هەر کۆڵیان نەداو سەربەرزانەش گەیشتنە ئامانجی خواوویستییان ..تا ئەمیش دڵی بەو مژدەیە گەش بێتەوە کە خوای گەورە پێی دەفەرموێ :بە کوێرایی چاوی کافرەکانی مەککە و موشریکانی دنیا بانگە

وازی دینەکەت سنووری مەککە دەبڕێت و ئەوەندەت دەسەڵاتە دەبێت کە قورەیش نەتوانێت نە خۆت نە یاوەرانت بچەوسێنێتەوە ..

## ئیسراء:

ئیسرا ووشەیەکی عەربیەو مانای(گەشت بە شەو)ە، مەبەستیش لێرەدا گەشتەکەی پێغەمبەری خۆشەویست بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە شەو لە مزگەوتی حەرام(لە کەعبەی پیرۆزەوە لە مەککە (بۆ مزگەوتی ئەقسا لە شام، ئەمەش ساڵێك یان کەمێك زیاتر پێش کۆچی پیرۆزی بوو بۆ مەدینە خوای گەورە دەفەرموێ:(سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) الاسراء/١ واتە :پاك و بێ خەوشی بۆ ئەو خوایەی کە گەشتی شەوی بە بەندەکەی خۆی لە مزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقسا کرد، ئەو مزگەوتەی کە هەموو دەوروبەریمان بەفەڕو بەرەکەت کردبوو، تا هەندێك لە نیشانەو بەڵگەکانی خۆمانی نیشان دەین، خوای گەورە بیسەرو بینەرە

ناشێت کەس لەبەر ئەوەی ژیری دەرك بە ئەنجامدانی ئیسرا ناکات ئینکاری بکات، لەبەر ئەوەی گەشتێکی ئاوا دوورو درێژی لە مەککەوە بۆ قودس بە تەنها شەوێك، بە شتێکی ئیستیعاب نەکراوو مەحاڵ دەبینێت، ئینکاری بکات، چونکە ئەوی کارەکەی ئەنجامداوەو ڕێسا گەردوونیەکەی بۆ گۆڕیووە خوای گەورەیە کە کردگاری گەردوون و خاوەنی ڕێساکانی بە

ڕێوەبردنێتی .خوای گەورە کە دەسەڵاتی بەسەر هەر هەموو شتێکدا دە شکێت . هەر ئەو ئەم کارەی بۆ پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئە نجامداوە ..

ئیسرا بە گیان و جەستە بوو، نەك هەر بە گیان، واتە لە خەودا نەبووە، بەڵکو بە حەقیقی بە ڕۆح و لاشە ئەنجامدراوە، ئەگەر وانەبوایە کافرەکانی قورەیش ئاوا سەخت ئینکاریان نەدەکرد، گەر بیفەرموایە :من ئەمشەو لە خەونمدا گەشتم بۆ قودس کردو لەوێوە بۆ ئاسمانەکان بەرز کرامەوە، هیچی مایەی ئینکاری تێدا نەدەبوو، چونکە خەون بینین دیاردەیەکە بەسە ر هەموو کەسێکدا دێت و خەڵکیش لە خەونەکانیاندا شتی سەیرو سەمە رە دەبینن، کەسیش ئینکاری خەونی کەسی تر ناکات، بۆیە خوای گەورە دە فەرموێ:(وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤْيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلاَّ فِتْنَةً لِلنَّاسِ)الاسراء/٦٠ واتە ئەو خەونەی کە نیشانماندایت هەر بۆ تاقی کردنەوەی هەڵوێستی خەڵکی بوو[1] ..

حەدیس لە هەردوو سەرچاوەی سەحیحدا هاتووە کە ئیسراکەی بە سواری بۆراق بووە، فریشتەش هاوڕێی پێغەمبەر بوون هەر لە مەککەوە

---

١ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێش ئەو شەوەی کە ئیسرای پێ کرا، خەونێکی بینی، لە خەونیدا دیتی سێ فریشتە هاتوونەتە کەعبە، یەکیان لە هاوڕێکانی پرسی کامیان محمدە؟ یەکیان فەرمووی: ئەوەی ناوەڕاستیانە، ئیتر هاتوون و بردویانە بۆ ئاسمان، ئیتر بۆ سبەی خەونەکەی بە حەقیقەت بینی.. (ابن کثير : تفسير القرآن العظيم/دار المفيد ب٣ لا ٥) . (و ) .

تا مزگەوتی ئەقسای قودس، لەوێ خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی بۆ کۆکردەوەو بە رەزامەندی هەموویان پێش نوێژی بۆ کردن ..کە بۆ سبەینێ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی روداوەکەی بۆ قورەیش گێڕایەوە، لێی پشت پەل کەوتن و ئینکاریان کردو هەواڵەکەیان بە ناو خەڵکیدا تە شەنە پێدا تا ئەوی باوەڕی هێناوە بیخەنە سەر گومان و خەڵکەکەی تریش لە دینەکە دوور خەنەوە، لەو رۆژەدا بوو کە قورەیش چوونە لای ئەبو بە کری سددیق خوا لێی رازی بێت و بە تەوسەوە پێیان ووت :هاوڕێکەت پاڵانتەی ئەوە لێ دەدات کە ئەمشەو چۆتە قودس و لەوێشەوە بۆ ئاسمان، ئەویش فەرمووی :ئەگەر ئەو وای فەرموو بێت، راست دەکات، بۆیە لەو رۆژەوە لەبەر ئەوباوەڕە پتەوەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نازناوی(سددیق :راستگۆوان)ی پێ بەخشی..

**ميعراج:**

میعراج گەشتە ئاسمانیەکەی پێغەمبەری نازدارە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە سەر زەویەوە بۆ ئاسمانەکان تا گەیشتنی بەو شوێنەی کە پێی دەوترێت سیدرەتول مونتەها ..لە حەدیسی سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ئاسمانەکاندا پێغەمبەرەکانی دەبینی و دیداری لەگەڵیاندا دەکردن، هەر لەو شەوەشدا بوو کە پێنج نوێژ -بە پاداشتی پەنجا نوێژ - لەسەر ئوممەتەکەی فەرز کرا..

میعراجیش بە حەدیسی سەحیح سەلمێنراوەو قابیلی ئینکار کردن نییە، ئەوی فەرمانی بەم کارە کردووەو ئەنجامی داوە خوای پەروەردگارە هەر چەندە هەندێك زانا ئەو ئایەتانەی سورەتی النجمیان کردووە بە بەڵگەی سەلماندنی ئەم روداوە، کە خوای گەورە دەفەرموێ:(وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى * عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى * عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى) النجم/١٣-١٥ واتە :جوبرەئیل جارێکی تریش پێغەمبەری لە سیدرەتول مونتەهاوە بینییەوە، لەوێ کە بەهەشتی مەئوای لێیە، لەوێ بەڵگەو نیشانە گەورەکانی خوای خۆی دی .

لە وەرگرتنی باسەکانی ئیسراو میعراجدا، هەر ئەوەندە دەتوانین بە راست بزانین کە بەسەنەدی راستەوە گێڕراونەتەوە، ئەمما ئەوی سەنەدەکەی وا نییە، ناچار نین هەر وەری بگرین ..

## بانگهێشتی هۆزەكان

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەموو ساڵێك - كاتی حەج كردن - دە چووە لای وەفدی حاجیەكان و سەردانی خێوەتگاكانیانی دەكردو قسەی بۆ دەكردن و بانگهێشتی ئیسلامەتی دەكردن، هەروەها بەردەوام دەچووە شوێنی قەرەباڵغی و كۆڕو كۆمەڵەكانیان لە بازاڕی عوكازو مەجنەو زیلمە جازو ئەوانە، بە خەڵكی دەفەرموو:(خەڵكینە، بڵێن لا إِلهَ إلا الله ، ئاسوودە دەبن، بیڵێن با هەموو عەرەبتان بێتە بەردەست) بەڵام قورەیش نەك هەر وەڵامی نەبوو، بەڵكو پێ بە پێ و شوێن بە شوێن بە دوویدا دە ڕۆیشتن و لە هەموو كۆڕو كۆمەڵێكدا بەدرۆیان دەخستەوە و بە خەڵكیان دەووت :گوێی لێ مەگرن، ئەمە لە دینی باب و باپیرانی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە ..چونكە قورەیش ناودارو دەسەڵاتدار بوو، كاریگەری لەسەر خەڵكی زۆر بوو، بۆیە كەسی وا بەدەم بانگەوازەكەی پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەدەهات !بەڵام ئەو سوودەی بوو كە سەرنجی هەموو عەرەبی بۆ بانگەوازەكە را كێشاو باس و خواسی دینی نوێ كەوتە دیوەخانی هەموو تیرەو هۆزەكانەوە..

## بەیعەتی عەقەبە

ئەوس و خەزرەج، کە دوو هۆزی گەورەی عەرەبی مەدینە بوون، زۆر جاریان لە جولەکەکانی دراوسێیانەوە دەبیست کە کاتی ئەوە هاتووە پێغە مبەرێك بێتە دنیاوە، جا ئەوسا جولەکەکان باوەڕی پێ دێنن و بە هاوکاری ئەو بەسەر ئەم ئەوس و خەزرەجەدا زاڵ دەبن !

کە ئەوس و خەرزەج - وەکو عەرەبەکانی تر -چوونە مەککە بۆ حەج بە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشتن، کە بینیان وا خەڵکی بانگهێشت دەکات بۆ ئیسلام، ئەوەیان هاتەوە یاد کە جولەکەکان دە یانووت کە پێغەمبەرێك بەم زووانە دێتە دنیاوە، بۆیە پێیان چاك بوو پێش ئەوان باوەڕی پێ بهێنن، ئەو ساڵە گەڕانەوە بەڵام بیرو هۆشیان هەر لای ئە و پێغەمبەرە نوێیە بوو، تا ساڵی داهاتوو بۆ حەجی ساڵی نوێ هاتنەوە.

ئەمجارە کە هاتنەوە، شەش کەس لە هۆزی خەزرەج بە خزمەت پێغە مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشتن کە دوانیان - ئەسعەدی کوڕی زورارە و جابری کوڕی عبداللە - لە سەردارە ناودارەکانیان بوون و موسوڵمان بوون، کە گەڕاشنەوە مەدینە کەوتنە بڵاو کردنەوەی بانگەوازی دینی نوێ و ماڵ نەما ئیسلامەتی نەگەیێنێ !

بۆ ساڵی دواتر هەر لە هۆزی خەزرەج وەفدێکی تر کە دوازدە پیاوو ئافرە تێك بوون هاتنە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، موسوڵمان بوون و لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی و سامان بەخشین و فەرمان کردن بە چاکەو بەرهەڵستی کردن لە خراپە و تەنازوول نەکردن لە دینەکە و نە ترسان لە لۆمەی لۆمەکاران و سوور بوون لەسەر سەرخستنی ئیسلام و لەخۆ گرتنی خۆی وبانگەوازەکەی - ئەگەر کۆچ کات بۆ لایان - بەیعەتیان بە پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا ..ئەمەش ئەو بەیعەتەیە کە بە بەیعەتی یەکەمی عەقەبە ناسراوە، کە لە ساڵی دووی پێغەمبەرێتیدا بوو ..

بەیعەتدارانی خەزرەج گەڕانەوە بۆ مەدینە، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عەمری کوڕی ئومم و کەلسوم و موسعەبی کوڕی عومەیری لە گە ڵدا ناردن، تا ئەو کەسانەی موسوڵمان دەبن، ئەمان فێری قورئانیان بکە ن و دینەکەیان تێ بگەێنن، خەڵکێکی زۆر لەسەر دەستی ئەم دوو یاوەرە بە ڕێزە موسوڵمان بوون..

پاشان موسعەب تەشریفی هێنایەوە بۆ مەککە، قەدەر وا بوو کە ئەو ساڵە خەڵکانێکی ئێجگار زۆر لە موسوڵمان و کافر هاتبوون بۆ حەج بۆ مە ککە، کە شەوی عەقەبە هاتەوە، پێغەمبەر بە شێوەیەکی پەنهان چاوی کەوت بە وەفدی مەدینە کە حەفتا پیاوو و دوو ئافرەت بوون،(ئافرەتەکان ئوم عومارە نەسیبەی کچی کەعب و ئەسمائی کچی عەمری کوڕی عەدی

بوو)، ئەمانە هەموویان بەیعەتیان لەسەر سەرخستن و پشتگیری پێغە مبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ به پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا، یەکەم کەس کە بەیعەتی دایێ بەرائی کوڕی مەعروور بوو، عەبباسی مامی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بۆ ئەوەی وەکو شاهیدێك بێت لەسە ریان، ئامادەی بەیعەتەکە بوو، ئەمەی بەیعەتی دووەمی عەقەبە، ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوازدە کەسی لێ کردن بە نەقیب(سەرکردە و دەمڕاستیان) کە نۆ کەسیان لە خەزرەج بوون ..

ئەم بەیعەتە گەورەترین و گرنگترین بەیعەت بوو، موشریکانی هێنایە لە رزە، چونکە هەموو سەرانی ئەوانیش کەوتنە بڵاو کردنەوەی جاسوسانی خۆیان تا بزانن ئەهلی بەیعەتەکە کێن، چونکە هەستیان بەوە کرد کە ئە مە هێزو پێزێکی چەندێنی و چۆنێتی داوەتە پێغەمبەرو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دینە نوێکەی، ئەمە سەرەتای پێکەوەنانی هێزو دەسەڵاتە، کە دەبێ قورەیش هەر لە ئێستاوە حسابی بۆ بکات، بە تایبەتی ئەگەر بێت و پێغە مبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچ کات بۆ لایان.

ئا لەم کاتەدا کە قورەیش پلانی بەرەنگاری سەختری بۆ ئەم هێزە بە گە شەو نەشونمایە دادەڕشت، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێی بە کۆمە ڵێك لە موسوڵمانەکان دا کە کۆچ بکەن بۆ مەدینە !ئەوانیش خێرا دەستە دەستەو تاك تاك لە مەککە چوونە دەرەوەو ئەو سەروەت و سامانەی

سووك بوایە لەگەڵ خۆیان دەبردو ئەوی هەڵیش نەدەگیرا بەجێیان دە هێشت، قورەیش کە پێی زانی هەرچی هێزو پلانی هەبوو خستیە کار تا نە هێڵێت ئەم کۆچ کردنە بکرێت، بەڵام هەر ئەوەندەی توانی کە رێ لە موستەزعەف و بێ دەسەڵات و بێ کەسەکان بگرێت !پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مەککە مایەوەو ئەویش خۆی ئامادە دەکردو چاوەڕوانی فەرمانی خوای گەورەی دەکرد کە فەرمانی کۆچ کردنی پێ بفەرموێ..

## پیلانە فاشیلەکەی قورەیش

قورەیش زۆر ترسی لە کۆچ کردنەکەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێ نیشت، چونکە بۆی ئاشکرا بوو کە لایەنگری بەهێزو پشتیوانانێکی زۆری بۆ دروست بوو، بۆیە خێرا هەموو سەرانیان لە داروننەدوە - بۆ راوێژو ئاڵوگۆڕی رایان -کۆبوونەوە، یەکیان دەیووت :با زیندانی کەین و بە زنجیری ئاسن بیبەستینەوە و دەرگای لەسەر داخەین، تا ئەو رۆژەی دەمرێت، یە کی تریان دەیووت :با خۆمان لە شار دەری کەین، یا با لێی گەڕێین خۆی بۆ کوێ دەچێت با بچێت، ئەبو جەهلیش حەکەمی کوڕی هیشام ووتی :با لە هەر تیرەو هۆزێك گەنجێکی بە خۆو پتەو وەرگرین و هەر یەکەیان شمشێرێکی بڕندەیان بدەینێ و کاتێکی دیاری کراویان پێ راسپێرین، تا هە موویان پێکەوە هەڵمەتێك بکەنە سەر محمدو هەر یەکە شمشێرێکی لێدا، ئیدی کە کوژرا خوێنەکەی لە ناو هەموو تیرەو هۆزەکاندا وون دەبێت، ئەو کاتە بەنو مەنافی کەس و کاری چ تیرەیەك تاوانبار کەن؟ !خوێنی دەخەنە

ئەستۆی چ هۆزێك؟ !بەم شێوەیە ناچار دەبن خوێنەکەی وەرگرن نەك تۆڵەی بکەنەوە، ئەوکاتە هەموومان خوێنەکەیان دەدەینێ، دەی لەسەر ئە م رایە با کۆ بین، رێکەوتن و شەوێکیشیان بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکەیان دیاری کرد بەڵام خوای گەورە پێغەمبەری ئازیزی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێ ئاگادار کردەوەو فەرمانی دایێ کە ئەو شەوە لە ماڵی خۆیان نەمێنێتەوە ..لە باسی ئەم پلانەدایە کە خوای گەورە دەفەرموێ:(وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أو يَقْتُلُوكَ أو يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُونَ اللهُ واللهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ) الانفال/٣٠ واتە :کافرەکان کەوتنە پلان دانان دژت، بەوەی کە بە ندت کەن، یان بتکوژن، یان لە شار دەرت کەن، ئەوان پلان دادەنێن، خوای گەورەش پلانەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە، خوا چاکترین بەرهە ڵستکاریانە..

## كۆچی مەدینە

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانیدا بە عەلی كوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت كە ئەو شەوە ئەو لە ماڵەكەیدا بمێنێتەوەو عەباكەی ئەو بدات بە خۆیداو لە جێی ئەو بخەوێت .لەو كاتەدا كە ئەو گەنجە سوارچاكانەی قورەیش دەست لەسەر شمشێر گەمارۆی ماڵەكەیان دابوو، چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی پێغەمبەریان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دە كرد، ئەو هەر لە دەرگای ماڵەكەیەوە تەشریفی هێنایە دەرێ بێ ئەوەی كە سیان ببینن !ئینجا مشتێك خۆڵی هەڵگرت وئەو ئایەتەی بەسەر خۆڵەكە دا خوێند كە دەفەرموێ:(وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ) یس/٩ واتە :لە پێش و پاشیانەوە بەربە ستمان بۆ دانابوون و دامان پۆشیبوون كە نەیاندەبینی ..پاشان خۆڵەكەی كرد بە سەروچاویاندا و بە ساغ و سەلامەتی لە نێوانیانەوە هاتە دەرەوە بێ ئەوەی كەسیان هەستی پێ بكەن، جارجارەش سەیری ژوورەوەیان دەكرد، بەڵام هەر ئەوەندەیان دەبینی كە یەكێك خۆی داپۆشیووەو نوستووە، هە موو جارێكیش هەر وایان دەزانی كە پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..

بۆ بەیانی كابرایەك بە لایاندا تێپەڕی و لێی پرسین كە چاوەڕێی چی دەكە ن؟ ووتیان چاوەڕوانی محمدین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، كابرا ووتی :لە ماڵ نییە و چۆتە دەرەوە !باوەڕیان پێ نەكرد و هەر چاوەڕێ بوون تا عەلی كوڕی ئەبو تالیب هاتە دەرەوەو لێی پرسین كە بۆچی لەوێ وەستاون؟ ئیتر زانیان كە

پلانەکەیان سەری نەگرت، بەڵام لێیان پرسی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کوێیە؟ !فەرمووی :نازانم ..

لە کاتێکدا کە ئاسایی نەبوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی برد بۆ ماڵی ئەبوبەکری سددیق، کە ئاسایی لەو کاتانەدا تەشریفی نەدە برد، هەواڵی دایە سەییدنا ئەبوبەکر کە خوای گەورە ڕێی داوە کۆچ بکات، ئەویش پرسی گەر دەکرێت ئەمیش لە خزمەتیدا هیجرەت کات؟ ئینجا خێرا تفاقی سەفەریان پێچایەوەو لە مەککە دەرچوون، ریوایەتەکان دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر کە لە شار تەشریفی بردە دەرەوە ئاوڕێکی لە مەککە دایەوەو فەرموی:(وَاللّهِ انَّكِ لأَحَبُّ أرضِ اللهِ الى اللهِ، وأحَبُّ أرضِ اللهِ الى نَفسِي، وَلَولا أنَّ قَومَكِ أخْرَجوني مِنكِ ما خَرَجْتُ) واتە :بە خوا قەسەم :تۆ خۆشەویسترین خاکی سەرزەمینی خوای لای خوای گەورە، خۆشەویسترین خاکی خوای لای منیش، ئەگەر خەڵکەکەت دەریان نەکردمایە، جێم نەدە هێشتیت ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەبوبەکری هاوڕێی خوا لێی رازی بێت ڕێگایەکی تریان گرتە بەر غەیری ئەو ڕێگا ناسراوەی کە خەڵکی سەفەریان بۆ مەدینە لێوە دەکرد، هەر وا ڕۆیشتن تا گەیشتە ئەشکەوتی(ثەور) لەوێ سێ ڕۆژ مانەوە، لەو ماوەیەدا - بە پێی نەخشەو پلانێکی دارێژراوی پێشتر - عبداللەی کوڕی ئەبوبەکری سددیق ڕۆژانە هەواڵی قورەیشی بۆ دەهێنان

بۆ ئەشکەوتەکە، عامری کوڕی فەهیرەش کە لەو ناوە مەڕی دەلەوەڕاندا، هەموو جارێك دوابەدوای عبداللە بە مەڕەکانیەوە دەهات و دەگەڕایەوە تا لە لایەکەوە شیریان بۆ بهێنێت بۆ ئەشکەوتەکەو لە لایەکی تریشەوە شوێن پێی عبداللە بسڕێتەوە، ئەویش هەواڵی هەمو مەککەی بۆ دەهێنان ..

سەرانی قورەیش کە بیستیان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەرباز بووە، زۆر رقیان هەستاو زۆر بە جیددی بە دوویاندا کەوتنە دنیا پشکنین .بە هەموو رێگاوبانێکدا بڵاو بوونەوە، شوێن پێ و پشکنینیان هێنانییە بە ردەمی ئەشکەوتەکەی ئەمان، بەڵام هەر کە بیریان دەهاتە سەر ئەوەی کە ئەوان چووبنە ئەو ئەشکەوتەوە، خوای گەورە دەیخستنە سەر رای ئەوە ی کە لەوێدا نین و هۆشی دەخستنە سەر شتێکی تر، لەبەردەمی ئەشکە وتەکەدا کە ئەوان ئەو راوبۆچوونەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەمانیش لە ناوەوە گوێیان لێیان بوو، ئەبو بەکر زۆر خەمی پێغەمبەری بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەترسی لێ نیشتبوو، بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دڵنەوایی دەکردو دەیفەرموو :گومانت بەرامبەر دووك کەس چیە کە خوای گەورە سێیەمیانە؟ !خەمت نەبێ نا، ئێمە خوامان لەگەڵە، خوای گەورەش بۆ هەموو نەوەی موسوڵمانان تا رۆژی دوایی ئەم رووداوەی تۆمار کردووە:(إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُواْ السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) التوبة/٤٠ واتە :ئەگەر ئێوەش نەبنە پشتیوانی و سەری نە

خەن خۆ خوای گەورە ئەوەتا بۆتە پشتیوانی و سەری خستووە، کە ئەو کەسانەی باوەڕیان نەهێنابوو، دەریان کرد، بووە دووەمی ئەو دوانەی لە ئەشکەوتەکەدا بوون، کە بە هاوڕێکەی دەفەرموو :خەمت نەبێ، ئێمە خوامان لەگەڵدایە، ئیدی خوای گەورە هێمنی خۆی پێداداو بە سە ربازانێك لایەنگری بوو کە نەتانبینی، ئینجا ووشە ئەو کەسانەی باوەڕیان نەهێنابوو(دیدو بەرنامەو ڕێبازیانی) خستە ژێرو ووشە(دینەکە)ی خوای کردە باڵادەست ترین، خوای گەورە خاوەن هێزو دەسەڵاتەو دانایە ..

دوای ئەوەی کافرەکان لە پشکنین و گەڕان ماندوو بوون و لەوە بێ ئومێد بوون کە بیدۆزنەوە سرەوتن، کەوتنە دانانی پیلانی تر، ئەمانیش لە ئە شکەوتەکە هاتنە دەرەوەو بەو سوارییەی پێشتر بۆیان ئامادە کرابوو لەگە ڵ عبداللەی کوڕی ئورەیقەتدا کە دەلیلی ڕێگاکەیان بوو، بەرەوە مەدینە کەوتنە ڕێ..

قورەیش کە زانیان ئیتر بە رەنجی خۆیان ناتوانن بیاندۆزنەوە، خەڵاتێکی زۆریان تەرخان کرد بۆ هەر کەسێك بیانگرێت . سوراقەی کوڕی مالیك کە سوارچاك وشارەزای رێ بوو، کە بەمەی زانی ئەسپێکی پتەوو چاکی پەیدا کردوو کەوتە گەڕان، تا دۆزینیەوەو لەو بیابانە لێیان نزیك بۆوە، ئەمانیش کە بینیان، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوعای لێ کرد، بۆیە هەر چوارپەلی ئەسپەکەی بە لمی بیابانەکەدا رۆچوو، هەرچەندی هەوڵ لەگە

ڵ دا دا نەیتوانی دەریبهێنێتەوە !ئەوجا بەناچاری هاواری کردە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەییدنا ئەبوبەکر و دواتر لەگەڵیان ڕێکەوت، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەڵێنی بازنگەکانی کیسرای فارسی پێدا کە دوای گرتنی تەختی ئیپراتۆرێتی کیسرا، بۆ ئەو بێت بەرامبەر ئەوەی کە هەواڵی بینینیان لە قورەیش بشارێتەوە، ئەویش گەڕایەوە[١].

موسوڵمانانی مەدینە هەواڵی کۆچ کردنەکەی پێغەمبەریان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێ گەیشتبوو کە لەگەڵ ئەبوبەکری سددیقدا تەشریفیان بەرەو مەدینە هێناوە، زۆر بە عەزرەتەوە چاوەڕوانی گەیشتنی پێغەمبەریان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرد، شەیدای بینینی بوون، هەموو ڕۆژێك لە بەیانیەوە تا ئەو کاتەی قرچەی گەرما توندتر دەبوو، دەچوونە سەر ڕێگاکانی مە

---

١ سوراقە لەگەڵ ئەوەشدا کە کافر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵاتەکەی قوڕەیش سەد حوشتر بوو کە حەتمەن وەری دەگرت، ئەو بەڵێنە داهاتووە نەزانراوەی لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرگرت کە چەند گەورەو دووریشە، چەند خەیاڵییە، پێغەمبەرێك کە پەنای لە ناو قەوم و کەس وکاری خۆیدا نەماوە داڵدەی بدەن، کەچی وادەیەکی ئاوا خەیاڵی بە کابرایەکی کافر دەدات، ئەم کافرەش باوەڕی پێ دەکات و سەد حوشترەکەی ناو لەپی دەستی دەگۆڕێتەوە بە بازنگی نەدیوو نەناسیووی پاشایەکی دەسەڵاتداری فارس!! ئەمە چەند لای ئێمە سەرسوڕهێنەرە کەچی لای سوراقە سەرسوڕهێنەر نەبوو!! بەڵام سەیری ئەم بەڵێنە بکە: زەمان هات و چوو، دەوڵەتی مەدینە دروست بوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد!! ئەبو بەکری شاهێدی بەڵێنەکەش بوو بە خەلیفەو ئەویش هات و کۆچی دوایی کرد، سوراقەش موسوڵمان بووەو هەر ماوە! عومەری کوڕی خەتتاب بوو بە خەلیفەو ئەو بەڵێنە هەر مابوو! جەنگی فارس توندتر بوو، تا مەدائینی پایتەختی کیسرا گیراو بازنگەکانی کیسرا کەوتە بەردەست و لەگەڵ کەلوپەلی تردا نێررا بۆ خەلیفە لە مەدینە، کە بازنگەکانی کیسرایان بە تایبەت داین، ناردی بە شوێن سوراقەدا، کە هاتە خزمەتی بازنگەکانی داین و فەرمووی: ئەوە بەڵێنەکەی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ڕۆژی هیجرەتەکەی مەدینە پێی دایت!! سوراقە وەری گرت، ئەمدیوو دیوو دەکردو سەیری دەکرد، ئینجا فەرمووی، ئەوا خستمەوە ناو بەیتول مالی موسوڵمانان!! ( و ).

ککە، تا رۆژی دووشەممەی هەشتەمی رەبیعول ئەووەل بەرامبەر ٦٢٢/٩/٢٠ی زایینی گەیشتنە(قیبا) کە لە باشووری مەدینەیە، دەرکەوتن !

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە قیبا سێ رۆژ لە میوانداری بەنو عەمری کوڕی عەوفدا مایەوە، هەر لە قیبا یەکەمین مزگەوتی لەسەر بناغەی تەقواو دینداری ئیسلام دروست کرد ..ئینجا رۆژی هەینی بەرەو مەدینە کەوتە رێ، لە رێگا نوێژەکەی کرد، کە تەشریفی بردە شاری مەدینە بەسەر حوشترەکەیەوە بوو، خەڵکەکە هەر یەکەیان جڵەوی حوشترەکەی بۆ لای خۆی رادەکێشا تا بە میوانداریتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێزدار ببێت، ئەویش پێی دەفەرموون :لێی گەڕێن خۆی فەرمانی پێ کراوە، تا لەو شوێنەدا وەستا کە کرایە مزگەوت و تا ئێستاش هەر بە مزگەوتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناسراوە، بۆ خۆشی تا مزگەوتەکە تەواو بوو، ماڵ لە دەوروبەری دروست کران، لە ماڵی ئەبو ئەییوبی ئەنساری لایدا .

پاشان زەیدی کوڕی حارثەو ئەبو رافیعی نارد بۆ مەککە تا باقی ئەندامانی خێزانەکەی بۆ بهێنن بۆ مەدینە، عبداللەی کوڕی ئەبو بەکری سددیقیش خێزانەکەی خۆیانی بۆ ئیمامی ئەبوبەکری باوکی هێنا، عائیشەشیان لەگەڵدا بوو کە پێش هیجرەتەکە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مارەی کردبوو ..

دەڵێن کە ئەهلی مەدینە هەموو کە هاتبوونە پێشوازی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەم سرووده پێشوازیان لێ کرد[1] :

طَلَعَ الْبَدرُ عَلَينا    مِن ثنيَّاتِ الوَداعْ
وَجَبَ الشُكرُ عَلَينا    مَا دَعى لله داعْ
أَيُها المَبعُوثُ فِينا    جِئْتَ بِالأَمرِ الْمُطاع

[1] ئیمامی ئیبنولقەییم لە (زاد المعاد) دا دەفەرموێ : ئەم سروودەی کاتی گەڕانەوەی لە غەزای تەبووك بۆ ووترا چونکە لە (ثنيات الوداع )ەوە تەشریفی هێنایەوە ناو مەدینە. (و).

## برایەتی کردن

یەکەمین شتێك کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگە تازەکەی خۆی لە مەدینە بیری لێ دەکردەوە ئەوەبوو کە برایەتیەك لە نێوان کۆچکەرەکانی مەککەو ئەنسارەکانی مەدینە(موهاجیران و ئەنسار) دا دروست بکات، موسوڵمانانیش بەم برایەتیە بوونە یەك خێزان و خانە وادەی هاوکارو بەسۆز لەگەڵ یەکتری، بەمەش ئەو تەنگژە چارەسەر بوو کە کۆچ کردنی ئەندامانی نوێ دروستیان دەکرد ..دڵ و دەروونی ئەنسارە کان پڕ بوو لە جوامێری و سەخاوەت و دڵسۆزی، بۆیە زۆر ئاسان و پیاوچاکانە کەوتنە هاوکاری موهاجیرەکان و زوو سامان و ماڵیان لەگەڵدا برابەش کردن، ئەمەش پیاوەتییەك بوو کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزی خۆیدا بۆ هەتا هەتایە بۆی تۆمار کردن کە دەرهەقیان فە رمووی:(وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) الحشر/٩ واتە :ئەو کەسانەی کە ماڵ و ئیمانیان پێش ئەمان سازدابوو، ئەو کەسانەیان خۆش دەویست کە هیجرەتیان بۆ لایان دەکرد، هیچ گرێ و گۆڵێکیان لە دڵ و دەروونیدا بۆ دروست نەدەبوو لەوەی کە برابەشانە دەیاندانێ، هاوکاری ویارمەتیدانی ئەوانیان دەخستە پێش خۆیان و ماڵ و منداڵی

خۆیانەوە گەرچی هەژاری و نەداریشیان بەسەر خۆیان و ماڵ و منداڵیاندا بهێنایە !بەڕاستی ئەو کەسەی لە تین و کێشی بەخیلی دڵی خۆی قوتاری بوویێت سەرکەوتوو و سەرفرازە..

## ڕێکەوتن و پەیماننامەکان

عەرەبەکان و جولەکەکانی مەدینە هەموو کاتێك هەر پێکەوە سازاو تەبا نە بوون، عەرەبەکان خۆشیان لە ناو خۆیاندا زۆر تەبا نەبوون، کە ئەنسارەکانی مەدینە موسوڵمان بوون توخمێکی تری کۆمەڵایەتی هاتە کایەوە کە موسوڵمانان بوون، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم توخمە نوێیەی هەموو لە شێوەی کۆمەڵێکی سەربەیەکدیدا کۆکردبۆوەو هێزێکی بەرچاوی لێ پێك هێنا بوون، تا بتوانێت خۆی بۆ گیانی دوژمنە سەرەکیەکەی یەکەمی کە قورەیشە ئامادە بکات، کە حەتمەن ناهێڵێت ئەمان لە مەدینەش بحەسێنەوە !بۆ ئەم مە بەستەش پەیماننامەیەکی بۆ موهاجیرەکان و ئەنسارەکان نووسی و بە هە ردوولای ڕاگەیاند کە باس لەو مافانە دەکات کە بەسەر یەکیانەوە هەیە، لە ولاوەش پەیماننامەیەکی تری بۆ نێوان جولەکەو موسوڵمانان دارشت تا ئە وانیش هەست بکەن کە دین و دینداریيان ئازادەو خوێن و ماڵ و ناموسیان لە ئەماندایە، هەر کەسێکیان پێی ڕازی بێت، ئەوە ماف و ئەرکی وەکو موسوڵمان وایە، یەکێك لە بڕگەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەرگری کردن بوو لە مەدینە، ئە گەر دوچاری هێرشێکی دەرەکی بۆوە، هەروەها بەشداری خوێن دان و مەسڵەت کردنیش بن ئەگەر خوێن کەوتە نێوانەوە، جڵەوی غەدرو دەست درێژی و خراپەکاریشی تەواو توند کرد..

## دروست کردنی مزگەوتەکەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

که پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی گەیشتە ناو شاری مەدینە، ووشترەکەی هەر رۆی رۆی تا گەیشتە سەر ئەرزەیەکی بەتاڵ کە هی دوو هەتیووی بەنو نەجاری خاڵوانی خۆی بوو، شوێنێك بوو تەخت و لووس کرابوو تا خورمای لێ ووشك بکرێتەوە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو شوێنەی کڕی تا بیکاتە مزگەوت !ئەوجا خۆشی سەلامی خوای لێ بێت بەشدار بوو لە کرێکارێتیەکەی تا موسوڵمانانیش بۆ بەشدار بوون لە دروست کردنیدا هان بدات، ئینجا کە هەموو کەوتنە هەرەوەزی کرێکاری، بەم دێڕەی خوارەوە گەرمی دەکردن :

لَا عَيْشَ إلا عَيْشَ الآخِرَهْ          اللّهُمّ ارْحَمْ الأنْصَارَ وَالْمُهَاجِرَهْ

واتە:

ژین ئەگەر بێت، ژینی رۆژی دواییە   خوا رەحم کەی بە ئەنسارو کۆچەران

ئەم مزگەوتە دوای تەواو بوونی بووە شوێنی خواپەرستی و کۆبوونەوەو کارگێڕی کاروباری کۆمەڵگە. ئیتر هەر کەس دەهات و لە نزیکیەوە خانوویەکی بۆ خۆی دەکرد، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە تا ئەو کاتەی خانووی خۆی تەواو بوو هەر لە ماڵی ئەبو ئەییوبی ئەنساریدا مایەوە..

## ڕۆژمێری کۆچی

کۆچ کردن بۆ مەدینە سنووری نێوان دوو قۆناغ بوو، هێڵێکی نێوان دوو سەردەمی بانگەوازو یاسادانان بوو، هەرچی موسوڵمانانی مەککە هەبوون -جگە لەوانەی پیرو لاواز بوون یان ئەوانەی هێشتا باوەڕەکەیان هێندە قایم نەبوو بوو - هەموو هیجرەتیان بۆ مەدینە کردبوو، ئیتر کاتی ئەوە بوو موسوڵمانان لە مەدینە بکەونە سەر خۆیان و کاروباری خۆیان لە مەنزڵی نوێ و بە گوێرەی تەعلیماتی نوێ ڕێك خەن ..دەنگی بانگەوازی خوایی گە یشتە هەموو ئاسۆ دوورەکانی جیهانی ئەو سەردەمە، لەگەڵ زیادبونی قە وارەو کاریگەرێتی موسوڵماناندا هەر دەبوو لەگەڵ کافراندا چەندین شێوازی کێشمەکێش و دەست لێك کردنەوە روو بدات، تا سەری کێشا بۆ کۆمەڵێك ڕووبەڕوو بوونەوەو غەزای سەخت و گیر کە هەمووی بە سە رکەوتنی موسوڵمانان کۆتایی پێ هات .

لەبەر گرنگی و کاریگەری ئەم کۆچ کردنە بوو کە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت کردیە سەرەتای رۆژمێری ئیسلامی، ئەوی کردە ساڵی یە کەم و هەرچەندە هیجرەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مانگی رە بیعی یەکەمدا بوو بەڵام ئەو مانگی موحەڕەمی کردە یەکەمین دەسپێکی مانگە عەرەبیەکان، چونکە لەو مانگەدا حەج تەواو بووەو خەڵکی گەڕاونە تەوە سەر ماڵ و حاڵ و کاروباری خۆیان.

داستانی کۆچ پڕە لە هەڵوێستی ئازایەتی و پاڵەوانێتی کە هەموو بەڵگەی قایمی دینداریی و سەر ڕاستی موسوڵمانانە، کتێبەکانی سیرە پڕە لە باسی ئەو هەڵوێستانە، ئەمانە ئەوە لە ناخماندا دەڕوێنن کە موسوڵمان چەند شانازی بە دینەکەیەوە دەکات، چەند ئازادی دینداری و پابەندی شەرعی خۆی پێ مەبەستە، چۆن لە پێناوی سەرکەوتنی دینەکەیدا تاڵ و سوێری ژیانی لا بێنرخە، هەروەها ئەوەمان تێ دەگەیێنێت کە چەند زەرورییە ئەم دینە بە بزاڤ و بانگەوازو چەسپاندنی بڵاوبکەینەوە، چەند زەرورییە لە ناوچەیەکەوە بیبەین بۆ ناوچەیەکی تر، تا جیهانێتییەکەی دەسەلمێت، بەم بزاڤی دینە ئەندامی نوێ و موسوڵمانی چاکتر بەرهەم دێت، هەر بەم هیجرەتەشە کە موسوسڵمانان لە جێیەك کۆ دەبنەوەو سیستمی خۆیان کە لەسەر بنەماکانی دادپەروەرییە دەهێننە دی، بە کۆچ کردنە کە هەست بە هەبوون و کیان و کاریگەریی خۆیان دەکەن، بۆیە هیجرەت لەسەر ئەو موسوڵمانانە هەر بە فەرزی دەمێنێتەوە کە لە وواڵتێکدا دەکەونە ژێر تین و تەوژمی کوفرو دەخرێنە ژێر ئەشکەنجەو ژان تا واز لە دینەکەیان بهێنن، یان هەندێك لە ئەحکامی دینەکەیان بخەنە لاوە !بۆیە هیجرەت لەو شوێنانەوە فەرزە بۆ شوێنێکی تر کە ئازادی و سەربەستییەکی تێدا فە راهەم دێت بۆ موسوڵمان تا دینەکەی راگرێت و پێوە پابەند بێت ..

خوای گەورە دەفەرموێ:(إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالْوَاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءتْ مَصِيرًا * إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً * فَأُوْلَئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا * وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللّهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلى اللّهِ وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) النساء /٩٧ - ١٠٠واتە :ئەوانەی کە فریشتەکان گیانیان کێشان - کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد بوو - پێیان ووتن :ئێوە چی بوون؟ چ کارە بوون؟ ووتیان :ئێمە لە سەر زەمیندا موستەزعەف کرا بووین، بێ دەسەڵات مابووینەوە . پێیان دە وترێت :ئەدی ئەو سەر زەمینەی خوا هێندە بەر فراوان نەبوو جێگای ئێوەشی تێدا ببێتەوە . ئەدی بۆچی کۆچتان نەکرد و نەچوونە ناوچەیەکی تر؟ !ئا ئە وانە هەر دۆزەخ جێ پەنایانەو چارەنووسیان زۆر سەختە . مەگەر ئەو پیاوو ژن و منداڵە موستەزعەفانەی پەی بە رێ نابەن و توانای جەستەیی کۆچ کردنەکەیان نەبێت، ئەمانە بە تەئکید خوای گەورە هەنجەتیان لێ وەردە گرێت و دەیانبورێت، چونکە خوای گەورە لێبوردەو بەخشەرە . هەر کەس لەبەر خاتری خوا کۆچ بکات، دەسەڵاتی بەهێزو و رۆزی بەرفراوانی لە سەر زەمینی خوادا دەست دەکەوێت، هەر کەسیش ماڵی خۆی لەبەر خاتری خوا بە مەبەستی کۆچ کردن بەرەو خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جێ هێڵێت ئیدی لە رێ بمرێت، ئەویش بە تەئکید پاداشتەکەی لای خوا مسۆگە ر بووە، چونکە خوای گەورە بەخشەرو بەبەزەییە..

أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا
وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ

## غەزاو سەرییەكان[1]

### شەرعێتی كوشتار :

ئیسلام شەڕ دەبوغزێنێت، ئەویش لەبەر دوو هۆ :

یەكەم لەبەر ئەوەی هەر نەفسی مرۆڤ خۆی حەزی بە كوشتن و كوشتار نییە وەكو خوای گەورە دەفەرموێ:(كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ) البقرة/٢١٦ واتە كوشتارتان لەسەر فەرز كراوە لە كاتێكدا كە بوغزێنراوە، چونكە بە تەبیعەتی حاڵ مرۆڤ حەزی بە سەلامەتی خۆی هەیەو نایەوێت بكەوێتە هیچ كات و شوێنێكەوە كە مەرگی لێوە دەركەوێت.

دووەمیشیان لەبەر ئەوەیە كە زۆر لەگەڵ بانگەوازی خواییدا یەك ناگرێتەوە، چونكە بانگەوازەكە ئەو رەحمەتەیە كە پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویتی، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا

[1] غەزا ئەوەیە كە بە ئەمیرێتی پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو بێت، بەڵام سەرییە ئەو ناردوێتی، سەرییە جاری وا هەیە لەشكرێكەو جاری واش هەیە مەفرەزەیەكە، تووشی جەنگ بوو بن یان نەبوو بن هەر بەو ناوەوە دەناسرێن. (و)

رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) الانبياء/١٠٧ واتە ئێمە بە رەحمەت نەبێت تۆمان نە ناردووە .

بەڵام لەگەڵ ئەم دوو خاڵەشدا ئیسلام ئەحکامی کوشتاری هەر دارِشتووە، ئەویش بۆ بەدیهێنانی دوو مەبەست :

یەکەمیان بۆ پاراستنی گیان وعەقیدەو سەربەخۆیی ومافی موسوڵمانان لە دەستدرێژیی .دووەمیان :تەئمین کردنی رێ و بواری بانگەوازەکە، تا ئاسان بگات بە هەموو خەڵکی، کەوابوو جەنگ زەرورەتێکەو بە قەدەر پێداویستی بارودۆخەکەو کات و شوێنی بانگەوازەکە دیاری دەکرێت، ئەمەش مافێکی شەرعییەو رەوایە بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ:(وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا) الحج/٤٠ واتە ئەگەر خوای گەورە ئەو رێساو یاسایەی بۆ رووبە روو بوونەوەو جەنگی نێوان خەڵکی دانەرِشتایە، ئەو کاتە پە رستگاکان(سۆمەعەو دێروبەیعی مەسیحی وسەڵەواتی جولەکەو مزگەوتی موسوڵمانان) کە ناوی خواو یادی ئەویان تێدا دەکرێت، دەروخێنران و کاول دەبوون .هەموو غەزاو سەریەکانی پێغەمبەری پێشەواو سەرکردەش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستانە بووە، هیچ غەزایەکی یان سەریە ناردنێکی خوانەخواستە بۆ دەستدرێژی کردنە سەر کەس نە بووە .

کە خوای گەورە پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە هێزی خۆی و رەنجی موسوڵمانان سەرخست و لە مەدینە جێگیر بوو، قورەیش وازی لە راوە دوونان و دژایەتی کردنی نەهێناو دەیوویست لە مەدینەش تەنگ بە بانگە وازەکەو بە هەبوونی موسوڵمانان هەڵچنێت !تا ئەو سەردەمەی لە مەککە و، ساڵانی یەکەمی مەدینەشی، خوای کارزان هەر فەرمانی ئارام گرتن و تە حەممول کردنی پێ دەدا و داوای لێ دەکرد بەسەبر بێت و چاوپۆشی لەو رە فتارە دوژمنکاریانەی قورەیش بکات، هەر ئاوا ئاڕاستەی دەکرد:(لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ أَذًى كَثِيرًا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ) ئال عیمران/١٨٦ واتە :حەتمەن بەو سامانەی پێتان دراوەو بە نەفس و گیانی خۆتان تاقی دەکرێنەوە، هەروەها بەوەش کە کە لە ئەهلی کیتابە ئاسمانیە کانی پێش خۆتان و ئەو کەسانەی کە شەریکیان بۆ خوا بڕیار داوە تووشی ئازارو ناسۆرو نارەحەتی زۆر دێن !بەڵام دەبێت بە ئارام بن و سەبر بگرن، چونکە سەبر گرتن و لە خوا ترسان کاری هیممەت بەرزەکانە ..

دواتر کە لە مەدینە ووردە ووردە موسوڵمانان بەهێز بوون و جێ و رێی خۆیان بوو، خوای گەورە رێیدان بەرگریی لە خۆیان بکەن، بەڵام هێشتا جیهادی لەسەر فەرز نەکردبوون، هەر پێی فەرموون:(أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ * الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ

حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ) الحج/٣٩-٤٠ واتە :ئەوانەی بە ناهەق لە ماڵ و منداڵ و شارو جێ و رێی خۆیان دەرپەڕێنران، هەر لەبەر ئەوەی دەیانووت ئێمە خوامان اللهیە، ئەوا خوای گەورە رێیان دەدات بەرگریی لە مەزڵومێتی خۆیان بکەن، خواش لە سەرخستنیاندا بەتوانایە ..

ئینجا کوشتاری ئەو کەسانەی لەسەر فەرز کردن کە دێن بۆ کوشتنیان، نەك ئەوانەی هەقیان بەسەر ئەمانەوە نییە، بۆیە فەرمووی:(وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ) البقرة /١٩٠ واتە :لە پێناوی خواداو دژی ئەو کەسانە بجەنگن کە بۆ کوشتارتان هاتوونە پێشەوە، بەڵام دەستدرێژیی نەکەن، چونکە خوای گەورە دە ستدرێژکارانی خۆش ناوێت ..هەموو کەس لەم ئایەتەدا تێبینی ئەوە دەکات کە فەرمویەتی دەستدرێژیی مەکەن و لە سنور دەرنەچن یەعنی بە گوێرەی پێویستی بارودۆخ و کات و شوێنەکە جەنگەکە بکەن ..ئینجا دوای ئەم کاتانە جیهادەکەی لەسەر هەموان فەرز کرد کە کوشتار لەگەڵ موشریکە کان بکەن با دەست لە ئازاردان و دوژمنکاریی و پاشگەزکردنەوەی موستە زعەفە چەوساوەکان هەڵگرن:(وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً) التوبة/٣٦ واتە :ئێوەش هەموو موشریکەکان بکوژن، وەکو ئەوان هە مووتان دەکوژن، هەروەها(وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ) البقرة/١٩٣ واتە :جەنگیان لەگە ڵدا بکەن با کەس لە دینەکە هەڵنەگێڕنەوەو تا بەرنامەی ژیانەکە دەبێتە

دینەکەو بەس خوا دەپەرسترێت، ئەگەر کۆڵیان دا، ئیدی بە هیچ شێوەیەك دەستدرێژیی نابێت بکرێتە سەر غەیری زاڵم و ستەمکاران ..

کەوابوو قۆناغەکانی جەنگ ئاوا دارێژرا :لە سەرەتادا قەدەغەبوو کەس بەرگریی لە خۆشی بکات، پاشان رێدران بەرگریی لە خۆیان بکەن، ئینجا بەرەنگاریی ئەو کەسانە ببنەوە پێی کە دێنە سەریان و شەڕیان لەگەڵ دەکەن، دوای ئەوانە فەرمانیان پێدرا کە جەنگی هەموو موشریکەکان بکەن، بەم رووبەڕوو بوونەوەی کافران و موسوڵمانانی زەمانی پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەوترێت سەرییەو غەزا.

## سەرییەکان

سەرییە تاکەو کۆیەکەی سەرایایە، بریتی بووە لە کۆمەڵێك یاوەری موجاهید کە ژمارەیان گەیشتۆتە ٣٠٠ جەنگاوەر، پێغەمبەری فەرماندە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵی دەبژاردن و یەکێکی دەکردە ئەمیریان وبۆ چالاکیەکی دەناردن.

ژمارەی ئەو سەریەیانەی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئەملاولای ناردوون زۆرن، هەیانە تەنها بۆ زانینی هەواڵی دوژمن و رێ تاقی کردنەوە (ئیستڵاعی) و ناسینی شوێنی کەمین و رووبەڕوو بوونەوە بووە یان نیشاندانی هێزو دەسەڵات بووە تا دوژمنانیان پێ چاوشکێن بکرێ لەو سە ریانەش کە ناردوونی، بەناوبانگترینیان :

١- سەرییەی حەمزەی كوڕی عەبدول المطلب :كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەوت مانگ دوای هیجرەت بە ئیمارەتی كردنی ٣٠ یاوەر لە موهاجیرەكان ناردی بۆ ناوچەی سەیف البەحر، بۆ رێ گرتن لە كاروانێكی قورەیش كە ئەبو جەهل فەرماندەی بوو، بەڵام كە گەیشتنە یەك و رووبە ڕووی یەكتری بوونەوە مەجدیی كوڕی عەمری الجەهەنی كەوتە نێوانیان و نەیهێشت شەڕ روو بدات .

٢- سەرییەی عوبەیداللهەی كوڕی الحارث :لە مانگی شەووالی دوای هەشت مانگ لە هیجرەت بوو، بە ٨٠ یاوەری جەنگاوەری موهاجیرانەوە ناردنی بۆ ناوچەی بطن رابغ بۆ رێگرتن لە كاروانێكی تری قورەیش، بەڵام قورەیشیە كان كە زانیان هەڵاتن و ناوچەكەیان بەجێ هێشت، بەڵام سەعدی كوڕی ئەبو وەققاس تیرێكی هەر پێوەنان، ئەویش بووە یەكەمین تیر كە لە ئیسلامدا هاوێژرا..

٣- سەرییەی عبداللهەی كوڕی جەحش :ئەمیان لە مانگی رەجەبی ساڵی دووەمی كۆچیدا بوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە كۆمەڵێك جە نگاوەری موهاجیرەوە ناردی بۆ ناوچەی نەخلەی نێوان مەككەو تائیف تا هەواڵی قورەیشی بۆ بهێننەوە، سەرییەكە هەڵمەتیان كردە سەر كاروانێكی قورەیش و عەمری كوڕی عەلائی حەزرەمییان كوشت و دوو دیلیشیان گرت و هاتنەوە مەدینە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر لێی تووڕە بوو، چونكە فەرمانی كوشتاری پێ نەكردبوون و كاتەكەش مانگی حەرام

بوو، لەو مانگانە بوو کە قورەیش بە پیرۆزی دادەناو شەڕی تێدا حەرام دە

کرد[1] !

ئینجا قورەیشیەکان بەهانەیان کەوتە دەست و کردیانە هەراو ووتیان موسوڵمانەکان خوێنیان لە مانگە حەرامەکاندا حەڵاڵ کردووەو ڕێزی تە علیماتی خواییان نەگرتووە !بەڵام وەحی خوای گەورە زوو کۆتایی بەو جە دەلە هێناو خوای گەورە لایەنگریی ڕەفتارەکەی عبداللهی کرد، بەوەی کە فەرمووی:(يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ) البقرة/٢١٧ واتە :پرسیارت دەربارەی جەنگ لە مانگە حەرامەکاندا لێ دەکەن، بڵێ :بەڵێ کوشتار لەو مانگانەدا هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام خۆ لەو گەورەتر بەرهەڵستی ڕێبازی خواو باوەڕ پێ نە هێنانی و ڕێگرتنی مزگەوتەکەی ماڵی خوا(کەعبە (و دەرپەڕاندنی ئەهلی ئیسلام و دیندارانی ئەو مزگەوتەو دەربەدەر کردنی خەڵکی، لای خوای گە ورە لەوە گەورەترە، پاشگەز کردنەوەی خەڵکی لە دینەکە لە کوشتن خەتە ر ترە ..

---

١ بریتی بوون لە ( ذو القعدةو ذو الحجة و محرم و رجب).

**غەزاكان** :غەزا وەکو ووتمان فەرماندە کردنی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ لەشکرێکی ئیسلامی بۆ کوشتاری موشریکان، بەڵام جاری وا هە بووە خۆی ئامادەی فەرماندەێتیەکە کردووە بەڵام دواتر مەسێکی تری کردووە بە ئەمیری لەشکرەکەو ڕەوانەی کردوون، وەکو لە موئتەو زات السلاسل دا روویدا ..غەزاکان زۆرن بەڵام بەناوبانگەکانیان :غەزای گەورە ی بەدرو ئوحود و خەندەق و ئەحزاب و فەتحی مەککەو حونەین و تە بووکە یان ذات الرقاع و بنی المصطلق و خەیبەرە ..

## غەزای مەزنی بەدر

لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچیدا ڕوویدا، ئەوەبوو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ سێ سەدو سێزدە یاوەری موهاجیریی مەککەدا لە مەدینە چوونە دەرەوە بەو هیوایەی ئەو کاروانەی قورەیش بگرن کە لە شامەوە دەهاتەوە، چونکە کاروانێکی بازرگانی گەورە بوو، زۆرینەی خەڵکی مەککە پشکیان تێیدا هەبوو، مەبەستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە وەدا ئەوە بوو کە کەلوپەلی کاروانەکەیان دەسکەوێت تا ببێتە قەرەبوو(تە عویز) ی بەشێك لەو خانوو ماڵ و زەوی و زارو دوکان و ماڵاتەی کافرانی قورەیش بە موسوڵمانانی مەککەیان بە جێ هێشتبوو، واش تەشریفی برد کە بە تەمای ڕووبەڕوو بوونەوەو جەنگ نەبوو، بۆیە تفاقی جەنگی لەگەڵ خۆی و یاوەرانیدا نەبردبوو ..

لەولاوە کە ئەبو سوفیانی پێشەوای کاروانەکەی قورەیش زانی کە پێغە مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتۆتە سەر ڕێگای، خێرا کەسێکی ناردەوە بۆ مەککە تا هەواڵەکە بە قورەیش بگەێنێت، و فریا کەون پێش ئەوەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی دەست بەسەر کاروانەکەتاندا بگرێت، قوتاری کەن !ئەوانیش هەر خێرا زیاتر لە هەزار کەسیان بۆ شەڕ کۆکردە وەو بە هەموو تفاقێکی شەڕەوە بەرەو ناوچەی کاروانەکە بە ئەسپ و ووشترێکی زۆرەوە بەڕێ کەوتن!

کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەواڵی هاتنی لەشکری عەرەمرەمی قورەیشی پێ گەیشت و زانی بۆ شەڕ دێن، سەرانی موهاجیران و ئەنساری کۆ کردەوەو راوێژی پێ کردن، بە تایبەتی رای ئەنسارەکانی مەدینەی پێ مە بەست بوو، چونکە کاتی خۆی بەیعەتی ئەوەی لێ وەرگرتبوون کە ئەگەر تە شریفی هێنایە لایان بۆ مەدینە لەوێ وەکو ماڵ و منداڵی خۆیان بیپارێزن، خەمی ئەوەی بوو ئەوان وای لێك دەنەوە کە ئەوان بە پێی بەیعەتەکەیان تەنها لەناو شاری مەدینەدا دەیپارێزن ..

میقدادی کوڕی ئەسوەد لە یاوەرە موهاجیرەکان هەستاو فەرمووی:(ئەی پێغەمبەری خوا بەرەو ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێداویت تەشریف ببە، بە خوا قەسەم ئێمە وەکو بەنو ئیسرائیلیەکان بە موسایان ووت:(فَاذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ) المائدة/٢٤ واتە بڕۆ تۆ خۆت و خواکەت بجەنگێ، وا ئێمە لێرە دانیشتووین!ئێمە وا ناڵێین، ئێمە دەڵێین :بڕۆ خۆت و خواکەت بجەنگێ و ئێمەش لەخزمەتتاندا دەجەنگین.. ئینجا سەعدی کوڕی مەعازیش لە ئەنسارەکان هەستاو فەرمووی :بە خوا قەسەم ئەی پێغەمبەری خوا بە دەریادا بدەیت هەموومان بێ دواکەوتنی یەك کەسمان بە دەریادا دەدەین، بە خوا پێمان خۆش نیە رووبەڕوو بوونەوەی دوژمن بخەیتە سبەینێ، دەشمانبینیت لە جەنگدا بە سەبرین و لە رووبەڕوو بوونەوەشدا راستگۆین، خوای گەورەش لە ئێمەدا هەڵوێستی وات نیشان دەدا کە چاوتی پێ روون بێتەوەو دڵی پێ خۆش کەیت ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر بەم قسانەی هەردوولایان گەش بۆوە، چونکە وورە بەرزییەکی تێدا بوو کە هەڵوێستەکە دەیخواست، بۆیە دەسبەجێ پێی فەرمووی:(سَيْرُوا وأبْشِرُوا فَواللهِ لَكَأنّي أنْظُرَ إلى مَصارعِ القومِ) بڕۆن بێ خەم بن و مژدەتان لێ بێ بە خوا قەسەم منیش شوێنی گیان کێشانیان دەبینم ..

سوپای هەردولا لێك نزیك دەبوونەوە، سوپای موسوڵمانان گەیشتنە کانیاوەکانی بەدر، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە رای مونزیری کوڕی حوباب شوێنێکی هەڵبژارد، کە ببێتە مەیدانی رووبەڕوو بوونەوەکەو کەوتە هاندانی مسوڵمانان بۆ غەزا، سوپای قورەیشیش گەیشتن، سەرەتا زۆرانبارزیی پاڵەوانانی هەردوولا دەستی پێ کرد، پاڵەوانەکانی ئیسلام سە رکەوتوو بوون و بەرامبەرەکانیان کوشت، ئینجا جەنگاوەرانی هەردوولا تێکچڕژان !پێغەمبەری پێشەواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوەو بەردەوام دوعای دەکردو لە خوای گەورە دەپاڕایەوە کە ئە و کۆمەڵە موسوڵمانەی بپارێزێت ..خوای گەورە مەددەدی خۆی نارد، فریشتەی جەنگاوەرانی خۆی بۆ ناردنە ناو شەڕەکەوە ..شەڕ دەوامی کێشا بەڵام سەرەنجامەکەی ئەوە بوو موسوڵمانان سەرکەوتن، بڕێکی زۆریان لە سەرانی کوفر کوشت، ئەوەش هەمووی فەزڵی خوای گەورە بوو، وەك لە سورەتی ئەنفالدا دەفەرموێ:(وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـكِنَّ اللّهَ رَمَى)

الانفال/١٧ کە تۆ تیرت هاوێشت، تۆ نەتهاوێشت، خوا بوو کە هاویشتی ..
یان کە لە سورەتی ئالی عیمراندا دەفەرموێ:(قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ وَاللّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَن يَشَاء إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لَّأُوْلِي الأَبْصَارِ) ال عمران/١٣ واتە : بە تەئكید لەو دوو دەستەیەی(لە بەدردا) رووەو رووی یەکتر وەستانەوە پەندو دەرسێکی زۆری بۆتان تێدایە، دەستەیەکیان لە پێناوی خوادا دەجەنگن و دەستەکەی تریشیان کافر بوون، موسوڵمانەکان لەبەرچاوی کافرەکان بوو بوونە دوو ئەوەندەی تر، خوای گەورە بە سەرکەوتنی خۆی لایەنگیری ئەو کەسانە دەکات کە خۆی دەیەوێ، ئەمەش پەندو دەرسە بۆ هەر کەسێك کە خاوەن ژیرییە ..

حەفتا کەس لە موشریکەکان کوژراو حەفتای تریش بە دیل گیران، پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ راوێژی دەربارەی ئەو دیلانە بە یاوەرانی کرد، عومەری کوڕی خەتتاب فەرمووی با بیانکوژین، ئەبوبەکر فەرمووی با فیدیەیان لێ وەرگرین و ئازادیان کەین، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە رای ئەبوبەکری کردو هەر کەسێکیان فیدیەیان بۆ دا ئازادی کردن و ئەوی کە کەسی نەبوو فیدیەی بۆ بدات یان خۆی دەسکورت بوو، بێ بەرامبەر ئەوانیشی ئازاد کرد .هەندێکیشیان کە خوێندەواربوون، فێر کردنی چەند منداڵێکی موسوڵمانانی بۆ ئازاد کردنیان کردە مەرج، سورەتی ئەنفالیش لەسەر ئەم غەزایە هاتۆتە خوارەوە ..

ئەوی زۆر دیاردەیەکی گرنگی ئەم غەزایەیە ئەوەی کە باوەڕی ئەو یاوەرانە چەند بەهێز بووە، چەند سوور بوون لەسەر شەهیدبوون لە پێناوی خوای گەورەدا، دیسان ئەوەی کە جێی سەرنجە کە یارمەتی خوای گەورە چەند زوو دێتە خوارێ بۆ ئەو کەسانەی دینداریی راست و راستگۆوخواوویستن، ئەمانە جگە لە رێسای شوراو راوێژکاری ئیسلامی، کە دەبینین چۆن پێغەمبەری مەعسووم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ راوێژ بە یاوەرانی خۆی دەکات و بە قسەشیان دەکات، هەروەها رێزگرتنی لە دیلی جەنگیی و سوور بوونی لەسەر خوێنەواریی..

غەزای بەدر بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەرز بوونەوەی وورەی موسوڵمانان و قەناعەت کردنی تەواو بە راستی رێگاکەیان و بە پشتیوانی خوای پەروەردگاریان..

## غەزای ئوحود

دوای ئەوەی کە موشریکانی قورەیش لە بەدردا بەزین و کوژراوێکی زۆرو زیانێکی مەعنەویی زۆرتریان لێ کەوت، دوای ئەوەی کەڵەپیاوی یەکی یەکیان فەوتا، بڕیاریان دا خۆ ئامادەکەن بۆ تۆڵە سەندنەوەیەکی بەژان ! بۆیە لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا سوپایەکی سێ هەزار جەنگاوەریان ئامادە کردو بە ژن و منداڵەوە کەوتنەوە رێ، ژن و منداڵ بردن بۆ شەڕی گەورەو چارەنووسساز، لای عەرەبەکان عادەت بوو، ئەمانیش هەموویان ژن و منداڵیان لەگەڵ خۆ برد تا زیاتر غیرەت بیانگرێت و بەرگرییان لێ بکەن و شەرم بکەن لەبەرچاویان نەبەزن و ئەوانیش ئەمان هاندەن، ئاوا کەوتنە لەشکرکێشی تا گەیشتنە چیای ئوحودی نزیك شاری مەدینە!

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ راوێژی بە یاوەرانی کرد کە بۆ رووبەڕوو بوونەوەیان بچێتە دەرەوەی مەدینە چاکترە یان هەر لە مەدینە بمێنێتەوەو ئەوان بێنە سەریان بۆ ناو مەدینە؟ !چونکە ئەو کاتە کوشتنیان لە کۆڵان و سەربانەکانەوە ئاسانتر دەبێت و ژن و منداڵی موسوڵمانەکانیش دەتوانن چالاکانە بەشداری شەڕەکە بکەن، بەڵام رای گەنجەکان و ئەوانەی بە شداریی غەزای بەدریان نەکردبوو ئەوە بوو کە بۆیان بچنە دەرەوە ..پێغە مبەری پێشەواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەرچەندە رای وابوو لە شاردا رووبەڕوویان ببێتەوە بەڵام رای گەنجەکانی هەڵبژاردو لەگەڵ نزیکەی حە وت سەد کەسدا تەشریفی بردە دەرەوەی مەدینە، چونکە دووڕووەکان کە

وادەیان پێدابوو کە لەسەری دەکەنەوە، خۆیان دزیەوەو نەچوون ..لەوێ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سوپاکەی خۆی ڕێکخست، مەفرەزەیەکی لەسەر لوتکەی چیاکە داناو فەرمووی ئێوە پشتیوانیمان لێ بکەن و ئاگادار بن نەبادا قورەیش لە پشتەوە بۆمان بێتەوە !پێشی فەرموون لە هیچ حاڵەتێکی سەرکەوتن و بەزیندا جێی خۆیان چۆڵ نەکەن!

شەڕ قەوماو قورەیش شکا، ژن کەوتنە هاوارو زریکەو لاواننەوە ! موسوڵمانان نیشتنە سەریان هەندێکیان کەوتنە کۆکردنەوەی کەلوپەل و دەسکەوتی شەڕ، مەفرەزەی سەرچیاش کە دیتیان قورەیش بەزی، هەر چەند عبداللهی کوڕی جوبەیری ئەمیرییان هاواری لێ کردن و فەرمانەکەی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خستەوە یادیان بەڵام هەندێکیان شوێنی خۆیان هەر بە جێ هێشت و رایان کردە خوارەوەو و کەوتنە شت کۆکردنە وە !لەو لاشەوە کە خالیدی کوڕی وەلید کە هێشتا لەبەرەی کافرەکان بوو، بینی وا هەندێکیان سەر چیاکەیان چۆڵ کرد لە پشتەوە هێرشێکی ناکاوی کردەوە سەریان و سەری لە موسوڵمانان شێواندو شڵەژاندنی، سەرکە وتنی لێ کردن بە بەزین، خۆشیی لێ کردن بە شین، چونکە هەم خۆی زۆری لە پشتەوە لێ کوشتن و هەم قورەیشیە هەڵاتووەکانیشی ئازا کردەوەو کە بگەڕێنەوە سەر موسوڵمانان !ئیتر نەخشەکە تێکچوو !بە تایبەتی کە پاڵە وانێکی وەکو حەمزەی مامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە دەستی

کۆیلەیەکی وەکو وەحشی کوڕی حەرب کوژرا(بەڵێنیان پێدابوو کە ئەگەر حەمزە بکوژێت، لە کۆیلەیی ئازادی دەکەن) ئەویش نەك هەر کوشتی بە ڵکو جەرگ و دڵیشی دەرهێنا !!ئەم رەفتارەش پێغەمبەری خۆشەویستی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر خەمبار کرد .. پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ روومەتی پیرۆزی بریندابوو، دانێکی شەهید بوو ..شەڕەکە بە شکستی موسوڵمانان تەواو بوو، دواى ئەوەی لە بەرژەوەندییان بوو .. سورەتی ئالی عیمران بە چەند ئایەتێکی خۆی، رووداوەکەمان بە حاڵەتە دە رونیەکانیەوە بۆ باس دەکات، وەك دەفەرمویٚ:(إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ * وَلِيُمَحِّصَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ) ال عمران/١٤٠-١٤١ واتە :ئەگەر ناسۆرو ژان و سویٚ(لە ئوحوددا) چۆتە دڵتانەوە، ئەوە بزانن کە خەڵکی تریش(وەکو قورەیش) ناسۆرو سوێی واش چۆتە دڵیانەوە(لە بەدردا) ئیتر ئەمە رۆژگارە و ئێمە خۆمان لای ئەم و ئەو دەستاو دەستی پێ دەکەین، تا ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە واقیع بینتر بن، خوای گەورەش خۆی شاهیدو شەهیدتان لێ هەڵدەبژێرێت،، خوای گەورە ستەمکارانی خۆش ناویٚت .ئەمە تاقی کردنە وەی خوایە تا ئەو کەسانە پاڵفتە کات کە باوەڕیان هێناوەو ئەوانەش کە کافرن نابووت و رسوایان بکات ..

یان ئەو ئایەتەی لە ئاڕاستەی پەروەردەییاندا دەفەرمویٚ:(وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَعَصَيْتُم

مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ) ال عمران/١٥٢ واتە :هۆ موسوڵمانینە، خوای گەورە بەڵێنی خۆی سەر ڕاستانە لەگەڵتاندا بردە سەر(لەسەرەتای ئوحوددا کە ئێوە بە فەرمانی پێغەمبەرەکەیەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پابەند بن، ئەویش سەرتان خات) ئەوەبوو ئێوە دوژمنانی خۆتان بەگیر هێناو شکاندتانن، بەڵام کە پابە ندیتان نەماو گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەمان و بەزین و کەوتنە ناکۆکی نێو خۆتان، هەندێك هەڵوێستی نیشاندان کە کە پێتان ناخۆش بوو، ئێوە هەتانە دنیای دەوێت و هەشتانە قیامەتی دەوێت، ئەوە خوا بوو کە دەستانی لە زاڵ بوونتان بەسەریاندا گرتوە، تا تاقیتان کاتەوە، تا فێرتان کات، بەڵام خوای گەورە هەر بورا لێشتان، چونکە ئەو بەسەر موسوڵمانانەوە هەر خاوەن فەزڵە .

ئەم غەزایە گرنگ بوو بۆ جوێ کردنەوەی دینداریی و هەڵوێستی ئیماندارانەی موسوڵمانان لە هەڵوێستی بەزیووی دووڕووەکان، کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ عبداللەی کوڕی ئوبەیی پێشەوایاندا لە غەزاکە کشانەوە و کۆڵیان دا ..دیسان بۆ سەلماندنی رادەی زۆری خۆشەویستی موسوڵمانان بۆ پێغەمبەری پێشەوایانی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لەوەدا دەرکەوت کە هەندێکیان خۆیان کردبوو بە دیواری بەشەریی بە دەورەی جەستەی

پیرۆزی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، یان رۆڵی ئافرەتانی موسوڵمان کە بە واقیعی بەشداریی ئەو شەڕە سەختەیان بە شمشێر وەشاندن کرد ! دیسان ئەوەش بۆ موسوڵمانانی نەوە بە نەوە روون بووەوە کە یەکێك لە هۆکاری سەرەکی بەزین گوێڕایەڵی نەکردنی فەرماندەو جێبەجێ نەکردنی نەخشەی کێشراوی شەڕە، کە دوژمنان ئاسان دەتوانن بیکەنە ئەو دەلاقەی لێیەوە دزە دەکەنە ناو ریزی موسوڵمانانەوە، وەك خوای گەورە ئاماژەی پێ کردووە:(أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ) ال عمران/١٦٥ واتە :ئەوە بۆچی کە ئەو موسیبەتە)شکستی ئوحود) تان بەسەردا هات، کە پێشتریش کێشەی ترتان هاتبووە رێ، هاوارتان لێ هەستا:(ئەمە چۆن بوو، بۆچی وا روویدا؟ (!پێیان بڵێ :ئەوە هەر لە خۆتانەوەیە!!

## غەزای خەندەق(ئەحزاب)

غەزای خەندەق(ئەحزاب) لە مانگی شەووالی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا روویدا، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە کافرەکان لەوە دڵنیا بوون ئیتر ئەگەری ئە وە نەماوە هەر تیرەو هۆزێك بە جیا بۆ خۆی بکەوێتە دژایەتی ئیسلام و ئومێدی هەبێت بەسەریدا زاڵ بێت، بۆیە هاتنە سەر ئەوەی کە سەر بە سەری یەکەوە نێن و هەموویان بەرەیەکی دژ دروست بکەن، سەرۆکەکانی جولەکەکانیش بەشداری فیتەکە بوون و زیاتر تیرەو هۆزەکانیان بۆ ئەو بە رە پێکەوەنانە هان دەدا، حیبرەکانی جولەکەکان دەچوونە لای سەرۆك خێڵە عەرەبە موشریکەکان و سوێندیان بۆ دەخواردن کە دینی ئێوە بەو بت پەرستیەیەوە لەوەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باشترە کە وا دەزانێت دینی یەکخواپەرستییە !ئەمەش کە خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا وەك پێشەکیەکانی ئامادەباشیی دەروونی کافرەکان تۆماری کردووە کە دە فەرموێ:(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَؤُلاء أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ سَبِيلاً) النساء/٥١ واتە :مەگەر ئا ئەوانە نابینیت کە پشکە کتێبێکیان وەبەر کە وتووە کەچی باوەڕ بە جیبت و تاغووت(بت و شەیتان و حوکمی غەیری خواوویستی) دەهێنن و بە کافرەکانیش دەڵێن رێبازی ئێوە لەوەی ئیماندارە کان راسترە !

قورەیش لەگەڵ هۆزی غەتەفان و تیرەکانی تردا کەوتە رێکەوتن و بەرە ساز کردن، تا نزیکەی دە هەزار جەنگاوەری سوارچاکی کۆکردەوە !کە ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەو ناوچانەی دەوری مە دینە کە دەشتایی بوون، کەوتە هەڵکەندنی چاڵێکی گەورەو قووڵ و پان و پۆڕ، ریوایەت هەیە کە ئەوی خستیە سەر ئەم فیکرەیە سەییدنا سەلمانی فارسی بوو، ئینجا خۆشی وەکو یاوەرانی دڵسۆزی کەوتبووە هەڵکەندن و بەدەم پاچ وەشاندن و گڵ دەرکردنیشەوە لەگەڵ یاوەرانیدا ئەم دێرە شیعرانەی دەووتەوە :

وَاللَّهِ لَوْلَا اللَّهُ مَا اهْتَدَيْنَا — وَلَا تَصَدَّقْنَا وَلَا صَلَّيْنَا
فَأَنْزِلَنْ سَكِينَةً عَلَيْنَا — وَثَبِّتِ الأَقْدَامَ إِنْ لاَقَيْنَا[1]

لە کاتی هەڵکەندنی چاڵەکەدا تاوێرە بەردێکی گەورەو سەخت هاتە رێیان، هەر خەریکی ئەوە بوون کە بەردەوام هەواڵی زۆریی دوژمن و هێزی کۆکراوەی دەهات، موسوڵمانەکان خەمیان لێ دەنیشت، بارودۆخێکی دە روونی قورس دروست بوو بوو لەسەریان، وەکو خوای گەورە دەفە رموێ:(إِذْ جَاؤُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتْ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ

---

[1] واتە:

بە خوا ئەگەر رێنمایی ئەو نەدەبوو — نە نوێژێکمان دەکرد نە زەکاتمان دەدا
سا خوایە دڵمان بە ئاسوودەیی ژیرکە — لە رووبەڕوو بوونەوەشدا پێمان گیر کە. (و)

الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا . هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا) الاحزاب/١٠-١١ واته :ئاوا لە هەموو لایەکەوە بۆتان هاتن، لەسەرووتانەوە، لە خوارووتانەوە، هەندێك کەس چاوی سوڕاو دیدی لێڵ بوو !دڵیان گەیشتبووە گەروویان، ئیدی گومانتان بەرامبەر بە خوای گە ورەش بۆ دروست بوو بوو !!ئا ئەو کاتە ساتی تاقی کردنەوەی دینداریی موسوڵمانە ئیماندارەکان بوو، کە ترس و بیم دای گرتبوون و دەلەرزین ! دەتووت لە بوومەلەرزەدان و پارسەنگیان نەماوە!!

دووڕووەکانیش لەو نێوانەدا کەوتبوونە شەڕێکی سەختی واتە وات و هەر ئیدیعایەیان دەکرد، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:(وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُورًا) الاحزاب/١٣ واته : دووڕووەکان و ئەوانەی کە نەخۆشی لە دڵیاندا هەیە دەیانووت خواو پێغە مبەرەکەی هەر بۆ هەڕاڵ کردن(فریوو دان) وادەیان پێداوین!!

هەردوو لا هەر وا بۆ ماوەیەك مانەوە، کافرەکان چەندی جار هەوڵیاندا چاڵەکە ببڕن و بپەڕنەوە بەڵام هەر نەیانتوانی !ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سەعدی کوڕی مەعاز کە سەرۆکی هۆزی ئەوس بوو، هە روەها بە سەعدی کوڕی عوبادە کە سەرۆکی هۆزی خەزرەج بوو، پێی فە رموون بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، بڕۆن پرۆژەیەکی ڕێکەوتن بخەنە پێش چاوی دوژمن، ئەگەر رازی بن واز لەم جەنگە بهێنن و بگەڕێنەوە سێیەکی

خورمای مەدینەیان لە بەرامبەریدا دەدەینێ !بەڵام دوای ڕا گۆڕینەوەو هێنان و بردنی بۆچوونەکان، سەعدی کوڕی مەعاز فەرمووی :ئەی پێغەمبەری خوا، بە خوا قەسەم ئەو زەمانەی ئەهلی کوفرو شیرك بووین و بتمان دەپەرست، ئەوانە خۆزگەیان بۆ دەنکە خورمایەکمان دەخواست، بە غەیری میوانداریی و کڕین دەستیان نەیدەگەیشتێ، ئیدی چۆن کە ئێستا خوای گەورە بەم ئیسلامە مەزنە ڕێزی لێناوین و بە جەنابیشتان بە هێزی کردووین سامانی خۆمانیان بدەینێ؟ !بە خوا قەسەم غەیری شمشێریان نادەینێ، با خوای گەورە حوکمی نێوانمان بکات ..پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(فَأَنْتَ وَذَاكَ) واتە :دەی باشە ئەوە تۆو ئەو بۆچوونەت ..

دواتر کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەستی کرد وا کافرەکان نارەحەت بوون، وویستی درز بخاتە ناو ڕێکەوتنەکانی نێوانیان، بە تایبەتی نێوان ئەوان کە لە دەرەوەی مەدینە بوون و جولەکەکانی بەنی قورەیزە کە هاوپەیمانی ئەوان بوون و لە ناو مەدینەشدا بوون و کاریگەریی دەروونیان هەبوو، ئەمەشی الحمدلله بۆ چووە سەر، ووردە ووردە جولەکەکان لە کافرەکان دڕدۆنگ بوون و ئەوانیش لەمان بە گومان کەوتن، هەر یەکەیان وای دەزانی بە نهێنی لەگەڵ پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێکەوتوون، ئیتر ئاراستەی جەنگەکە بەرەو بەرژەوەندی موسوڵمانان دەهاتەوە، ئینجا قەدەری خوای پەروەردگاریش هاتە ناو هاوکێشەکەو بە یەکجاری تایەکەی بەلای موسوڵماناندا قورس کرد، خوای گەورە لەگەڵ زیاد بوونی بێ

متمانەیی ناو کافرەکان کردیە رەهێڵەو رەشەباو بۆران !دەفەرموێ:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا) الاحزاب/٩ واتە :ئەی ئەو کە سانەی باوەڕتان هێناوە، هۆ موسوڵمانینە، یادی نیعمەتی خوای گەورە بکەنەوە لەسەرتان، بیرتانە کە سەربازانی ئەو هاتنە لاتان، بیرتانە چۆن رە شەبای کردە سەریان لەگەڵ ئەو هەموو سەربازانەی خۆی کە ئێوە نەتان دەبینین؟ !خۆ خوای گەورە بینەری ئەوە بوو کە دەتانکرد..

کافرەکان ئا لەم بارودۆخە دەرونی و کەش و هەوایەدا بوون، کاتێکیان زانی ئەبو سوفیان هاواری لێ هەستا :ئەرێ وا من بار لێ دەنێم و دەڕۆمەوە ئێوەش بڕۆن !!ئەوانەی هۆزی غەتەفانیش بەدوویدا ووتیان :ئێمەش دە ڕۆین ..دوای کەمێك ئەوانی تریش یەك یەك و دوو دوو هەمان هە ڵوێیستیان ئاشکرا کرد !ئاوا خوای گەورە گەمارۆکەی مەدینەی پێ شکاندن و وەك دەفەرموێ:(وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا) الاحزاب/٢٥ واتە :خوای گە ورە ئەوانەی کافربوون، هەموویان بەو رق و قینە و بوغزەیانەوە گێڕایەوەو دەستیان لە هیچ خێرێك گیر نەبوو !خوای گەورەش جەنگەکەی بۆ موسوڵمانان راگرت، بە ڕاستی خوای گەورە بەهێزو بە دەسەڵاتە ..

ئەوەی زۆر لەم جەنگەدا زەق بۆوە حەزی تێکدەرانەو رۆڵی فیتنەچێتی جولەکەکان بوو، بە ئاشکرا هەرچی دوژمنی ئەم بانگەوازە هەبوو کۆیان دە کردنەوەو گەلەکۆمەکێیان دژی ئیسلام پێ دروست دەکردن !هەروەها ئە وەش ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەموو هۆکارێکی سەرکەوتنی دەگرتە بەر، وەکو لێرەدا دەبینین چاڵی بە دەوری مەدینەدا هە ڵکەند تا رێ لە گەیشتنی لەشکری کافرەکان بگرێت، دیسان دیارە کە چە ند لاشەڕ بووەو حەزی بە ئاشتی کردووە کە ئاوا ئامادە بوو ئەو تەنازولە لە ئابوری شار بکات بۆ نەڕشتنی خوێن، ئینجا بەزەیی و لەگەڵدابوونی خوای گەورەش ئاشکرایە کە چۆن ئەولیایانی خۆی سەرخست و دوای ئەوی ئە وان هەموو هۆکارێکی سەرکەوتنیان گرتە بەر خوای گەورەش بەوە یارمە تیدان کە لە دەسەڵاتی خۆیاندا نیە، جگە لە رەهێڵەو رەشەباکەش سە ربازانی نادیاری خۆی بۆ ناردن، تا سەرکەوتنەکەیان مسۆگەر بێت ..ئەمانە ش هەمووی بیر خستنەوەی موسوڵمانانە کە لەوە دڵنیابن کە مادام ئە وان بۆ خوا سوڵحابن، خوای گەورەش بە هانایانەوە دێت و جەنگەکەیان لەبری دەکات، یان ئەوەندەیان هۆکاری سەرکەوتن بۆ دەنێرێت، کە ئەمان هەر هیممەت و وویستەکەیان بۆ بمێێنتەوە لەگەڵ ئەوەندە هۆکارەی کە خۆیان بۆیان هەڵدەسوڕێت ..ئەمەشە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە حەدیسی سەحیحی ئیبنو عەبباسدا دەفەرموێ:(احْفَظْ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظْ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ)[1] واتە تۆ خوا بپارێزە بە پاراستن و سەرخستنی

---

١ رواه الترمذي و قال حديث حسن صحيح.

دینەکەی و پێوە پابەندبوونی، خوای گەورەش تۆ دەپارێزێت، تۆ خوای گەورە بپارێزە دەیبینی بەرەو رووتەو بۆ یارمەتیت ئامادەیە ..

## پەیمانی حودەیبییە

لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ئومێدی عەمرە کردن بەرەو مەککە تەشریفی برد، بەڵام خەمی ئەوەی بوو کە قورەیش رێی لێ بگرێت، بۆیە داوای لە دۆڵنشینەکانیش کرد کە لە خزمە تیدابن و ئەوانیش بێنە حەج، ئینجا ئاژەڵی قوربانی خستە پێش خۆی و بە رەو مەککە کەوتە رێ تا خەڵکی ببینن و بزانن کە نیازی جەنگی کەسی نیە و مەبەستی تەنها حەج کردنەکەیە ..

کە گەیشتە عەسەفان، قورەیش زانی و کەوتە خۆساز کردن بۆ رێ گرتنی بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر رێڕەوی خۆی تا گەیشتە شوێنێ پێی دەوترا حوەدەیبیە، لەوێ فەرمووی کە ئەگەر قورەیش ئەمڕۆ داوای هەڵوێستێك بکات کە سیلەی روحم و خزمایەتی تێدا بێت من ئامادەییم ..

پاشان قورەیش دوو پیاوی ناردە خزمەتی کە لە لایەکەوە بزانن مەبەستی لە تەشریف هێنانەکەی چییەو لە لایەکی تریشەوە حەزەری ئەوەی بدەنێ کە نەکا نیازی وا بێت بێتە ناو شاری مەککەوە !!دوو کابراکە هاتن و گەڕانە وە ناو قورەیش و زۆریان وەسفی خۆشەویستی هاوەڵان بۆ پێغەمبەری

پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد، ووتیشیان کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نایەوێت شەڕ بەرپا ببێت ..دوا بە دوای ئەوان پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففانی نارده لای قورەیش تا دانوستان(مفاوەزات) یان لەگەڵدا بکات، تا ڕێی بدەن عەمره بکات ..بەڵام سەیدنا عوسمان زۆر لایان مایەوەو لە گەڕانەوەی دوا کەوت، تا وا گومان برا کە شەهیدیان کردووە، بۆیە یاوەرانی بەڕێز لە بن سێبەری درەختێکدا لەوێ هەموو بەیعەتیان بە پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ وەرگرتنەوەی خوێنەکەی ..ئەویش بەیعەتی لێ وەرگرتن کە لە پێناوی خوادا بجەنگن و لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا هەڵنەیەن، ئەم بەیعەتەش پێی دەوترێت بەیعەتی رزوان ..

پاشان قورەیش سوهەیلی کوڕی عەمری نارده خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ دانوستان، ئیتر لە حودەیبیە لەسەر کۆمەڵێک خاڵی گرنگ ڕێکەوتن لەوانە تا دە ساڵ شەڕ لە نێوانیاندا روو نەدات، هەروەها هەر کەسێك لە لای قورەیشیەکانەوە بێ رەزامەندی کەسوکاری هاتە ریزی موسوڵمانانەوە وەری نەگرن، بەڵام ئەگەر لە لای موسوڵمانانەوە کەسێك بچێتە ریزی قورەیش ئەوان بێ رەزامەندی کەسوکاری وەری بگرن !هەر کەسێك و هەر تیرەو هۆزێکیش بیەوێت ببێتە هاوپەیمانی قورەیش یان موسوڵمانان بۆیان هەبێت ببن ..ئیتر هۆزی بەکر بوونە هاوپەیمانی قورەیش و هۆزی خوزاعەش بوونە هاوپەیمانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم ڕێکەوتنە لە مێژودا بە پەیمانی حودەیبیە بەناوبانگ بوو .

ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قوربانی کردو بە راوێژی ئوم سەلەمەی خێزانی سەری تاشی و موسوڵمانانیش بە دوایدا سەریان تاشی و کەوتنە سەربڕینی قوربانیەکانیان، و ئەوانەی لە هەندێ برگەی رێکەوتنەکەی حودەیبیە تورە بووبوون - کە پێیان وابوو مەغدور بوون و تەنازولیان بۆ قورەیش تێدا کردووە - هێدی بوونەوە ..ئینجا موسوڵمانان بە پێشەوایەتی پێغەمبەری سەروەریان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرەو مەدینە گەڕانەوە، خوای گەورەش لە رێگا سورەتی فەتحی بۆ ناردە خوارەوە کە لە سەرەتایە وە باسی فەتحی مەککە دەکات و دەفەرموێ:(إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا) الفتح/١ واتە ئێمە رزگارکردنی مەککەمان بە ئاسانترین شێوە پێ بە خشیت !

بۆ ساڵی دوایی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە پێی رێکەوتنەکەی حودەیبیە تەشریفی هێنا بۆ مەککە بۆ عەمرە کردن، واتە ساڵی حەوتەمی کۆچی، کە سێ رۆژ لە مەککە مایەوەو ئینجا تەشریفی بردەوە بۆ مەدینە ..

لەم پەیمانی حودەیبیەوە دەردەکەوێت کە پێغەمبەری سەردارمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چەند سوور بووە لەسەر ئاشتی و ئەمان، لەگەڵ بوونی ئەو هێزە گەورەیە لە خزمەتیداو هەبوونی ئەو دەسەڵاتە کاریگەرەی کە هەیبوو  هەندێك مەرجی قورەیشی قبوڵ کرد کە وەکو تەنازول وابوو لە کۆمەڵێك مافی ئاسایی خۆی و موسوڵمانان، یان راگرتنی شەڕو ئەمان دان بە یە

کترى بۆ ماوەی دە ساڵ !!بەڵام ئەمانە هەموو بۆ ئیسلام و موسوڵمانان خێرەوەدەر بوون، چونکە دواتر زۆر کەس لە قورەیش هەڵدەهات و دە هاتە ریزى موسوڵمانانەوە، بێ ئەوەی کەسێك لە تەرەفى موسوڵمانانەوە بچێتە ریزى قورەیشەوە !یان ئەوانەی کە لە دەست قورەیش هەڵاتن و لاى پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرنەگیران !دواى کۆبوونەوەیان لە کەنار دەریاى سوور، مەفرەزەی خۆیان پێك هێناو نابینا دەچوونە سەر رێی کاروانى قورەیش تا قورەیش ناچاربوو داوا لە پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات لای خۆی وەریان گرێت !ئەمە جگە لەوەی مۆر کردنى پەیماننامەکە خۆی لەخۆیدا ئیعتیرافێکی ئاشکراو راشکاوى قورەیش بوو بە هەبوونى لایەنێکی ئیسلامی کە پێشتر نکوڵی لە هەبوونى دەکرد، بەڵام وا ئێستا ناچارە رێکەوتننامەی لەگەڵدا مۆر بکات، ئەمەش دەسکەوتێکی سیاسى گەورەو گرنگ بوو..

## نامەكانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

## بۆ پاشاكانی ئەو سەردەمە

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ویستی ئەو هەلەی كە لە ماوەی بێ دەنگی و بێ جەنگی و ئەمانەكەی پەیمانی حودەیبیە دەستی كەوتبوو بۆ بانگەوازەكەی بقۆزێتەوەو بكەوێتە بڵاو كردنەوەی دینەكەی، بۆیە وەك داعیەكانی خۆی بە تیرەو هۆزەكاندا بڵاو كردەوە بۆ خۆشی ویستی شێوازێكی نوێ داهێنێت !ئەویش ئەوە بوو كە نامەی نارد بۆ پاشاو سەرۆكەكانی ئەو سەردەمەو هەموویانی یەك بە یەك بانگهێشتی ئیسلامەتی كرد تا موسولْمان بن !هیوای پێكانی دوو مەبەست بوو :موسولْمان بوونی خۆیان یان موسولْمان بوونی گەلەكانی بەردەستیان !ئەمەش سەركەوتنێكی گەورەیە، خۆ ئەگەر موسولْمانیش نەبن ئەوا بانگەوازی ئەوەیان پێ دەگات كە دینێكی نوێ هەیە خەڵكی بۆ یەكخواپەرستی بانگ دەكات و یەكسانی و ئاشتی و دادی كۆمەڵایەتی بۆ هەموو خەڵكی دەوێت ..ئەمەش گەیاندنی پەیام و ئیقامە حوججەیە ..لەو كەسانەی كە جەنابیان نامەی بۆ ناردن :

١- **نەجاشی حاكمی حەبەشە** :كە نامەكەی بە دەستی عەمری كوڕی ئومەییەی الزەمری دا نارد، نەجاشیش بە نامەكە موسولْمان بوو(ریوایەتێكیش هەیە دەڵێ موسولْمان نەبوو) ..

٢- **هیرەقلی قەیسەری رۆم** :کە لە شام بوو نامەکەی بە دەحیەی کوڕی خەلیفەی الکیلبیدا بۆ نارد .

٣- **ئەپروێزی کیسرای فارس** :نامەکەی بە عبداللهی کوڕی حوزافەی السسەهمیدا بۆ نارد، بەڵام ئەو تاغووتە نامەکەی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دڕاند، بۆیە پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوعای لێ کرد کە خوای گەورە دەوڵەت و موڵکی پارچە پارچە کات، واشی لێ کرد .!

٤- **مقەوقسی گەورەی قیبتیەکانی میسر** :نامەکەی بە حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعەدا بۆ نارد، بە ڕێزەوە وەری گرت و کۆمەڵێك دیاری ناردەوە بۆ پێغە مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەوانەش جاریەیەك کە ناوی ماریەی قیبتی بوو دوایی بووە خێزانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئیبراهیمی لێ بوو ..

لە نامەی هەندێکیاندا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو ئایەتەی تێدا نوسیبوو کە دەفەرموێ:(قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ) ئالی عیمران/٦٤ واتە :ئە ی خاوەن پەیامانی ئاسمانی، وەرن بەدەم بانگەوازو بەرنامەیەکەوە کە پارسەنگیی نێوان ئێمەو ئێوەی لەخۆ گرتووە، کە دەخوازێ هیچ لایەکمان جگە لە الله هیچی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە شەریکێکی لە هیچ لایەنێکی دینداریدا بۆ بڕیار نەدەین، با هیچ لایەکمان لایەنەکەی تر ئەوەندە پیرۆزو بەفەڕو مەعسووم دانەنێین کە لە جیاتی خوای گەورە بیپەرستین !جا ئە

گەر لەم بانگهێشتەدا سەرپێچییان نواند پێیان بڵێ :ئێوە خۆتان بە شایەت بن کە ئێمە بە موسوڵمانی ژینی خۆمان رێك دەخەین و ئێوەش شاهید بن کە موسوڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین ..

ئەم ئایەتە وەکو دەبینین بانگهێشتە بۆ یەکسانی کە رێ لە ئیستیغلال و خۆسەپاندن و چەوساندنەوەو خۆبەزلزانین دەگرێت، هەروەها بانگێشتە بۆ رێزلێنانی مرۆڤ و رێگرتن لە ملکەچ کردن و بەندایەتی بۆ غەیری خوای پەروەردگار، جگە لەوەی رێسایەکی جوانی دیبلۆماسێتی نێو دەوڵەتی تێدایە کە داوا دەکات پەیوەندی لەسەر بنەمای ئاشتی و رێز لێك گرتنی بە رامبەریی ئوممەتان بنیات بنرێت، بە مانایەکی تر :ئەگەر شۆڕشێك سەرکەوت و دەوڵەتی خۆی دروست کرد. مادام دادی کۆمەڵایەتی و ئاشتی دەوێت .پێویستە ئیعتیرافی پێ بکرێت، ئەمیش داوا دەکات کە وەرن پەیامی دینەکەمان وەرگرن، ئەگەر نا وا ئێمە بە موسوڵمانی ژینی خۆمان رێك دەخەین و ئێوەش شاهید بن کە موسوڵمانین..



## ئازاد کردنی مەککە

قوریش کە یارمەتی بەنی بەکری هاوپەیمانی خۆی دژی خوزاعەی هاوپە یمانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا، بەوە پەیمانی حودەیبییەی هەڵوە شاندەوە، ئەویش دوای ئەوە بوو کە بەنی بەکر شەڕیان بوو لەگەڵ خوزاعەو پیاوێکیان لێ کوشتن، خوزاعەش چونکە خۆی ئامادە نەکردبوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەکە عەمری کوڕی سالمی نارد بۆ کەعبەو لەوێشەوە چووە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هەواڵی دایە کە شتێکی وا قەوماوەو جەنابیشت بە پێی پەیمانی نێوانمان دەبێت یارمەتیمان بدەیت و تەرەفدارمان بیت لەم شەڕەماندا، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وادە ی دایێ و پێی فەرموو:(نُصِرْتُ يَا عَمْرُو بْنَ سَالِمٍ) واتە :خەمت نەبێت ئەی عەمری کوڕی سالم وا سەرمان خستیت ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بە موسوڵمانان دا کە خۆ بۆ جە نگ ئامادە کەن، بە پێچەوانەی عادەتی جارانی خۆشیەوە کە بە کەسی نە دەفەرموو جەنگی لەگەڵ کێ و لە کوێ دەبێت، ئەمجارەیان هەواڵی دانێ کە کوێی مەبەستەو جەنگەکە دژی کێ بەرپا دەبێت، بەڵام هەر دوعای دە کرد کە خوای گەورە چاوی جاسوسەکانی قورەیشی لێ نابینا کات تا کاتێك بە هەواڵەکە بزانن کە گەیشتۆتە سەریان ..سوپا بەرەو مەککە کشا، گە یشتنە زەهران و لەوێ لایانداو هەر یەکە لای خۆیەوە ئاگری کردەوە ! چونکە ژمارەیان دە هەزار کەس بوون و هەموو ئاگریان کردبۆوە ئەو دە

شت و دۆڵەی زەهران هەمووی رۆشن بووبۆوە !قورەیش هەندێك پیاوی خۆی بە سەرۆکایەتی ئەبو سوفیان ناردە ئەملاولا تا بزانێت هەواڵ چییە ! ئاگایان لە خۆیان نەبوو لەپڕ کەوتنە کەمینەوەو بە دیل گیران !!کە هێنرانە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و جەنابی باسی ئیسلامەکەی بۆ کردن، دڵیان وورده وورده بە ئیسلام گوشاد دەبوو، ئیتر بە هەلیان زانی داوای ئەمانیان بۆ قورەیش کرد، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمانی دانێ و فەرمووی(هەر کەس خۆ بخاتە کەعبەی ماڵی خواوە لە ئەمانماندا دەبێت) ئینجا بۆ ئەوەی ئەبو سوفیان کە پیاو ماقووڵی قەومەکەی بوو زیاتر کەسب کات و رۆحی شەڕخوازیی و عینادی لەسەر دەرهێنێت، پێی فە رموون:(هەر کەسێکیش خۆ بخاتە ماڵی ئەبو سوفیانەوە لە ئەمانماندا دە بێت) !

سوپای موسوڵمانان گەیشتە مەککە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە پێشەوەیان بوو، بۆ دەربڕینی ملکەچیی بۆ خوای گەورەو لەبەرچاو گرتنی فەزڵ و پشتیوانی خوای کارزان، سەری پیرۆزی خستبووە سەر قەلپۆزی زینی ووشترەکەی، فەرمانی بە هەموو فەرماندەکانی دابوو کە شەڕ لەگەڵ کەس نەکەن مەگەر کەسێك شەڕیان پێ بفرۆشێت، خۆی لە تەرەفی باکوری شارەوە چووە ناوەوەو فەرماندەکانیش لە باشوورەوە !ئینجا

موسوڵمانەکانی تریش لەگەڵ نەڕەی تەکبیردا پۆل پۆل لە هەموو لایەکەوە
ڕژانە مەککەوەو بووە ڕۆژی سەرکەوتنی مێژوویی ئیسلام !

هەرچی پیاوماقووڵ و سەردارانی مەککە هەبوو هەموو چۆکیان شکاو تە
سلیم بوون، ئیسلامیان لێ بووە ئەمری واقیع.. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ
وَسَلَّمَ گەیشتە کەعبەو تەوافی کرد، هەر دەشیفەرموو:(جَاء الْحَقُّ وَزَهَقَ
الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا) حەق هات و ناحەقی زەندەقی چوو وا ڕۆحی
ڕۆچوو، ناحەقی هەر نابووتە ..ئینجا کەعبەی لە ژەنگ و ژارو ئاسەواری
بت و بت پەرستی پاك کردەوە، ئینجا هاتەوە بەرامبەر خەڵکەکەی لە حە
وشەی کەعبەدا کۆبووبوونەوەو چاوەڕوانی فەرمایشتی ئەویان دەکرد، هە
ردوو دەستی بە لاشیپانی دەرگای کەعبەوە گرت و ڕووەو ڕووی خەڵکەکە
بۆوەو فەرمووی:(لا اله الا اللّهُ وَحْدَهُ، صَدَقَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَّمَ
الاحْزَابَ وَحْدَهُ) واتە :هیچ خوایەك نیە بە حەق بپەرسترێت جگە لە اللّه،
خوایە کە بەڵێنی خۆی هێنایە دی، بەندەکەی خۆی سەرخست، بە تە
نهاش هەر هەموو پێڕو تاقم و دەستەکانی بەزاند ..ئینجا فەرمووی :خەڵکی
قورەیش، پێتان وایە چیتان بەرامبەر دەکەم؟ ووتیان :کاری چاکە چونکە
تۆ برای بەڕێزو برازای بەڕێزمانیت !ئینجا فەرموی :منیش هەر ئەوەتان پێ
دەڵێم کە یوسفی برام بە براکانی ووت:(لاَ تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ) یوسف/٩٢
واتە :ئەمڕۆ هیچ گلەیی و گازاندەیەك نامێنێت ..دەی سا هەر هەمووتان
ئازادو سەربەستن، ئینجا بیلالی حەبەشی سەرکەوتە سەر سەربانی کەعبە
و بانگی دا، ئاوا مەککەش چووە سەر دارالاسلام و کەوتە ژێر حوکمی شە

ریعەتەکەی خوای گەورەوە، ئیتر هەر لەو رۆژەوە کە رەمەزانی ساڵی هە شتەمی کۆچی بوو ژنان و پیاوان موسوڵمان دەبوون و بەیعەتیان لەسەر ئیمان و ملکەچی و گوێڕایەڵی دەدایە پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ...

ئاوا پەیمانی حودەیبییە بووە هەنگاوێکی سەرەکی رزگارکردنی مەککە !لێرە دا ئەوە روون دەبێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سوور بووە لە سەر رێز گرتنی مەککەی پیرۆزو نەیهێشتووە کوشتاری تێدا روو بدات، مە گەر بەرامبەر کەسانێك کە هەر سوور بووبن لەسەر کوشتنی موسوڵمانان و هێرش کردنە سەریان، دیسان سینەفراوانی و لێبوردەیی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەردەکەوێت کە لەو پەڕی دەسەڵات و سەرکەوتن و زەلیل بوونی دوژمنە چەکدارەکانیدا رواڵەتێکی تۆڵەو رق و قینی لێ دەرنەکەوت، بە پێچەوانەشەوە لەوپەڕی سۆزو بەزەییدا بوو، بەو پەڕی میهرەبانییەوە رەفتاری لەگەڵ ئەو دوژمنە سەرسەختانەیدا کرد کە لەو شارەی خۆی بە بێ کەسی دەریان پەڕاند !!هەروەها هەست بەوە دە کرێت کە خوای پەروەردگار ئەو هیواو ئاواتەی موسوڵمانان بە سەرکەوتن هەیانبوو بەو ئازادیەوە بەستبوویەوە، فەتحی مەککەی لەبەرچاوی خۆیان بۆ کردنە بەرهەمی ئارامگریی و پشوودرێژیی و هیوا بە خوا بوون پشت بەو بەستن ..دیسان ئەوەش دیارە کە ناحەق هەرچەند دەسەڵاتی هەبێت و

خۆ فش کاتەوە لەبەرامبەر حەق و ئەهلی حەقدا پوکاوەیەو با زەمانێکیشی تەمەن هەبێت هەر دەڕوخێت و نابووت دەبێت ..

## غەزای حونەین

ئەم غەزایە لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا راستەوخۆ دوای فەتحی مەککە روویدا، هۆکەشی ئەوە بوو کە هۆزی هەوازن دوای ئەوەی هەواڵی سەرکەوتنی موسوڵمانانی پێگەیشت کەوتە خۆ ئامادە کردن و لەشکر سازکردن تا ئەم سەرکەوتنە بە حسابی خۆی لەبار ببات و نەهێڵێت بۆ ناوچەکانی تری نیوە دۆرگەی عەرەب پەل بکێشێت !!بۆیە سەرانی هۆزی هەوازن لە گەڵ سەران و پیاو ماقوڵانی هۆزی سەقیف و چەند هۆزو تیرەو بەرە بابێکی تر کۆبوونەوەیان کردو مالیکی کوڕی عەوفی سەرەك هۆزی هە وازنیان بە ئەمیری خۆیان هەڵبژارد، هەرچەندە لە راو بۆچوونی شەڕدا کۆڵەوار بوو زۆر بیر تیژ بۆ مەسەلەی جەنگ و پلاندانانی نەدەچوو !! مالیك فەرمانی بە هەموویاندا ژن و ماڵ و منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بۆ شەڕ بهێنن، تا وورەیان بەرزتر بێت و سورتر بن لەسەر بەرگری لێکردنیان، هەر چەندە دورەیدی کوڕی سیممە کە زۆر فامیدەتر بوو لەو رای وا نەبوو بەڵام مالیك هەر راکەی خۆی سەرخست ..

کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زانی وا ئەوانە بەرەو ناوچەی حونەین کەوتوونەتە رێ زەردەخەنەیەك گرتی و فەرمووی:(تِلْكَ غَنِيمَةُ الْمُسْلِمِينَ غَدًا إِنْ شَاءَ اللَّهُ) واتە ئەوە گەر خوا حەزکات سبەی دەبنە دەسکەوتی

موسوڵمانان ..ئینجا لەشکری موسوڵمانان کە ژمارەیان دوازدە هەزار کە س دەبوو کە هەندێکیان لەو نەو موسوڵمانانە بوون کە تازە لە دوای فە تحی مەککە موسوڵمان بووبوون، کە زۆر خۆیان بۆ جەنگ ئامادە نە کردبوو، هەر دەیانووت :ئەمڕۆ لەبەر زۆریمان هەر نابەزین !ئیتر کە ئاوا ئیعتیمادیان کردە سەر ژمارەی خۆیان خوای گەورە دەرسێکی توندی دادان کە لەوە دڵنیابن کە سەرکەوتن هی خوایەو هەر لەویشەوە دێت، بۆ کەساێنێکیشە کە بە ئیماندارێی و متمانە بە خواکردن شایانی دەبن، بۆیە ئەو ئایەتانەی بۆیان نارده خوارەوە:(لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ * ثُمَّ أَنَزلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ) التوبة / ٢٥-٢٦ واتە :بە تەئکید خوای گەورە لە زۆر شوێندا سەری خستوون، لە رۆژی حونەیندا کە زۆری ژمارەتان سەرسامی کردبوون، بەڵام دیتتان کە هیچ دادێکی نەدان !!ئەو سەر زەمینە بەرفراوانەتان لێ هاتەوە یەك و پشتان هەڵکردو هەڵاتن !!بەڵام دواتر خوای گەورە هێمنی و ئاسوودەیی خۆی داباراندە سەر پێغەمبەرەکەی و سەر موسوڵمانان و سەربازانێکیشی ناردە خوارەوە کە کەستان نەتان دەبینین، هەروەها سزاو ئازارێکی زۆریشی بە کافران گەیاند، بەڵێ ئەوەیە سزای کافرو بێ باوەڕان ..

موسوڵمانەکان گەیشتنە دۆڵی حونەین، بینیان وا کافرەکان گەرووی دۆڵەکەیان تەنیووەو سەر لوتکەکانیشیان هەمووو گرتووە، وەکو کە مینیش چرکەیان لە خۆیان بڕیبوو تا ئەمان گەیشتنە بەردەستیان ئیتر لە یەك کاتدا و لە هەموو لایەکەوە تیر باری، دنیاش تاریك بوو، تازە سەرەتای سپێدە بوو، ئیتر موسوڵمانەکان زۆر ترسان و شڵەژان، زۆرینەی زۆریان بە رەو دواوە کشانەوەو هەڵاتن !پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەستی کرد کە بەرەکەیان شکا کەوتە هاوار لێ کردن و بانگ کردنیان بەیعەتی رزوانی وەبیر دەهێنانەوە کە لەسەر مردن بە پێغەمبەریان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دابوو، هەندێکیش لە یاوەرە دڵسۆزەکانی لە هەموو لایەکەوە بە جەستەی خۆیان پەرژینێکیان بە دەوریدا دروست کردبوو، عەبباسی مامی خوا لێی رازی بێت کە دەنگ گەورە بوو هاواری دەکردە خەڵکەکەو ئەوەی دەووتە وە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو، دەیفەرموو:(أَنَاالنَّبِيُّ لَا كَذِبْ، أَنَا ابْنُ عَبدالمُطَلِب) بەردەوام دوعای سەرکەوتنیشی دەکرد ..

ئیتر خەڵکەکە بەرەو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتنەوەو زۆر بە جیددی کەوتنە بەرگریی و جەنگێکی قورس روویدا، ئوم سولیمی کچی میلحان کە چەکداربوو هاوشانی مێردەکەی دەجەنگاو بە دەوری پێغەمبە ردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر ئازایانە هەڵدەسووڕا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵوێستەکەی زۆر پێخۆش بوو ..

شەڕ گەرمتر بوو، زۆری نەبرد موشریکان شکان و دەسکەوتی سامان و دیلیان جێهێشت !پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سوپاوە هەر بە دوویانەوە بوو تا گەیاندنیە(ئەوتاس) لەوێشەوە ئیتر ئەبو موسای ئەشعە ری خوا لێی رازی بێت نیشتە سەریان تا تەفرو توونای کردن ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی ناخۆش بوو دەسکەوتەکان دابەش کات، وویستی ماوەیەك ئارام بگرێت بەڵکو هەوازن بە موسوڵمانێتی بێنە خزمەتی و سامان و دەسکەوتەکانیان بداتەوە بە خۆیان، حەڤدە رۆژ سە بری لەسەر گرتن، ئیتر کە هەر کەسیان نەهات، دابەشی کردو پشکی ئەو کەسانەی زیاتر دانا کە نەو موسوڵمان بوون، کەچی دوای دابەش کردنە کە وەفدێکی هەوازن هاتن و موسوڵمان بوون، پرسیاری گێڕانەوەی کەلوپە لی دەسکەوتەکانیان کردەوە، بەڵام تازە بوو بوو بە موڵکی خەڵکی بۆیە پێغە مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێزێکی زۆری لە سەرۆکی وەفدەکەی هەوازن کە ناوی مالیکی کوڕی عەوف بوو گرت و سامانێکی تری تایبەتی لە بەیتولمال دایێ و کردیشیەوە بە ئەمیری ئەو کەسانەی هۆزەکەی خۆی کە موسوڵمان بوو بوون و دواتریش بە ئەمیری تیرەو هۆزەکانی تری دەروبە ریشیان ..ئاوا خوای گەورە دوای ئەوەی شکستێك هات بەسەر موسوڵماناندا بە سەرکەوتنیان کۆتایی بە غەزای حونەین هێنا، تا بۆیان بسەلمێت کە سەرکەوتن لە خواوەیە نەك لە هۆکاری مادیەوە وەك دەفە

رموێ:(وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) الانفال/١٠ واتە سەرکەوتن لە غەیری لای خواوە نیە، بە تەئکید خوای گەورە بە دەسەڵاتەو دانایە ..

## غەزای تەبووک

ئەم غەزایە لە مانگی رەجەبی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا بوو، لە سەردەمێکی زۆر کەم دەرامەتی و نەهات وقات و قرِیدا بوو، وەختەکەی کاتی پێگە یشتنی بەروبووم و خۆشی هەوارگەو بەرسێبەر بوو، خەڵکی حەزیان لەبەر سێبەرو بۆن و تامی بەروبومی باخ و بێستانەکانیان بوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بە ئاشکراو راشکاویدا کە خۆ بۆ غەزا ئامادە کەن دەڕۆین !تا هەموو موسوڵمانان خۆیان بە تەواوی ئامادە کەن، ئینجا داوای لە هەموان کرد خێرو خێرات بکەن، ئەوانیش هەر یەکەیان وەکو کێبڕکێی رازی کردنی خوای گەورەو پێغەمبەرە مەزنەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەکو کێبڕکێی بەرەو بەهەشت، کەوتنە خۆ، ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت پێش هەموویان کەوتبوو، هەرچی سەروەت و سامانی مابوو هێنابووی، تەنانەت کە لێیان پرسی چیت بۆ ماڵ و منداڵت هێشتۆتەوە؟ فەرموی :رەزامەندی خواو پێغەمبەری خوا !!عومەری کوڕی خەتابیش خوا لێی رازی بێت نیوەی سامان و موڵکی خۆی هێنابوو، عوسمانی کوڕی عەففان سێ سەدووشتری بە بارو تفاقی سەربازی تەواوەوە ئامادە کردبوو لە گەڵ هەزاران دیناردا هێنابوونی !پێغەمبەری مەزن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

دوعای بۆ عوسمان کرد کە خوای گەورە رەزامەندی خۆی پێ ببەخشێت .. ئینجا دووڕوویی و دڵەڕاوکێی دووڕووەکان دەرکەوت !لە ماڵ نەبەخشین و لە خۆدزینەوەیان لە غەزاکە، ئیتر هەر یەکەیان بەهانەیەکی پوچەڵی کردبووە سەرمایەی !!لەوانەی کە خوای گەورە هەر هەموویانی لە سورە تی بەرائەت(تەوبە (دا فەزح کرد ..

هۆی ئەم غەزایە ئەوە بوو کە هەواڵێك گەیشتبووە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە رۆمەکان خۆیان کۆکردۆتەوەو لە سنوری شامەوە هاتوونە تە پێش و گەیشتوونەتە ناوچەی بەلقاء ..ئیتر ئەمیش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سی هەزار موسوڵمانی جەنگاوەری پیادەو دە هەزار سوارەوە رووی تێکردن ..کە بە لای کەلاوەکانی قەومی سەموددا تێپەڕی دەموچاوی پیرۆزی خۆی داپۆشی و فەرمانی بە موسوڵمانەکان کرد کە خێرا بە ناوچە کەدا گوزەر کەن تا زوو لێی تێپەڕ ببن !نەشیهێشت کەس ئاوی لێ بخواتەوە یان لەگەڵ خۆی هەڵگرێت !پێی فەرموون ":نەچنە ناو خانووی ئەوانەوە کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد مەگەر بە گریانەوە نەبێت، نەبادا ئەوە ی دوچاری ئەوان هات بێتە رێی ئێوەش ..

کە گەیشتنە تەبووك فەرمانیدا، بار بخەن ..ئیتر بۆ ماوەی بیست رۆژ تە شریفی لەوێ مایەوە، سوپای رۆم هەر لە شاری حیمس بوو، بەملاوە نە هاتبوو، ئیتر جەنگ و پێکدادان رووی نەدا، بەڵام پێغەمبەری مەزن رێکە

وتنی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی دەومەو ئەیلەو تەیمائدا بەست و تەشریفی هێنایەوە بۆ مەدینە ..

کە تەشریفی لە تەبووك هێنایەوە رەمەزان بوو، دووڕووەکان پیلانێکی کوشتنیان داڕشتبوو بەڵام خوای گەورە ئەمی پاراست و ئەوانی رووڕەش کرد، کە گەیشتەوە مەدینە بینی دووڕووەکان مزگەوتێکی دیکەیان بۆ خۆیان دروست کردووە بە بەهانەی ئەوەوە کە مزگەوتەکەی ئەو دوورە! بەڵام مەبەستیان ئەوە بوو خەڵکی لە مزگەوتەکەی پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوور خەنەوە !!بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێدا کە مزگەوتی دووڕووەکان بڕوخێنەو ئاسەواری مەهێڵە ..فەرموی:(وَالَّذِينَ اتَّخَذُواْ مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ اللّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفَنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ الْحُسْنَى وَاللّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ . لاَ تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا) التوبة/١٠٧-١٠٨واتە :ئەو کەسانەی کە مزگەوتێکیان بۆ زیاندان دروست کرد تا کوفری خۆیانی لێوە بڵاو کەنەوەو تەفرەقەی پێ بخەنە ناو موسوڵمانانەوەو بۆ ئەوەی بیکەنە سەنگەرو قەڵای خۆیان و ئە و کەسانە کە پێشتر دژایەتی خواو پێغەمبەری خوایان دەکرد، ئینجا سوێندی تەئکیدیش دەخۆن کە گوایە غەیری چاکەخوازی هیچ مەبە ستێکی ترمان لە دروست کردنی ئەم مزگەوتە نەبووە، خوا شایەتی دەدات کە ئەوانە درۆزنن قەت نوێژ لەو مزگەوتەدا نەکەیت و نەچیتە ناویەوە ..

ئەم غەزایە تاقیکردنەوەی موسوڵمانان بوو، پیاوی سەر ڕاست و دڵسۆزانیانی لە دووڕووەکانی ناویان وەدەرخست، مەشق پێکردنیان بوو لە سەر خۆ ئامادە کردن بۆ جەنگی دەرەوەی وولاتی خۆیان کە لە داهاتووی ژیانیاندا دەبێت بە تووشیانەوە !بەو تێپەڕ بوونەیان بە جێ و ڕێی سەموددا ڕاچەنینی ئیمان و داچڵەکاندنی دەروون و پەندو ئامۆژگاریی ژیانیان بوو کە بۆ خوا لێبڕێن و نەهێڵن بکەونە سەر ڕەفتاری وەك ئەو ستەمکارانە تا چارە نووستان وەکو هی ئەوانی لێ نەیەت !هەروەها ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ ناوچەو تیرەو هۆزەکانی سەر سنور ئەمانێکی تری خستنە بەر دەست، کە بۆ دانیشتوان و بازرگانانی خۆیان و ناوچەکە بەسوود بوو، ئەمانەش هەمووی داواکارییەکانی سیاسەت و پێداویستییەکانی جەنگی ڕەسمی دەوڵەتی بوون..

## ناردنی وەفدەکان

دوای ئازاد کردنی مەککەو کۆنترۆڵ کردن و سەرکەوتنی ئاشکرای ئیسلام و موسوڵمان بوونی تیرەو هۆزی سەقیف، هەر هەموو عەرەبەکان گە یشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئیتر هیچ مقاوەمەیەکی پێغەمبەری ئیسلامیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێ ناکرێت، ئیتر چیدی ناتوانن دوژمنداریێتی موسوڵمانان بکەن، بۆیە یەك یەك و دوو دوو، سەرۆك تیرەو هۆزو خێڵە کان دەهاتنە مەدینەو لەسەر دەستی پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ ئیسلامەتی خۆیان رادەگەیاند ..بۆیە ساڵی حەوتەمی کۆچی بە ساڵی وەفدەکان ناسراوە، ئەمانەش هەموو نیشانەی نهێنی ئەوە بوون کە پێغەمبەری پێشەواو سەروەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەرکی خۆی هێناوەتە جێ و سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێناوە، بۆیە سورەتی سەرکەوتن(نصر) ی بۆ هاتە خوارەوە:(إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ * وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا * فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا) واتە :ئەگەر سەرکەوتنی خوایی هات و مەککە رزگار کرا، دیتت وا کۆمەڵ کۆمەڵ دێنە دینی خواوە .سوپاس و ستایشی خوای خۆت بکەو داوای لێبوردنی لێ بکە بە راستی ئەو تۆبە وەرگرە ..

بەناوبانگترین وەفد کە هاتنە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمان بوون بریتی بوون لە وەفدی بەنی تەمیم کە زوبرەقانی کوڕی بەدرو ئەقرەعی کوڕی حابسیان تێدا بوو، وەفدی عبدالقەیس کە الجاروودی کوڕی عەمریان تێدا بوو، هەروەها وەفدی بەنی حەنیفە کە موسەیلەمەی کەززابیان تێدا بوو، وەفدی نەجران کە مەسیحی بوون هاتن.

## ووره وور لەگەڵ جولەکەکان[1]

کاتێك پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی برد بۆ مەدینە ئەو کاتە سێ تیرەی جولەکەی گەورەی تێدا بوو، کە دوای چەوساندنەوەیان لە لایە ن رۆمەکانەوە لە شامەوە هاتبوونە نیوە دۆرگەی عەرەب، ئەوانیش بەنو قەینوقاع و بەنو نەزیرو بەنو قورەیزە بوون، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگهێشتی کردبوون بۆ ئیسلام بەڵام وەدەنگ بانگەوازەکەیەوە نە هاتبون، بەڵام بووبون بە هاوپەیمان، بە پێی رێکەوتنی نێوان ئەوان و پێغە مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبوو هەردوولا دۆستایەکی یەکتری بپارێزن و خیانەت لە یەکتری نەکەن، ئەمە جگە لەوەی کە ئەوان ئەمانی تەواویان وەرگرتبوو کە بۆیان هەیە لەسەر دینی خۆیان بمێننەوەو سەروەت و سامانی خۆیان بە دەست خۆیانەوە گەشەو نەشونما بکات، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەردەوام بە رەفتاری ڕاست و دادی پێغەمبەرانە لە گەڵیان دەجوڵایەوە، ئەگەرچی ئەوان زۆر بە کەمی سەرڕاست دەبوون، ئە وان هەرچەندە هەموو وەسفێکی پێغەمبەرایەتی ئەمیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە تەوراتی خۆیاندا زانیبوو، تەوراتیان دەخوێندەوەو رۆژانەش پێغە مبەری خوایان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبینی کەچی باوەڕیان هەر پێی نەهێنا و لە ژێرەوەش بە هەموو دوژمنە سەرسەختەکانیەوە پەیوەست دەبوونەوە

---

[1] یەکلایی کردنەوەی حسابات ( تصفية الحساب)!! (و).

!کە بۆیان دەلوا دوژمنایەتی خۆشیان بەرامبەری رادەگەیاند، کە بۆیان نە دەکرا یان نەیاندەوێرا دوژمنانی تریان لێ هان دەدا !لە رەنجێکی بێ هودەی بەردەوام دا بوون بۆ وەستاندنی کاریگەریی بانگەوازەکەی، بەڵام سەرە نجامی ئەم رەفتارە نالەبارانەیان جار بۆجار ئاڵقەی ئازادی و ئەمانەکەیان لەسەر تەسکتر دەبۆوە، کە پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە بواری ئەوە نەما رەفتاری نەرم لەگەڵیاندا بەردەوام بێت، بۆیە ئیتر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وویستی وورە وریان لەگەڵدا بکات و رێی خیانەتی دیکەیان لێ بگرێت ..ئەویش بەم شێوەیە :

**١- بەنوقەینوقاع** :زێرِینگەرێکیان تەعەدای لە ئافرەتێکی موسوڵمان کرد دوای ئەوەی کە بە زۆر وویستی پەچەی پێ لادات و دەموچاوی پێ رووت کات[١] ئیتر هاواری کردە موسوڵمانان، موسوڵمانێك بە هانایەوە هات جولە کەکەی کوشت، جولەکەکانی تر موسوڵمانەکەیان دەسبەجێ کوشتەوە، ئیتر هەردوو لا کەوتنە کۆکردنەوەی هێزی جەنگ و بەرامبەر یەکتری وە ستانەوە، جولەکەکان هەزار پیاوی چەکدار دەبوون، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ  بە هێزی موسوڵمانان چوار دەوری جولەکەکانی گرت و وویستی تۆڵەیان لێ بکاتەوە، بەڵام عبداللّەی کوڕی ئەبو سەللول سەرۆکی دووڕووەکان کە جولەکان دۆستی دڵسۆزی بوون و لە شەڕدا پشتیوانیان

١ لە سەرچاوەکانی سیرەدا هاتووە کە نەیکرد، بێ ئاگابوونی خۆی لە پشتەوە داوێنی کراسەکەیان بە درِك بە ناوشانیەوە بەستەوە، کە هەستایە سەرپێ عەورەتی دەرکەوت، هاواری کرد: ئەی هاوار موسوڵمانینە.. (و) .

لە یەکتری دەکرد، خۆی گەیاندە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و واسیتەی بۆ کردن، ئەو ئایەتە لەو هەڵوێستەی ئەودا هاتە خوارەوە کە دە فەرمویَ:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) المائدة/٥١ واتە :ئەی ئەو کە سانەی باوەڕتان هێناوە، و لەکەو دیانەکان مەکەن بە دۆست و لایەنگری خۆتان، ئەوان خۆیان هەندێکیان سەرپەرشتیارو پشتیوانی یەکترن، هەر کەس لە ئێوە لایەنگریان بکات ئەوە حوکمی وەکو حوکمی ئەوان دەبێت .. ئیتر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەری کردنەوە بۆ ناوچەی ئەزروعاتی شام کە هرە لەوێوە هاتبوونە دۆرگەی عارەبەوە ..

٢- **بەنونەزیر** :هۆزێك بوون یەکێکیان موسوڵمانێکی کوشتبوو، پێغەمبە ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ وەرگرتنی خوێنەکەی چووە لایان، تا بە پێی ئەو رێکەوتنەی لە نێوانیاندا هەیە چارەسەری کێشەکە بکەن، سەرزارەکی خۆیان وا نیشاندا کە رازین، بەڵام لەو کاتەی ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە بن دیواری ماڵێکیاندا وەستابوو پلانیان کێشا تاوێرە بەردێکی بەسەردا بە ردەنەوەو بیکوژن، بەڵام خوای گەورە وەحی بۆ ناردو لە پلانەکە ئاگاداری کردەوەو بە خێرایی گەڕایەوە بۆ مەدینەو هێزێکی جەنگاوەری گەورەی کۆکردەوەو چووە بۆیان و تا ماوەی چەندین رۆژ گەمارۆی دان، ئەوانیش خۆیان لە قەڵاو قوللەی قایمی خۆیان نابوو، بەڵام خوای گەورە ترس و

بیمێکی زۆری خستە ناو دڵیان و تۆقین !ئیتر داوایان لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد کە نەیانکوژێت و ڕێیان بدات ئەمانیش لە ناوچەکە دوور کەونەوە، بەو مەرجەی ڕێیان بدات غەیری چەك چییان پێ هەڵگیرا لە کە لوپەل و سەروەت و سامانی خۆیان بە باری ووشتر لەگەڵ خۆیان ببەن، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕازی بوو کە وا بکەن و بچنە خەیبەر .. ئەوی بۆیان نەچوو حوکمی فەیئ وەرگرت کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەسەر هەژارو دەسکورتی موسوڵمانانیدا دابەش دەکاتەوە ..واشی کرد، ئەمەش ساڵی چواری کۆچی بوو، ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی الحە شریش لەسەر ئەم ڕوداوە دابەزین..

**٣- بەنوقورەیزە** :هەندێك لە جولەکەکانی بەنونەزیر کەوتبوونە دنەدانی حزبەکان دژی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بانگەوازەکەی تینیشیان بۆ بەنوقورەیزە هێنابوو کە دەبێ پەیمانەکەتان لەگەڵ محمدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵوەشێننەوەو بێنە پاڵ نەیارانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا قەناعەتیان پێ کردن، بەڵام زۆر زوو هەواڵەکە گەیشتەوە بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئەمانیش پەیمانەکەیان هەڵوەشاندۆتە وەو پەیمانێکی تری دوژمنکارانەیان لەگەڵ جولەکەو تیرەو هۆزە نەیارە کاندا بەستووە، کە شەڕی ئەحزاب ڕوویدا جولەکەکانی بەنوقورەیزە چوونە لای دوژمنان، بەڵام حزبەکان شەڕەکەیان دۆڕاندو خوای گەورە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرخست، ئینجا نۆرەی ئەوە هات کە بێتەوە سەر بەنوقورەیزەو حساباتێکی ووردیان

لەگەڵدا بکات، بۆیە بە لەشکرێکەوە چووە سەریان و بۆ ماوەی بیستو پێنج شەو گەمارۆی دان، تا تینیان بۆ هات و ترس و بیمێکی زۆریان لێ نیشت ئینجا داوایان کرد ئەبولوبابە کە یاوەرێکی پێغەمبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پێش ئیسلامەتیشی دۆستی شەرابنۆشی ئەوان بوو ووتیان با ئەو بێتە لامان و قسەی هەردوولامان بێنێت و ببات، سەرەنجام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەرچەندە سەعدی کوڕی مەعازیش واسیتەی بۆ کردبوون بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حوکمی کوشتنی پیاوە کانیان و بردنی ژن و منداڵەکانیانی دا، حوکمەکەش بەسەر زیاتر لە حەوت سەد پیاویاندا جێبەجێ کرا، لە باسی ئەم روداوەدایە کە خوای گەورە لەسورەتی الاحزابدا دەفەرموێ:(وَأَنزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِن صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا * وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَارَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَأَرْضًا لَّمْ تَطَؤُوهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا) الاحزاب/٢٦ - ٢٧ واتە :خوای گەورە ئەو کەسانەی لە خاوەن پەیامە ئاسمانیەکان(بەنوقورەیزە (تێکشکاند کە پشتیوانی قورەیشیان دژی ئێوە کرد لە قەڵاو قوڵلەکانیان هێنانیە خوارەوە و ترس و بیمی هاوێشتە دڵ و دەرونیان، ئێوەش ئەوەبوو کە کۆمەڵێکتان لێ کوشتن و کۆمەڵێکی ترتان لێ بەدیل گرتن ..ئیتر جێ و رێ و خاك و زەوی و زاریانی خستە دەست ئێوەو سەروەت و سامانیانی بۆ ئێوە جێ هێشت، هەروەها شوێن و رێی وا کەوتە بەردەستتان(خەیبەر) کە پێشتر پێیدا نە

ڕۆیشتبوون، خوای گەورە خاوەن دەسەڵاتەو بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە ..

**٤- جولەکەکانی خەیبەر** :لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا دوای ئەوەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕێکەوتنی حودەیبییە گەڕایەوەو مەدینە، زانی کە چۆن جولەکەکانی خەیبەر فاك و فیکیان کردبوو لەگەڵ قورەیش و نە یارانی تری ئیسلامدا بەرەیەکیان دروست کردبوو، هەندێکیشیان لەوانە بوون کە پێشتر بۆ خەیبەر دەرکرابوون بەڵام وازیان لە پیلانگێڕانی خۆیان نەهێنابوو بە تایبەتی کە لە شەڕی ئەحزابدا لە بەرژەوەندی بەرەی کوفر بووبوونە سەرچاوەی قسەو قسەڵۆکی شەڕی واتەواتی ناو مەدینە ..بۆیە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە موحەڕەمدا هێزێکی گەورەی پێکەوەناو چووە سەریان، خوای گەورەش بەڵێنی فەتحی پێدا بوو کە پێی فە رموبوو:(وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا * وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا) الفتح/١٨-١٩ واتە : خوای گەورە فەتحێکی زۆر نزیك و ئاسای پێ بەخشین و دەسکەوتێکی زۆریشیان چنگ کەوت ..

هاتنی ناکاوی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ خەیبەر بووە مایەی دڵە ڕاوکێ و تۆقینیان، بۆیە خێرا لە قەڵاکەی خەیبەردا خۆیان قایم کرد، موسوڵمانان گەمارۆیان دان بەڵام ئەوان زوو ناچار بوون داوای ڕێکە وتنێکی تر لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکەن !ڕێکەوت لەگەڵیاندا بەڵام هەر بە کشانەوەی هێزی موسوڵمانان ڕێکەوتنەکەیان پێشێل کرد،

ئەمجارە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتەوە سەریان و پیاوو ژن و منداڵی لێ بە دیل گرتن، وویستی دەریان کاتەوە، بەڵام ئەوان هانایان بۆ هێناو تەئکیدیان کردەوە کە ئەمجارە بە ڕێکەوتنەکەوە پابەند دەبن، لە بەندی ڕێکەوتنەکەش ئەوە بوو کە نیوەی بەرهەمی چاندنی خۆیان بدەنە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئیتر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێی بە مانەوەیان دایەوە ..

لەو ئافرەتانەی گیرابوون یەکێکیان سەفییەی کچی حویەی کوڕی ئەختەبی سەرۆکیان بوو !مێردەکەی کوژرابوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە هیوای نزیك کردنەوەی باوك و عەشرەتەکەی داوای لێ کرد موسوڵمان ببێت و شووی پێ بکات ئەویش موسوڵمان بوو، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مارەی کرد.[١]

لە کاتی ئەم غەزایەدا بوو کە جەعفەری مامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرەکانی هاوڕێی لە حەبەشەوە هاتنەوە بۆ مەدینە، کە پێشتر کۆچیان بۆ ئەوێ کردبوو، هەر لە کاتی ئەم غەزایەدا بوو کە زەینەبی کچە جولەکە گۆشتی ژەهراوی کراوی دا بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەڵام خوای گەورە پیلانەکە

---

١ ئیتر هەموو یاوەرەکان ئەوانەی کە دیلیان لابوو هەموویان ئازادیان کردن چونکە پێیان شەرم بوو ژنبراکانی پێغەمبەریان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە دیلی لە لا بێت! ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر دەروونی حویەی باوکی و جولەکەکانی تر بەڵام هەر لەسەر گومڕایی خۆیان مانەوە.. (و).

ی فەزح کردو پێغەمبەر خۆشەویستەکەی خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قوتار کرد ..

دوای غەزای جولەکەکانی خەیبەر چووە سەر جولەکەکانی تریش کە لە وادی القوراو تەیماء و فەدەك بوون و رێکەوتنی لەگەڵدا کردن و تەشریفی هێنایەوە بۆ مەدینە ..

جولەکەکان هەر وا بە پیلانگێڕیی خۆیان لە ناو موسوڵمانانی نیوەدوڕگەی عەرەبدا مانەوە تا ئیتر لە زەمانی عومەری کوڕی خەتتابدا بە یەکجاری دەرکران، چونکە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو بووی کە(لَا يَبْقى فِيْهَا دِينَان) واتە دوو دین نابێت لە نیوەدوڕگەی عەرەبیدا هەبن ..

## حەجی ماڵئاوایی

راستترین بۆچوون ئەوەیە کە حەج لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا فەرز کرا، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەبوبەکری سددیقی خوا لێی رازی بێت نارد بە ئەمیرێتی سێ سەد پیاوەوە نارد کە هەواڵ بدەنە خەڵکی مەدینە کە لە رۆژی قوربانیدا هاوار لەو خەڵکە بکەن کە لەم ساڵەوە ئیتر نابێت موشریك بچێتە مەککەوەو حەج بکات، نابێت کەسیش تەوافی کەعبە بە رووتی بکات، پاشان عەلی کوڕی ئەبو تالیبیشی خوا لێی رازی بێت بۆ هە مان مەبەست نارد ..

ئەم حەجە پێشەکیەکی حەجی ماڵئاوایی بوو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ساڵی داهاتوودا کردی، کە نیەتی حەجی هێنا خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە کە دەیەوێت بچێت بۆ حەج . ئیتر خەڵکێکی زۆری خەڵکی مەدینەو دەوروبەری خۆیان ئامادە کردو لە خزمەتیدا چوون، لە رێگاش هەرچی توانای حەجی بوو لە خزمەتیدا کەوتە رێ ..لەم حەجەیدا خێزانە بەرێزە کانیشی لەگەڵ خۆیدا بردن ..

لەم حەجی ماڵئاواییەدا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر جاران ووتاری دا، لە مەککە، لە نەمرە، رۆژی عارفە، لە مینا، خەڵکی فێری چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج دەکرد، هەموو ئەو رەفتارە جاهیلییانەی بۆ

ڕاست دەکردنەوە کە هێشتا مابوون، یان ئەو یاسایانەی کە عەرەبەکان خوویان پێوە گرتبوو ئیسلامیش پێی ڕازی نەبوو، وەکو نەسیئ[١] ..

پێغەمبەر بەردەوام ئامۆژگاری دەکردن، شتی بیر دەخستنەوە، بنەما سەرەکیەکانی دینەکەی بۆ باس دەکردنەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە عەقیدەوە هەبوو، یان پەیوەندی موسوڵمانان بە موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانەوە، یان گوێڕایەڵی کاربەدەستانی موسوڵمانی خۆیان، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە خێزانەوە هەبوو، باسی ماف و ئەرکەکانی هەر لایەنێکی لە هاوسەرەکان بۆ دەکردنەوە ..زۆری جەخت لەسەر پابەندبوونەوە یان کردەوە بە قورئان و سوننەتەوە، پێی فەرموون کە چۆن بانگەوازەکە هەڵدەگرن و دەیگەێننەوە، داوای لێ دەکردن کە شایەتی بدەن لەوەی ئەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەیامی خوای پێ گەیاندن، ئامۆژگاری کردن، ئەو ڕاسپاردەی لەسەر شانی پیرۆزی بوو گەیاندی و هەموو شتێکی بۆ ئەمان ڕوون کردەوە، پێی فەرموون :لەوانەیە من دوای ئەمساڵ جارێکی تر لەم جێیەدا نەتانبینمەوە، ئیتر ئامۆژگاریەکی دیاربوو کە ئامۆژگاری کەسێکە کە ماڵئاوایی دەکات و نایبیننەوە!!

دوای گەڕانەوەی لە حەج لە مەدینە نەخۆش کەوت و لە مانگی ربیعی یەکەمی ساڵی دەیەمی کۆچیدا دوای ژیانێکی پڕ بەرەکەت و فەڕی خوایی، پڕ لێوەشاوەیی پێشەوایەتی و ئارامگریی سەردارانەو پاڵەوانێتی و جوامێریی ڕەسەن کۆچی دوایی

١ ئەوە بوو کە بە کەیفی دەسەڵاتداران ئەمساڵ شتێکیان حەرام دەکرد ساڵێکی تر حەڵاڵیان دەکرد یان بە پێچەوانەوە! (و) .

کرد، درودی خوای لەسەر ..ژیانی پیرۆزی دەقاودەق چەسپاندنی قورئانەکە بوو ..

## بڵاو بوونەوەی ئیسلام

دواى پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەبوبەکری سددیق بوو بە خەلیفە ئینجا دوای ئەو عومەری کوڕی خەتتاب، دوای ئەویش عوسمانی کوڕی عەففان، ئینجا عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێیان رازی بێت، ئەمانە خەلیفە راشیدەکانی دوای ئەو زاتە پیرۆزەن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم بەڕێزانە ئەوانەن کە دەرهەقیان فەرمانی بە ئوممەتەکەی کرد کە شوێن سیرەی پاکی ئەمان کەون و رەویەی ئەمان بگرنە بەر[١] ..

ئیسلام لە ماوەیەکی کەمدا بە پشتیوانی خوای گەورەو پاشان بە جیهادی نەپساوەی ئەو یاوەرە بەڕێزانەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر زوو بڵاوبۆوە، یاوەران گەیاندیان بە تابعین و ئەوانیش جوامێرانە وەك کە شیاوە ئاڵای یەکخواناسیەکەیان بە هەرچوار لای جیهاندا بڵاو کردەوە، وە نەبێ بڵاو بوونەوەی ئیسلامەکە بە شمشێری جیهادەکەی بووبێت، وەکو کە دوژمنانی خوا دەیڵێن، بەڵکو بە دوو هۆی سەرەکی بوو:

---

١ وەکو کە لە حەدیسی سەحیحی ئیمامی ترمزی و ئیبنو حیبباندا هاتووە.. (و).

یەکەم :هۆکارە زاتیەکانی خودی ئیسلام، وەکو سادەو ئاسانی عەقیدەکەی و ئیعتیماد کردنە سەر ژیریی، هەروەها ئاسانی خوا پەرستنەکانی کە لەگە ڵ سروشت و واقیعی هەموو مرۆڤێکدا دەگونجا ..هەروەها تێر کردنی لایە نی ماددی و رۆحی مرۆڤ و پارسەنگ راگرتنی هەردووکیان، یان گشتگیریی پەیامەکەی کە بارودۆخی ژیانی هەموو کەسێکی لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگاکان دەگرتەوە !!یان ئاڕاستە شەرعیەکانی کە هەموو بارودۆخێکی دنیایی و قیامەتی مرۆڤایەتی لەخۆ گرتووە ..

دووەم :بارودۆخی ناهەمواری ئەو وولات و هۆزو گەلانەی ئیسلامیان پێ دە گەیشت، کە پڕ بوو لە ستەم و خراپەکاریی، کە هەموو گۆشەیەکی ژیانی مرۆڤایەتی تاریك کردبوو، خەڵکی چاوەڕوانی رزگاریخوازێك بوون، چاوە ڕوانی کەسێك پەیامێك کۆمەڵێك بوون لەو پشێوی و نالەبارییە دەریان بهێنێت، ئیتر لە ئیسلامەکەدا خۆیان دەدۆزیەوە، ئومێدیان تێ دەگەڕایەوە بۆیە تاك و کۆ سەرپشکانە و سەربەستانە رۆژانە بەریز دەهاتنە ناو دینە کەوە ..

ئیسلام هەرگیز باوەڕی بەوە نەبووە بە زۆری شمشێر دینەکە بدات بەسە ر خەڵکیدا، چونکە دڵنیایی لە ناخی شوێنکەوتووانیدا رواندبوو کە دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا ..لەو سەردەمەو لە زەمانەکانی دواییدا ئەوە لە بەرچاوی خەڵکی روون بوو کە لە سەرەتای دینەکەوە چۆن بانگەوازەکەی لەگەڵ لاوازی و بێ دەسەڵاتی شوێن کەوتوانیدا، لەگەڵ موستەزعەفی

موسـولّمانانـدا چۆن تـەشـەنـەی دەکـرد و دەسـەڵاتداران لـەبـەر دەم بڵاوبوونەوەیدا مات و مەلوول، دەسەوسان و بێ دەسەڵات دەوەستان ..بە زۆر فەرز نەکردنی دین سیماو کرۆکی بانگەوازی خواییـن، سەیدنا نـوح دە یفەرموو:(أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَارِهُونَ) هـود/٢٨ واتە :چما بەزۆر پێیەوە پابەندتان دەکەین و بەسەرتانیدا دەدەین لەکاتێکدا کە خۆتان ناتانەوێت و دەیبوغزێنن؟ یا کە لە پەیامی قورئانەکەشدا بە پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموو:(أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ) یونس/٩٩ واتە :بۆچی دەشێت خەڵکی ناچار کەیت تا موسولّمان بن؟ !یان:(لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) البقرة/٢٥٦ واتە :بە هیچ شێوەیەك زۆرەملێ لە دین وەرگرتندا نیە، خۆ ڕێ ژیریی لە گومڕایی جوێ بۆتەوە ..

دەربارەی ئەو حەدیسەش کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویە تی:(أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَمَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَقَدْ عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلَّا بِحَقِّهِ وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ) واتە :فەرمانم پێدراوە کە جەنگ بەرامبەر خەڵکی بکەم تا دەڵێن لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، ئەگەر ووتیان ئەوە ئیدی خوێن و سامانیان لە من حەرام دەبێت مەگەر بە پێی ئە و شایەتمانە، ئیتر لێپرسینەوەشیان لای خوای گەورەیە ..مەبەست لەوە نیە کە شایەتمان هێنانی خەڵکی بۆ خۆی پاڵنەری جیهاد کردنەکەیە، نا چونکە مەبەستەکە لەوەیە کە ووتنی شایەتمانەکە کۆتایی ململانێکەیە،

خۆ پێشتر باس لەوە کرا کە ئامانجی جیهاد بەرگری کردنە لە عەقیدەو بە ها پیرۆزەکانی ئیسلام و دابین کردنی هێمنی خەڵکی و مسۆگەر کردنی ئازادی بانگەوازەکەو ئەمانی ئەو موسوڵمانانەیە کە بە هۆی موسوڵمان بوونیانەوە تووشی سەدان کێشە کراون ..هەر کەسێك شەڕ بە موسوڵمانان بفرۆشێت یان ئەمنیەتیان لێ بسێنێتەوەو رێی بانگەوازە خواییەکەیان بگرێت، جەنگی دژ بەرپا دەکرێت تا شەڕ دەوستێنێت و ئیسلامەکە قبووڵ دەکات[1]. ئەمەش تەفسیری ئەو ئایەتانەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ:(قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ) التوبة/٢٩ واتە :لەگەڵ ئەو کە سانەدا بجەنگن کە باوەڕیان بە خواو بە رۆژی دوایی نیەو ئەوە بە حەرام دانانێن کە خوای گەورە بە حەرامی داناوەو بەرنامەی دینە راستەکە وە رناگرن، لەوانەی خاوەن کتێبی ئاسمانین و پەیامی خواییان بۆ هاتووە، تا مل لێ دەنێن و ملکەچانە جزیەکە دەدەن[2].

---

[1] وەك سیستمی دەسەڵاتدارییووڵاتەکە.. (و).

[2] ئاشکرایە کە وەرگرتنی جزیە کۆتایی بەشەڕ دەهێنێت نەك ناچارکردنی بەرامبەرەکە لەسەر موسوڵمان بوونی.. جزیەکەش پاڵنەری جیهادەکە نیە بەڵکو نیشانەی تەسلیم بوونە بە دەسەڵاتی سیستمی ئیسلامی نەك وەرگرتنی عەقیدەو پەرستنەکەی.. (و) .

## منداڵەکانی پێغەمبەر

## صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەوت منداڵی هەبووە سێ کوڕو چوار کچ:

قاسم و عبداللە و ئیبراهیم، کچەکانیش زەینەب و روقەییە و ئوم کەلسوم و فاتیمە ..هەموویان لە خەدیجەن جگە لە ئیبراهیم کە لە مارییەی قیبتیە ..

١- قاسم :یەکەمین منداڵێتی و بە ناوی ئەمەوە بە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دە وترا ئەبو القاسم، پێش پێغەمبەرێتی لە مەککە لە دایك بوو، هەر لە مەککەو پێش پێغەمبەرێتیەکەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد ..هەندێك فەرموویانە کە دوای پێغەمبەرێتیەکە بووە..

٢- عبداللە :ئەمە کە بە نازناوی تەییب و تاهیر ناسراوە، پێش پێغەمبەرێتی لە دایك بوو لە تەمەنی شیرەخۆرەییدا کۆچی دوایی کرد.

٣- ئیبراهیم :لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەدایك بوو، پێش ئەوەی دوو ساڵ تەمەن تەواو کات کۆچی دوایی کرد، دەربارەی کۆچی دوایی و خەمی ئه مه کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(وَإِنَّا بِكَ لَمَحْزُونُونَ) واتە بە مردنت خەمبارین ..

٤ - زەینەب :كچە گەورەی بوو، پێش پێغەمبەرێتیەكەی لە دایك بوو، شووی كرد بە كورە پورێكی خۆی كە ناوی ئەبو العاسی كوڕی الرەبیعە، لە مەدینە لە ساڵی هەشتەمی كۆچیدا كۆچی دوایی كرد، كچی ئەم كە ناوی ئومەیمە بوو دوای كۆچی دوایی كردنی فاتیمەی كچی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شووی كرد بە عەلی كوڕی ئەبو تالیب ..

٥ - روقەییە :پێش پێغەمبەرێتی لەدایك بوو، هەر لەمەككە عوتبەی كوڕی ئەبو لەهەبی مامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خواستی، بەڵام دوایی ئە بو لەهەب كە ئایەتی زەم كردنی(تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ) لە قورئاندا هاتە خوارەوە، بە كورەكەی خۆی بە تەلاقدان دایەوە، ئینجا شووی كرد بە عوسمانی كوڕی عەففان و پێكەوە كۆچییان بۆ حەبەشە كردو دواتریش بۆ مەدینەو لەوێ پێش غەزای بەدری گەورە كۆچی دوایی كرد ..

٦- ئوم كەلسوم :پێش پێغەمبەرێتی لەدایكبوو، عوتەیبەی كوڕی ئەبو لە هەبی مامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خواستبووی، بەڵام كە ئایەتە كانی قورئان لەسەر ئەبو لەهەب هاتە خوارێ عوتەیبەی ناچار كرد دە ست لە ئوم كەلسوومی دەزگیرانی هەڵگرێت، ئەمیش لە مەدینە شووی كرد بە عوسمانی كوڕی عەففان دوای ئەوەی كە روقەییەی خێزانی كە هە ر خوشكی ئەم بوو كۆچی دوایی كرد ..بەڵام ئەمیش دوای شەش مانگ لە شوو كردنەكەی بە سەیدنا عوسمان كۆچی دوایی كرد ..

٧- فاتیمە :پێش پێغەمبەرێتی لەدایکبوو، ساڵی دووەمی کۆچی عەلی کوڕی ئەبو تالیبی ئامۆزای پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ خواستی، دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ بە شەش مانگ ئەمیش کۆچی دوایی کرد ..حەسەن و حوسەین خوا لێیان رازی بێت کە گەورەی لاوانی بەهەشتن منداڵی ئەمن کە زۆرینەی ئالو بەیتیان لێ کەوتۆتەوە ..

## خێزانەکانی پێغەمبەر
## صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

زۆر رێسای نەریتی ژن هێنانی عارەبەکانی پێش ئیسلام هەر وەکو رێسای نە ریتی نەتەوەکانی تر وابوون، چەند ژنییان بوویستایە دەیانهێنا، ژمارەیەکی دیاری کراویان لا نەبوو، ئەمەش هەر وا بەردەوام بوو تا کاتی هاتنی ئیسلام، پێغەمبەریش دوای کۆچی دوایی کردنی خەدیجەی خێزانی چەندین ژنی هێنا ..

کە لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا فەرمانی خوای گەورە بۆ دیاری کردنی چوار ژن بۆ پیاوێك هات، هەر یەك لە هاوەڵان ئەوی لە چوار ژن زیاتری هەبوو تەڵاقیان دان و چواریان هێشتنەوە، بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خوای گەورە فەرمانی پێدا کە ئەوانەی لە عیسمەتی ئەودان بیانهێڵێتەوە، چونکە ئەگەر تەڵاقیان بدات بۆیان نیە شوو بکەنەوە بە کە س چونکە بە شوو کردنەکەیان بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوونەتە دایکی هەموو موسوڵمانان، وەکو خوای گەورە دەفەرمویٚ:(النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ) الاحزاب/٦ واتە :پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خودی موسوڵمانەکان بۆیان لە پێشترە وەك لە خۆیان، خێزانەکانیشی دایکی ئەوانن ..هەروەها:(وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا) الاحزاب/٥٣ واتە :پاش خۆشی بە هیچ شێوەیەك و هەتا هەتایە نابێت ژنەکانی مارە بکەنەوە ..

ژن هێنانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە هیچ شێوەیەك بە مەبەستی حەزو هەواو هەوەس نەبووە، چونكە ئەو ژیانە سادەو هەژارانەی ئەو تێیدا ژیاوەو ئەو كۆڵی بەرپرسێتیە گەورەیەی لەسەر شانی پیرۆزی بووە لە كاری بانگەوازیی خوایی و پێكەوەنانی كۆمەڵگەو بەڕێوەبردنی كاروباری سیاسی و جەنگ و ئاشتی كۆمەڵگەكەو خۆ ئامادە كردن و جیهادو بەرە نگار بوونەوەی هێرش و پەلاماری دوژمنان و پوچەڵ كردنەوەی پیلانە كانیان، ئەمانە جگە لەوەی كە هەمیشە ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هۆشی لای قیامەت و دیداری خوای خاوەنی بووەو فەزڵی رۆژی دوایی داوە بەسەر ژیانی دنیایدا ..ئەم پلەو بەرپرسێتیەی رۆژانەی تەمەن بواری ئەوەی بۆ نە كردۆتەوە خۆی بۆ ئارەزووی جەستە تەرخان كات، یان هەوڵی سەرۆكایەتی و خۆ دەوڵەمەند كردنی خۆی بدات ..

ژن هێنانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گومانی تێدا نیە هەمووی دە كەونە بازنەی سۆزو بەزەیی و رەفتاریی میهرەبانیانەیەوە، ژن هێنانی هە ندێكیانی بەرژەوەندی گەورەی بۆ ئیسلام و سەرخستنی موسوڵمانان مسۆگەر كرد ..ئەگەر ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پیاوێكی ئارەزوومەند بوایە نەدەچوو ئەو هەموو بێوەژنە لە خۆی كۆكاتەوە، لە كاتێكدا هەموو سە رۆك خێڵەكان تەمەنای ئەوەیان دەكرد كچی خۆیانی بدەنێ، ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەنها عائیشەی بە كچێنی خواستووە ..چەندەها جار وەكو لە

قورئان و سیرەی پاکیدا سەلمێنراوە ئافرەت هەبووە داوای لێکردووە شووی پێبکات و ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رەفزی کردۆتەوە ..چونکە هە موو ژن هێنانەکانی پەیوەندیان بە بەرامبەرێکیەوە هەبووە نەك بە حەزی خۆیەوە ..

پێغەمبەری پێشەواو سەروەرمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یازدە ژنی هێناوە، دوانیان هەر لە تەمەنی خۆیدا کۆچی دواییان کرد کە خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلیدو خاتوو زەینەبی کچی خوزەیمە بوون ..ئەوانی تر کە نۆ ئافرە تن لە دوای کۆچی دوایی خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دواییان کرد ..کە بریتین لە عائیشەو حەفسەو ئوم حەبیبەو ئوم سەلەمەو سۆدەو زەینەبی کچی جەحش و مەیموونەی کچی الحارث و جوەیریەو سەفییە ..

ئەمانە غەیری ئەوانەن کە مارەی کردن بەڵام نەیگواستنەوەو تەڵاقی دانە وە، یان کەنیزەکێك بوون و بوونە خێزانی وەکو ماریە ..خوا لە هەموویان رازی بێت.. دایکی بەڕێزمانن ..

١- خەدیجە :کچی خوەیلدی کچی ئەسەدەو لە باپیرە قوسەی ئەوو پێغەمبە ری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەکن، پێش هاتنی ئیسلامەتی شووی کرد بە ئەبو هالە، پاش ئەویش شووی کرد بە عەتیقی کوڕی عابید، پاشان پێش پێغەمبەرێتی شووی کرد بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ..

دایکە خەدیجە زۆر بەوەفا بوو بەرامبەر بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆیە پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەروەکو سیفەتی رەسەنی

خۆی و زیاتر بەرامبەر ئەو بەوەفا بوو، هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جگە لە ئیبراهیم لەمن، تا ئەو لە ژیانیدا مابوو جەنابی ئەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ژنی تری نەهێنا، کاتێکیش کۆچی دوایی کرد پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆری خەفەت بۆ خوارد، خەدیجەخانم یەکەمین کە س بوو کە باوەڕی بە پێغەمبەرێتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێنا، وە کو لە حەدیسی سەحیحدا هاتووە جوبرەئیل مژدەی بۆ هێنا کە خوای پە روەردگار بە تایبەت کۆشکێکی بەهەشتی بۆ تەرخان کردووە، خەدیجە خاتوون چاکترینی خێزانەکانی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لە حە دیسی سەحیحی تریشدا هاتووە کە خەدیجە باشترین ئافرەتی ئەهلی بەهە شتە ..خوا لێی رازی بێت ..

٢- سۆدە :سۆدەی کچی زەمعە، لە باپیرە لوئەی کوڕی غالیبدا لەگەڵ پێغە مبەری خۆشەویستدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەك دەگرنەوە، پێشتر شووی بە ئامۆزایەکی خۆی کردبوو کە ناوی(السسەکران) بوو، سەکرانیش موسوڵمان بوو و کۆچی بۆ حەبەشە کرد و لەوێ کۆچی دوایی کرد، پاشان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەك بەزەیی هاتنەوە بە باری لاری ئەودا دوای کۆچی دوایی خاتوو خەدیجە خانم خواستی، کە پیر بوو خەمی ئەوەی بوو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەڵاقی بدات، نۆرە شەوانی خۆی بە دایکە عائیشە بەخشی، ئەوەبوو کە بە عائیشە خانمی فەرموو :سوور نیم

لەسەر مێردو پێویستی ئەوەم نیە کە ژنان لە مێردیان دەوێت، بەڵام هەر حەز دەکەم لە خزمەت پێغەمبەردا بم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا خوای گەورە لە رۆژی دواییشدا لە ریزی خێزانەکانیدا دامنێت ..

مێژووی ووردتر ئەوەیە کە لە ساڵی ٥٣ی کۆچی و لە سەردەمی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت ..

٣- عائیشە :کچی ئەبوبەکری سددیقە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مەککە خواستی و لە مەدینە لە تەمەنی سێزدەساڵیدا هێنای، ئەم تەنها ئافرەت بوو کە بە کچێنی هێنای، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆری خۆش دەویست، یەکێك لە حیکمەتی خواستنی بەهێزکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ سەیدنا ئەبوبەکرو خانەوادەکەی ..لە هەموو خێزانەکانیدا ئەم لە هەموویان زیرەکتر بوو، لە هەموو زانستیەکانی ئەو سەردەمەی دەزانی، خوای گەورە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە پاکی و بەرائەتی لەو تۆمەتە بە دەی بۆیان دروست کرد ناردە خوارەوە ..ئیمامانی ئەهلی سوونەت لەسەر ئەوە رێکن کە هەر کەسێك تانە لە ناموسی بدات کافر دەبێت، خاتوو عائیشە خوا لێی رازی بێت لە ساڵی ٥٦ کۆچی لە سەردەمی حوکمی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا خوا لێیان رازی بێت کۆچی دوایی کرد ..منداڵی نەبووە کە پێی دەڵێن ئوم عبدالله لەبەر ئەوە بوو کە عبداللهی کوڕی زوبەیری خوشکەزای زۆر لە لا دەبوو، بە هۆی ئەوەوە ئەو کونیەیەی بەسەردا دابڕا ..خوای لێی رازی بێت ..

٤- زەینەب :کچی خوزەیمە، مێردەکەی ناوی عبداللەی کوڕی جەحش بوو کە لە پێناوی خوادا شەهید بوو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا مارەی کردو هێنای ..ساڵێك بەسەر شوو کردنەکەیدا بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تێنەپەڕی کە کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بەقیعی مەدینە نێژررا ..خوا لێی رازی بێت ..

٥- حەفصە :کچی عومەری کوڕی خەتتاب، پێشتر ژنی خونەیسی کوڕی حوزافەی سەهمی بوو کە سەحابیەو خوا لێی رازی بێت لە دوای غەزای بە در کۆچی دوایی کرد، بۆ رێزگرتن لە باوکی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خواستی، حەفسە خانم بە شەونوێژو رۆژوو گرتنی زۆر بەناوبانگ بوو، لە مەدینە لە ساڵی ٤١ کۆچیدا کۆچی دوایی کرد . خوا لێی رازی بێت .

٦- ئوم سەلەمە :ناوی هیندی کچی ئەبو ئومەییەیە، شووی بە ئامۆزای خۆی کردبوو کە ناوی عبداللە کوڕی عبدالاسەد بوو، پێکەوە کۆچیان بۆ حەبەشە کرد، دوایی کە مێردەکەی کۆچی بۆ مەدینە کرد، کەسوکاری ئوم سەلەمە نەیانهێشت ئەم بڕوات بۆ لای، تا مێردەکەی لە ساڵی ٤ك لە مە دینە کۆچی دوایی کرد، کە دڵنەواییان دەکرد، پێیان دەوت بەڵکو پیاوێکی لە عبداللەی مێردت چاکترت بێتەوە رێ، دەیووت :کێ هەیە وەکو عبداللە باش بێت؟ !ئیدی خوای گەورە لە عبداللەی باشتری بە نسیب کرد کە پێغە مبەری رێزدارە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

داوای كرد پێش هەموو شتێك ئەم هەواڵی جێ و ڕێی نوێی منداڵەكانی پرسی ئینجا مافی خۆی لە نێوان هەوێكانیدا !!خوا لێی رازی بێت بە ژیریی و چاوكراوەیی و خاوەن رای خۆی بەناوبانگ بوو، ساڵی ٥٨ كۆچی كۆچی دوایی كرد كە كۆتا خێزانی پێغەمبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە تا ئەو ساڵە مابوو ..خوا لێی رازی بێت ..

٧- زەینەب :كچی جەحش، دایكی كە ناوی ئومەیمەیە پوری پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرەتا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خواستی بۆ زەیدی كوڕی حاریسە كە خزمەتكاری خۆی بوو، بە ناوی زەیدی كوڕی محمدە وە بانگ دەكرا !!بەڵام ژیانیان نەچووە سەرو تەڵاقی دا، پاشان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ بەتاڵ كردنەوەی ئەو ڕێسا جاهیلییە خواستی كە دەیووت نابێ پیاو ژنی زڕكورانی خۆی كە هی ماڵەكەی نیەو بەخێوی كردووە مارە كاتەوە ..ئایەتەكانی سورەتی الاحزاب ٣٦ و ٣٧ لەسەر ئەم مەسەلەیە دابەزینە خوارێ ..

عائشە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ :زەینەب لە خواترستر بوو، راستگۆ بوو، خزمایەتی زۆر دەفامی و سیلەی روحمی لەبەرچاو بوو، خاوەن خێرو خێراتی زۆر بوو، لە كاتی شوو كردنەكەی ئەودا حیجاب فەرز كرا، لە ساڵی ٢٠ یان ٢١ ك كۆچی دوایی كرد ..زەینەب یەكەمین خێزانی پێغەمبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە دوای پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كۆچی دوایی كرد ..خوا لێی رازی بێت ..

٨- جوەیرییە :کچی الحارث الموستەلیقییە، پێشتر ژنی موسافیعی کوڕی سەفوان بوو کە لە رۆژی المورەیسیعدا لە غەزای بەنی موستەلیقدا لە ساڵی ٥ ك بە کافری کوژرا ..جوەیرییە ئەو رۆژە لەو غەزایەدا بە دیل گیراو بووە پشکی سابیتی کوڕی قەیس، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یارمەتیدا تا لە دیلێتی رزگاری کردو نەبووە کەنیزەك(کۆیلە (و موسوڵمان بوو، دواتر کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خواستی موسوڵمانەکان ئەوانەی دیلی بەنی موستەڵیقی هۆزی خاتوو جوەیرییەیان لابوو، هەموویان ئازاد کردن، ووتیان چۆن دەبێت ماڵە خەزورانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لای ئێمە دیل بن، بۆیە شوو کردنەکەی بۆ کەسوکاری نزیك و دووری زۆر بەبەرەکەت بوو ..لە ساڵی ٥٠ ك لە مەدینە کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت ..

٩- ئوم حەبیبە :ناوی هیندی کچی ئەبو سوفیانی کوڕی حەربە، پێشتر ژنی عبداللە کوڕی جەحش بوو، کە کۆچی بۆ حەبەشە کردو لەوێ لە ئیسلام هەڵگەڕایەوەو مرد !!لە حەبەشە بوو کە ساڵی ٧ ك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ رێزلێنانی لە دوورەوە خواستی، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەبەستی بوو کە ئەو دوژمندارێتیە سەر سەختانەی باوکی بە خواستنی ئەم کەمکاتەوە ..چونکە باوکی لە دوژمنە سەرسەختەکانی پێغە مبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..ئوم حەبیبەخان لە ساڵی ٤٤ کۆچیدا لە

سەردەمی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی برایدا کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت ..

١٠- سەفییە :کچی حویەی کوڕی ئەختەبی گەورەو پیاوماقوڵی جولەکە کانی بەنونەزیرە، کە مێردەکەی لە ساڵی ٧ ك لەغەزای خەیبەردا کوژرا و ئەم کەوتە دەست موسوڵمانان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئازادی کردو پاشان خواستی تا کاریگەرییەك لەسەر دڵ ودەروونی باوك و هۆزەکە ی دروست کات، واش بوو، سەفییە خانم ئافرەتێکی ژیرو سالارو سە نگینی خاوەن چاکە بوو ..لە ساڵی ٥٠ ك لە مەدینە کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت ..

١١- مەیموونە :کچی الحارث الهیلالیە، شووی بە کابرایەکی بەنی رەهەم کردبوو، دوای موسوڵمان بوونی لە مەککە بە تەنها هێشتیانەوە، ئیتر پێغە مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ساڵی ٧ ك کە لە عەمرەی قەزاء بوو خواستی و کاروباری گواستنەوەی دایەوە بە عەبباسی مامی کە هەر مێردی ئوم الفە زڵی خوشکی مەیموونە بوو، ئیتر گوازرایەوە ..لە ساڵی ٥١ ك لە ناوچەی سەرەف کە ١٠ کلم لە مەدینەوە دوورە کۆچی دوایی کرد . ئەوێش هەر ئەو شوێنە بوو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێی گواستەوەو ..خوا لێی رازی بێت ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جگە لەم خێزانە بەڕێزانەشی ماریەی قیبتی هەبوو کە مقەوقسی میسری بۆی ناردبوو، کە هاتە خزمەت پێغە

مبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ موسوڵمان بوو، ئیسلامی زۆر بە جیددی وە رگرتبوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئیبراهیمی کوڕی لەم بوو ..خاتوو مارییە لە ساڵی ١٥ ك یان ١٦ کۆچی لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا خوا لێی رازی بێت کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت ..

هەر کەسێك بە ووردی و بێ لایەنانە دیراسەی ژن هێنانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات زوو بۆی دەسەلمێت کە ژن هێنانەکانی هیچ لەبەر حە زو ئارەزوو نەبووە، لە هەر یەکێکیاندا پاڵنەرێکی مرۆڤایەتی نەجیبزادانەو سیاسەتێکی دانایانە هەبووە، لە هەموویاندا سەیری کاریگەریی ئەو ژن هێنانەی بۆ بانگەوازەکەی کردووە، ئەمەش هەمووی مەسەلەیەکی تایبە تە بە پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ کەسی تر نیە . بۆیە کە سیش بۆی نیە بیکاتە رەخنە لەسەری ..صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ..

# خزمانی پێغەمبەر
# صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

مامەکانی :دەڵێن کە دوازدە مامی هەبووە، نۆیان مێژوونووسان هەموو لە سەریان رێکەوتوون کە مامیین، العەبباس و حەمزە کەس لەسەر موسوڵمان بوونیان ناکۆکی نیە، ئەبو تالیب(کە ناوی خۆی عەبدومەنافە)، الزوبەیر، الحارث، حەجل، المقەووم، زیرار، ئەبو لەهەب (کە ناوی ئەسڵی خۆی عەبدول عیززایە)

پورەکانی :شەشن :سەفییە کە دایکی زوبەیری کوڕی عەووامە و گومان لە موسوڵمان بوونیدا نییە، ئوم حەکیم البەیزاء، عاتیکە، ئومەیمە، ئەروا، بوررە .

خاڵەکانی :الاسوەدو عومەیر، هەردووکیان موسوڵمان بوون ..

خوشکەکانی: لە نەسەبدا نە خوشکی هەبوو نەبرا، چونکە باوکی کە کۆچی دوایی کرد ئەم لە سکی دایکیدا بوو و یەکەم منداڵیشیان بوو، بەڵام برای شیری هەیە لەوانە :حەمزەو ئەبو سەلەمە، دوو خوشکی شیرییشی هەیە یەکیان شەیمائە ..

## ده مژده دراوەکە به بەهەشت

ئەو موسولْمانە بەڕێزانەی پێش هەموو کەس باوەڕیان هێناو لە پێناوی خوای پەروەردگاردا جۆرەها نارەحەتی و کوێرەوەریان بینی، خوایی گەورە بەڵێنی پاداشتی زۆری پێدان، هەندێکیان بەشێك لەو پاداشتەی خوای گە ورەیان هەر لە دنیادا بینیەوەو بەشی زۆرینەشیانی بۆ قیامەتیان بۆ هێشتنەوە، نابینیت چۆن خوای پەروەردگار باس لەوان و پاداشتەکەیان لە ئایەتانێکدا دەکات کە هەتا دنیا دنیایە نەوە بە نەوەی موسوڵمانان دە یخوێننەوەو تەمەننا دەکەن بگەنە نزیك ئاستی ئەوان:(وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا) النور/٥٥ واتە خوای پەروەردگار بەڵێنی خۆی بەو کەسانەتان داوە کە باوەڕیان هێناو کردەوەی چاکیان کرد کە حەتمەن لە دنیادا دەیانگەیێنێتە هێزو دەسەڵات هەر وەکو کە ئەوانی پێش ئەمانی گەیاندە هێزو دەسەڵات و حەتمەن دینەکەشیان کە خوا پێی رازییە بۆ دەکاتە فەرمانڕەواو ئەو ترس و بیمەی هەشیانە خوا بۆیان دەگۆڕێت بۆ هێمنی و ئاسوودەیی و ئاشتی بەو مەرجەی شەریك بۆ من(لە ترس و بیمدا) دروست نەکەن ..

خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرە نازدارەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا کە مژدەی بەهەشت بدات بە یاوەرانی خۆی، بەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی پێی فەرموو:(وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ) البقرة/٢٥ واتە :مژدە بەو کەسانە بدە کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە کە حەتمەن بەهەشتانێکیان دە درێتێ کە ئاوو جۆبار بە ژێریاندا دێت و دەڕوات ..

لەمەوەیە کە مژدەی بەهەشت هەموو یاوەرانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگرێتەوە مادام لەسەر ئەو باوەڕو یەقینە مابنەوە کە لە سەردەمی ژیانی پیرۆزی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەری بوون ..

بەڵام لەگەڵ ئەم مژدە گشتیەدا پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مژدەی تایبەتی بە هەندێکی تر لە یاوەرانی بەڕێزی خۆیداوە، کە ئە هلی بەهەشتن ..دە کەس لەو بەڕێزانە ناویان پێکەوە لە حەدیسی سە حیحدا هاتووەو هەر لەو ڕۆژەوە لە ناو موسوڵمانانندا بە عەشەرەی موبە ششەرە ناسراون واتە ئەو دەکەسەی مژدەی بەهەشتیان لە دنیادا پێدرا .. لەو حەدیسانە حەدیسەکەی سەعیدی کوڕی زەیدە کە خۆشی یەکێکە لە و عەشەرەی موبەششەرەیە، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی دە کەس ئەهلی بەهەشتن ئەبوبەکر لە بەهەشتەو عومەر لە بەهەشتەو ئیتر ناوی ئەوانی تریشی هێنا و فەرمووی:(عَشْرَةٌ فِي الْجَنَّةِ : أَبُو بَكْرٍ فِي الْجَنَّةِ، وَعُمَرُ فِي الْجَنَّةِ، وَعُثْمَانُ فِي الْجَنَّةِ، وَعَلِيٌّ فِي الْجَنَّةِ، وَطَلْحَةُ فِي الْجَنَّةِ، وَالزُّبَيْرُ بْنُ الْعَوَّامِ فِي الْجَنَّةِ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ فِي الْجَنَّةِ، وَسَعْدُ بْنُ ابي وقَّاصٍ، وأبو عُبَيدَةَ بنُ الجرَّاحِ، وَسَعِيدُ بْنُ زَيْدٍ فِي

الْجَنَّةِ)[1] کە لەسەر ئەو ناوە وەستا پرسییان :ئەدی خۆت؟ فەرمووی بەڵێ منیش.

**ئەمەش کورتەیەك لە ژیانی پڕ فەڕی هەر یەکەیان:**

١- **ئەبوبەکری سددیق** :ناوی عبداللّەی کوڕی عوسمانە، یەکەمین کەس بوو لە پیاواندا کە موسوڵمان بوو، کەس وەکو ئەو پشتیوانی لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەکردووە، هەر هەموو سەروەت و سامانی لە پێناوی سەرخستنی بانگەوازەکەی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەرج کرد، لە کۆچکردن بۆ مەدینەو خۆ شاردنەوەی ئەشکەوتەکەی سەوردا هاوڕێی پێغەمبەر بوو کە بە پلەو پایەی گەورە دادەنرێت !!دوای پێغەمبەری سەروەرمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو بووە یەکەمین خەلیفەی موسوڵمانان لەسەر دەمی حوکمی خۆیدا فیتنەو ئاژاوەی مورتەددەکانی زیندەبەچاڵ کردو کوژاندیەوە، لە سەردەمی حوکمی دووساڵەی ئەو دا ئازاد کردنی سوپای ئیسلام دەستی پێکرد ..پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەدیسی لە مەتحی ئەودا زۆرە، ساڵی ١٣ ك کۆچی دوایی کرد، تەمەنیشی هەر وەك تەمەنی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو، واتە ٦٣ ساڵ !لە

---

[1] حەدیسی تریش لەو بارەوە هەن وەکو ئەوەی عبدالرحمانی کوڕی عەوف خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە کە ئیمامی ئەحمەدو ترمذي و بەغەوی لە کتێبی (مصابيح السنة) دا هێناوێتیەوەو دەربارەی فەرموویەتی حديث حسن ، بەڵام ئەو حەدیسەی سەعید کە لەسەرەوەیە سەحیحەو پلەی لەم حەدیسەی پەڕاوێزەکە بەرزترو بەهێزترە والله اعلم..

ژوورەکەی خاتوو عائیشەی کچی کە خێزانی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گیانی سپاردو لە تەنیشت پێغەمبەری نازدارەوە نێژرا !خوا لێی رازی بێت ..

**٢- عومەری کوڕی خەتتاب** :لە ساڵی پێنجەم یان شەشەمی پێغەمبەرێتیدا لە مەککە موسوڵمان بوو، موسوڵمان بوونەکەی بۆ موسوڵمانان خێرو بەرەکەت بوو، چونکە پێش موسوڵمان بوونی ئەم هەموو موسوڵمانەکان لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبو ئەرقەمی مەخزوومی لە سەفا خۆیان شاردبۆوە، بەڵام کە ئەم موسوڵمان بوو خۆیان ئاشکرا کردو نە ترسان، عومەر خوا لێی رازی بێت وەکو ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت هۆگری پێغەمبەری سەروەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەمیشە لە خزمەتیدا بوو، بۆیە پرس و رای بەم و بە سەیدنا ئەبو بەکر زۆر دەکرد، دوای کۆچی دوایی ئەبوبەکر ئەم بوو بە خەلیفەی موسوڵمانان، لە دادپەروەریی و توند پابەندبوونی بە حەقەوە بووە نموونەو پێوەری داد ..لەسەر دەمی حوکمی ئەمدا فتووحاتی ئیسلامی زۆر پەرەی سەند، لە ساڵی ٢٣ ك دوای دە ساڵ حوکم کردن لە کاتی نوێژی بەیانیدا کە بە ئیمامەت لە مزگەوت بۆ موسوڵمانانی دەکرد خەنجەری ژەهراوی لێدراو شەهید بوو ..ئەمیش تەمەنی پیرۆزی وەکو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت هەر ٦٣ ساڵ بوو، ئەمیش هەر لە تەنیشتی ئەبوبەکری سددیقەوە نێژرا ..خوا لێی رازی بێت ..

**٣- عوسمانی کوڕی عەففان :**لە مەککە لە سەرەتای بانگەوازی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت بۆ ئیسلامی بانگ کرد، موسوڵمان بوو، دوو جار کۆچی بۆ حەبەشە کرد، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەك لە دوای یەك دوو کچی خۆی روقەییە و ئوم کەلسوومی لێ مارە کرد، بۆیە نازناوی زوننورەینی هەیە واتە خاوەن دوو نورەکە، زۆرینەی سەروەت و سامانی خۆی لە پێناوی سەرخستنی ئیسلامدا خەرج کرد، بە تایبەتی لە غەزای تەبووکدا کە کاتی قات و قڕی و گرانی بوو، دوای کۆچی دوایی کردنی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت ئەم بوو بە خەلیفە، فەزڵی گەورەی بەسەر موسوڵمانانەوە نوسینەوەی قورئانێتی، کە هەمووی کۆکردەوەو چەند دانەیەکی لێ نوسرایەوەو ناردی بۆ هەموو ویلایەتەکانی بەردەستی، لەسەر دەمی حوکمیدا فیتنەو ئاژاوەی زۆر بەرپا بوو، لە ساڵی ٣٥ ك لە یەکێکیاندا لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا(هەندێك دەڵێن لە نەوەد ساڵیدا) شەهید بوو ..خوا لێی رازی بێت ..

**٤- عەلی کوڕی ئەبو تالیب :**هێشتا لە ماڵی پێغەمبەری بەڕێزدا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ منداڵ بوو کە موسوڵمان بوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فاتیمەی کچی خۆشەویستی خۆی دایێ، بە ئازایەتی و زانایی بە ناوبانگ بوو، دوای سەیدنا عوسمان خوا لێی رازی بێت لە سەردەمێکی زۆر

پڕ ئاشووب و ئاژاوەدا ئەم بوو بە خەلیفە ..کاریگەرترینیان شەڕی جەمەل و سیففین بوو، لە ساڵی ٤٠ ك لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لەو کاتەی لە نوێژ تە واو بوو شمشێری لێدراو شەهید بوو ..خوا لێی رازی بێت ..

**٥- ئەبو عوبەیدە** :کوڕی عامری کوڕی الجەڕڕاح، لە مەککە لە سەرەتای بانگەوازی خواییدا لەسەر دەستی سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت موسوڵمان بوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نازناوی ئەمینداری ئوممە تی لێنا، لە کاتی هاتنی وەفدی مەسیحیەکانی نەجراندا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمی کردە سەرۆکی وەفدی موسوڵمانەکان، زۆر جار پێغەمبە ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیکردە ئەمیری سەریەکانی، سەیدنا ئەبو عوبەیدە باوکی خۆی لە غەزای بەدردا کوشت، کە لە بەرەی کافراندا بوو، لە ساڵی ١٨ ك لە تاعوونەکەی شاری عەمواسی شامدا لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا بە تاعوون کۆچی دوایی کردو هەر لەوێش لە غۆری ئەردەن نێژرراوە لە شوێنێك کە ئێستا هەر بە ناوی خۆیەوەیەتی ..خوا لێی رازی بێت ..

**٦- عبدالرحمانی کوڕی عەوف** :لەسەر دەستی ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت لە مەککە موسوڵمان بوو، خاوەن سەروەت و سامان بوو، زۆری لە پێناوی خوادا بەخشی، کە کۆچی مەدینەشی کرد زوو بە بازرگانی کردن کە چاکی لێ دەزانی، دەوڵەمەند بووەوە، یارمەتی زۆری موسوڵمانانی مەدینەشی پێ دەدا، ساڵی ٣٠ یان ٣٢ لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بەقیع لە مەدینە نێژرا ..خوا لێی رازی بێت ..

**٧- تەلحەی کوڕی عوبەیدوللە** :لە مەککە لەسەر دەستی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق موسوڵمان بوو، لە غەزای ئوحوددا پشتی پیرۆزی خۆی بۆ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەوی کرد تا بچێتە سەر پشتی و لەوێوە بازداتە سەر تاوێرە بەردێك !!ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی لەو کاتەدا فەرمووی:(وَجَبَتْ) واتە :بەهەشتی مسۆگەر کرد !لە کاتی شەڕی جەمەلدا لە ساڵی ٣٦ ك لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت..[1]

**٨- زوبەیری کوڕی ئەلعەووام** :دایکی ناوی سەففیەیە کە کچی عبدالموتتەلیبی مامی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەعنی پورزای پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، کە دەربارەی وەکو لە حەدیسی سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە دەیفەرموو:(إِنَّ لِكُلِّ نَبِيٍّ حَوَارِيًّا، وَحَوَارِيَّ الزُّبَيْرُ) واتە هەموو پێغەمبەرێك یاوەری زۆر نزیکی هەیە، یاوەری زۆر نزیکی منیش زوبەیرە ..سەیدنا زوبەیر لە مەککە لەسەر دەستی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق موسوڵمان بوو، ئەم یەکەمین کەس بوو کە شمشێری لە پێناوی خوادا هەڵکێشا ..لە غەزای ئەحزاب(خەندەق) دا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو:(فِدَاكَ أُمِّي وَأَبِي) واتە :دایك و باوکم بە قوربانت بن ..ئەمیش

---

[1] لە بەسرە نێژراوە بەڵام زۆر زۆر بەداخەوە شیعە رقنەکانی عێراق بێ گوێدانە هەستی موسوڵمانان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٧ دا بۆ دووەمجار مەرقەدەکەیان بە هەر سێ گومەزەکەیەوە تەقاندەوە. (و).

لە شەڕی جەمەلدا لە ساڵی ٣٦ ك لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت[١] ..

**٩- سەعیدی کوڕی زەید** :ناوی سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلە، خۆی و فاتیمەی خێزانی کە خوشکی عومەری کوڕی خەتتابە لە مەککە موسوڵمان بوون، یاوەرێکی بەڕێزەو یەکێکە لەوانەی دوعایان گیرا دەبوو !لە ساڵی ٥١ ك لە تەمەنی ٧٣ یان ٧٤ ساڵیدا ناوچەی عەقیق کۆچی دوایی کرد و لە مەدینە نێژرا ..خوا لێی رازی بێت ..

**١٠- سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس** :ئەمیش لە مەککە لەسەر دەستی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق موسوڵمان بوو، یەکەمین کەسە کە لە پێناوی بەرگریی لە دینی خوای گەورە تیری هاویشت، ئەمیش یەکێکە لەو یاوەرانەی دوعایان گیرا دەبوو، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە غەزای ئوحوددا پێی فەرموو:(إِرْمِ فِداكَ أمِّي وَأَبي) واتە :تیر بهاوە دایك و باوکم بە قوربانت بن ..ئەم پاڵەوانی شەڕی قادسیە بوو، لە ساڵی ٥٥ ك لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا لە کۆشکی خۆی لە عەقیق کۆچی دوایی کرد و لە مەدینە نێژرا .. کۆتا کەسی عەشەرەی موبەششەرەبوو کە کۆچی دوایی کرد ..خوا لێی رازی بێت ..

---

١ لە قەزای زوبەیر کە بە ناوی خۆیەوەیەتی لە باشوری بەسرەی عێراق نێژراوە، مەرقەدی ئەمیش لە لایەن شیعە رقنەکانی عێراقەوە دەستدرێژیی کرایە سەرو بەداخەوە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا بێڕێزی زۆر بە مەرقەدەکەی کرا.. (و) .

## چەند سیفەتێك لە سیفەتەکانی

## پێغەمبەری مەزن[1] صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

خوای گەورە دەفەرموێ:(مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ) النساء/٨٠ واتە :ئەوی ملکەچ و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی خوا بکات ئەوە ملکەچی و گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە ..

ڕەوشتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەکپارچە چەسپاندنی قورئان بوو، ڕەوشتی قورئانیانە بوو، لەبەر تەعلیماتی قورئانەکە توڕە دەبوو، بە ڕاپەڕاندنی ئاڕاستەی قورئانەکەش خۆشحاڵ دەبوو، قەت تۆڵەی لەبەر خاتری خۆی لەکەس نەکردۆتەوە، یان لەبەر خاتری مافی خۆی لەکەس توڕە نەبووە، کە توڕەش دەبوو هەموو دەیانزانی کە بێڕێزییەك بە پیرۆزیەکی خوای گەورە کراوە ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو کەس ڕاستگۆتر بوو، لە هەموو کەس بەوەفا تر بوو، نەرم و نیان بوو، خۆش مەشرەب و ڕێزگر بوو، لە کچە بووکی ناو کەژاوە شەرمنتر بوو، چاوی بەرز نەدەکردەوە، زۆر دووربین بوو، وورد سەرنجی شتی دەدا، قسەی ناشیرینی بە دەمی پیرۆزیدا نەدەهات، نەفرینی لە کەس نەدەکرد، خراپەی بەرامبەر خراپە نەدەکردە

---

[1] ئەم بەشە لە بەشی شمائل الرسول لە ئیبنو کەثیرو ترمذي وەرگیراوە.

وە، لێبوردەیی زۆر بەکار دەهێنا، دڵ گەورەو سینە فراوان بوو، ئەوی داوای شتێکی لێ بکردایەو هەیبوایە دەیدایێ، نەیبوایە بە قسەی خۆش دڵنەوایی دەکرد، قسە رەق نەبوو، رقن و مۆن نەبوو، بە زەردەخەنەو روو خۆش بوو، رووی لەو کەسە وەرنەدەچەرخاند کە دەیدواند، نە بە قسە نە بە هەستان و جێ گۆڕین قسەی پێ نەدەبڕی، وەك خۆی درۆی لێ نەدە بیسترا، بەرامبەریشی بە درۆ نەدەخستەوە، رقی لەکەس هەڵنەدەگرت و کەسی سوێند نەدەدا ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێزی دراوسێی زۆر لابوو، قەدری میوانی دەگرت، کاتێکی بەفیڕۆ نەدەچوو، یان زیکری خوای تێدا دەکرد یان بە بانگەوازەکەیەوە خەریك بوو، مەگەر هەڵسوکەوتێك کە حەتمەن دەبوو وا بکرێت، حەزی لە رەشبینی نەبوو، هەمیشە گەشبین و بەئومێد بوو، لە نێوان هەموو دوو هەڵوێستێکدا ئەوەیانی هەڵدەبژارد کە بۆ ئوممەتەکەی سوك و ئاسانتر بووبێت، حەزی لێبوو بە هانای لێقەوماوانەوە بچێت، هە میشە پشتی ستەم لێکراوانی زۆر دەگرت ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یاوەرانی خۆی زۆر خۆشدەویستن، پرس و ڕای پێ دەکردن، هەواڵی دەپرسین و گەر یەکێکیان دیار نەبوایە لێی دە پرسیەوە، یان خۆی تەشریفی دەبردە لای یان کەسێکی بۆ هەواڵپرسیی دە ناردە لای، هەر کەسێکیان نەخۆش کەوتایە سەردانی دەکرد، ئەوی لەبەر چاوان دیار نەدەما، چاوی بۆ دەگێڕاو لێی دەپرسی، هەر یەکێکیان بمردایە

دەچووە دووی جەنازەکەی، دوعای خێری بۆ دەکرد، ئەوی نەدەهاتە خزمەتی پۆزشی بۆ دەهێنایەوە بە خاوەن عوزری دەناساند، کە کابرا پۆزشی دەهێنایەوە دەسبەجێ لێی وەردەگرت، چەندوچوونی لەگەڵ کە سیان نەدەکرد، زاهیری لێ وەردەگرتن، بەهێزو لاواز، دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتی لا وەکو یەك بوو، کە شتێکی دەفەرموو ئەوەندە هێدی و لەسە رخۆو رەوانبێژانەو بە رستەی کورت دەیفەرموو خەڵکی دەیانتوانی ووشە کانی بژمێرن، سوعبەتی دەکرد بەڵام غەیری حەق بە دەمی پیرۆزیدا نەدە هات..

## ئەدەب و رەفتاری پێغەمبەر

## صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەبەزەییترین کەس بوو، رێزی یاوەرانی خۆی زۆر لابوو، کۆڕو کۆمەڵی خۆی هەرچەند قەرەباڵغ بوایە کە یەکێکی تریان بهاتایەتە ژوورەوە جێی بۆ دەکردەوە، تووش هەر یەکێك لە یاوەرانی دەبوو ئەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خێراتر سڵاوی لێ دەکرد، کە تەوقەی لەگەڵ هەر پیاوێکیان دەکرد دەستی لە دەستی دەرنەدەهێنا تا ئەو کەسە خۆی دەستی دەکردەوە، خزمەتی هەموو کەسێکی دەکردەوە کە خزمەتی دە کات، نەیدەهێشت کەس لە دوایەوە بڕوات ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو کەس زیاتر بێ هەواو فیز بوو، کە دەچووە کۆڕێکەوە لەو جێیە دادەنیشت کە چۆڵ بوو، لە هەر کوێیەکی کۆڕو شوێنەکەوە بوایە دادەنیشت، رووی پاکی خۆی بە سەر هەموو ئامادەبووواندا دابەش دەکرد، سەیری هەموانی دەکرد، هەر یەکە وای دە زانی رووی بە تەنها لەوەو بۆ ئەو دەدوێت، کەس لە ئامادەبوانی کۆڕەکانی وای هەست نەدەکرد یەکێك هەیە لەو کۆڕەدا لای ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەم بەڕێزترو گەورەتر بێت، هەر کەسێکی لا دابنیشتایە وای لێ نەدە کرد هەستێ و بڕوات، مۆڵەتیشی لێ وەرنەدەگرت تا هەستێت و بڕوات مە گەر بۆ کارێکی بوو بێت پەیوەندی راستەوخۆی بە دینەکەوە بووبێت، ئەو کاتە داوای مۆڵەتی لێ دەکردو دەڕۆیشت !!

پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەزی لێ نەبوو كەس لەبەری هەستێت، ئەنەسی كوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ:(كەس نە بوو لای یاوەران لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشەویستر بێت بەڵام كە دەشهاتە كۆڕیان لەبەری هەڵنەدەستان، چونكە دەیانزانی پێی قەڵس دەبێت) حەدیسێكی سەحیحەو ئیمامی ئەحمەدو ترمزی گێڕاویانەتەوە..

پێغەمبەری رێزدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەر بیزانیایە كەسێك شتێكی پێ ناخۆشە هەرگیز ئەو شتەی لەبەرچاوی نەدەكرد یان بۆی باس نەدەكرد، هەژارو دەسكورتی خۆش دەویست و بەردەوام سەری لێ دەدان، لەگە ڵیاندا دادەنیشت، لەگەڵ جەنازەی هەر یەكەیاندا دەچوو، قەت بەچاوی نزمەوە سەیری هەژارێكی نەكردووە، لەبەر دەوڵەمەندی و دەسەڵاتیش چاوپۆشی لە هەڵەی كەس نەكردووە، عەیبەی لە هیچ خواردنێك نەدە گرت، گەر حەزی لێبوایە دەیخوارد، گەر حەزی لێ نەبوایە دەستی دە كێشایەوە..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جارێك حەجی كرد، سواری ووشترێك بوو، كورتانێكی دڕاوی پێوەبوو،پارچەیەك قوماشی بەسەرەوە بوو بایی چوار درهەم نەدەبوو، هەر دەیفەرموو:(اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ حَجّاً لَا رِيَاءً فِيهِ وَلَا سُمْعَةً ) واتە: خوایە بیكە حەجێك كە نە ریابازیی تێدا بێت نە بۆ ناودەركردن بێت ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نە لە پۆشاکیدا نە لە کۆڕو هەڵسوکە وتیدا خۆی لە یاوەرانی جودا نەدەکردەوە، بۆیە جاری وا هەبوو ئەعرابیەکی دەشتەکی دەهاتە کۆڕەکەوەو دەیپرسی کامەتان محمدە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ !!حەزی لە پۆشاکی درێژ بوو بەڵام لە خوارەوە تا ناوەڕاستی لاقی پیرۆزی دەبوو، هەرگیز نە لە خۆراکیدا نەلە پۆشاکیدا ئیسرافی نەدەکرد، قەلەنسوەو عەمامەی لەسەر دەکرد، مستیلەیەکی زیووی لە پەنجەی تە نیشت پەنجە تووتەی پیرۆزی دەستی راستی دەکرد ..

## بانگەوازو جیهادی پێغەمبەر

## صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

خوای پەروەردگار بە رەحمەت و بەزەیی خۆی محمدی پێغەمبەری نازداری خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هەموو خەڵکی سەر زەمین لە هەموو نەوە كانیدا نارد، ئەویش سەلامی خوای لێ بێت سەرەتا هەموو عەرەبەكانی بۆ ئە م بانگەوازە خواییە بانگ كرد ئینجا هەموو خەڵكی، بانگی دەكردن بۆ ئەو خێروبەرەكەتەی لەم دینەدایە كە خێرو چاكەی دنیاو قیامەتی هەموو لایەكیانی پێوە بەندە ..

یەكەمین شتێك كە ئەو زاتە پاكە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو خەڵكەی بۆ بانگهێشت كرد، خواپەرستی بوو، نوێژو پاڕانەوە بوو، هانا بۆ خوای تاك و پاك بوو كە تەنها بۆ ئەو ببرێت و بەس، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:(قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا) الجن/٢٠ واته :بڵێ من بەرەو لای خوا بانگەواز دەكەم تا تەنها ئەو بپەرسترێت و شەریكی بۆ دانەنرێت ..

بەڵام موشریكەكان لەبەر ئەوەی ئەم بانگەوازە خواییە دژی بیروباوەڕو بتپەرستیەكەی ئەوان بوو، قبووڵیان نەكردو زۆر سەخت دژی وەستانە وە، چونكە ئەو عەقیدە پوچەڵەی خۆیان كە لە باب و باپیرانی خۆیانەوە بۆیان مابۆوە بەراستتر دەزانی، بۆیە ئەمەی پێغەمبەری نازداریان صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئیستیعاب نەدەکرد، سەرباری ئەوەش خۆیان بە ژیرو خاوەن بیر دەزانی و ئەویان صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە شێت و سیحر لێکراوو سیحر باز دەزانی لەکاتێکدا کە هەر خۆشیان لە دەست پاکی و رەوشت بەرزیدا ناویان لێنابوو راستگۆی دەستپاك ..

پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر بە ئارام بوو، سەبرێکی زۆری لەسەر ئەم بەربەست و سەرسەختیەیان گرت، زۆری تەحەمولی ئەشکەنجەو ئازاری قورەیش کرد، چونکە خوای گەورە پێی فەرمووە:( فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ آثِمًا أَوْ كَفُورًا) الانسان/٢٤ واتە :لەسەر فەرمانی خوای خۆت بەئارام بەو گوێڕایەڵی هیچ تاوانبارو کافرێکیان نەکەیت .. ماوەی سێزدە ساڵ لە مەککە مایەوەو لەسەر بانگەوازی یەکخواناسی خۆی بەردە وام بوو سەبرێکی زۆری گرت، زۆر لە یاوەرانی کۆچیان کرد، بۆ حەبەشە، بۆ مەدینە، تا خۆشی تەشریفی بردە مەدینەو کۆمەڵگەی ئیسلامی یەکەمی ئەم دینەی لەوێ دامەزراند، دەسەڵاتێکی خواوویستی لەسەر بنەماکانی دادو خۆشەویستی و یەکسانی پێکهێنا، خوای گەورەش پێ بە پێ یارمەتی دەدا و پشتیوانی لێ دەکرد، بەردەوام بەم قورئانە بۆ جیهادو زانست و پێشکەوتن ئاراستەی دەکرد ..

پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نامەی بۆ هەموو پاشاو دەسەڵاتدرانی ئە و سەردەمە نووسی، بۆ خواوویستی بانگی کردن و بۆ خاوەن پەیامە ئاسمانیەکانی بەو شێوازە نووسی کە خوای گەورە پێی فەرمووبوو:( قُلْ يَا

أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ ) ئال عیمران/٦٤ واته : بڵێ ئەی خاوەن پەیامە ئاسمانیەکان وەرن با لەسەر دیدو تێڕوانینێکی هاوبەشی نێوانمان ڕێکەوین کە هیچ لایەکمان غەیری خوای گەورە نەپەرستین و شەریکی بۆ بڕیار نەدەین و کەسمان کەسی ترمان لە جێی خوای گەورە دانەنێین ..واتە کەسمان پیاوی دینەکە لە مەسەلەکانی یاساو ڕێسا دانانی حەڵاڵ و حەرام ناساندندا نەخەینە پلەو پایەی خوای گەورەو ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینین و بیاندەینێ ..

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دژی کافرو موشریکان جەنگاو بەسەریاندا زاڵ بوو، بۆ خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە بیست غەزادا بەشدار بوو، دەیان سریەو مەفرەزەی لە یاوەرە عەزیزەکانی خۆی بەملاولادا بۆ بانگەوازو جیهاد نارد سوپای پێکەوەناو دوای خۆشی یاوەرە سەرکردە بەڕێزەکانیشی زۆر لە گەلانی سەر زەویان ڕزگار کردو پەیامی خواییان پێ گەیاندن و سیستمی دادی خواوویستیان بە واقیعی نیشان دان و لە خاك و میللەتاندا بۆیان پیادە کردن ..

## خۆشویستن و شوێنکەوتنی پێغەمبەر
## صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

خوای گەورە دەفەرموێ:(قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ) ئال عیمران/٣١ واتە : پێیان بڵێ گەر خواتان خۆش دە وێت شوێنی من بکەون تا خوای گەورە خۆشی بوێن ولە گوناهەکانتان ببورێت . پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:( لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكونَ أحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِه وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)[1] واتە کەستان باوە ڕی دانامەزرێت تا منی لە باوك و کوڕو هەر هەموو خەڵکی زیاتر خۆش نە وێت .

پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕەسەنێتی جوامێریی و ئازایەتی وسەخاوەت دا گەنجینەی هەموو ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤایەتی بوو، هەر کەس دەیدی بە سام و هەیبەتەوە تەماشای دەکرد، ئەوی تێکەڵی دەبوو زۆری خۆش دەوویست ..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەیامەکەی بە تەواوی گەیاند، ئوممەتەکەی پێکەوە ناو خستیە سەر ڕاستە ڕێ و ئامۆژگاریی کۆتایی دایە، دڵ و دەروونی یاوەرانی وەك یەك لێکردو راو بۆچوونی هەموانی کردە یە ك، ڕەوشتی هەموانی وا داڕشت کە لە بریقەدانەوەی ڕەوشتی خۆی دە

---

[1] بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

چوون،[١] هەر بۆیە پێش ئەوەی بچنە قەڵاو قوللەی میللەتانەوەو بیانگرن توانیان بچنە دڵیانەوە، ئاوا ئاسان توانیان خەڵکی لە پەرستنی مرۆڤی وەکو خۆیانەوە دەربهێنن و بیانخەنە سەر پەرستنی خوای کردگاری هەموان ..

ئەو بەرێزانەش کە لە خزمەتی ئەو پێشەوا سەروەرەدا بوون صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم دینەیان بە پاکی و راستی دوور لە هەموو ئەفسانەو بیدعەیەك و بە رەوایی و رەوانی گەیاندە هەموو لایەك کە ئیتر نەپێویستی بەوە ما لێی کەم کرێتەوە نە ئاتاجی بەوەش بوو بۆی زیاد کرێت.. هەر وەکو ئەوەی کە خوای گەورە دەرهەقی فەرمووبووی:(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا) المائدة/٣ واتە :ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواو کردن و نیعمەتی خۆم بە تەواوی بەسەر دا ڕشتن و رازی بووم کە ئیسلام بەرنامەی ژیانتان بێت ..

پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:(إِنَّمَا بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الأَخْلاقِ)[٢] واتە: تەنها بۆ ئەوە هاتووم تا گەنجی رەوشتەکان پڕکەم ..

---

[١] مەحوی شاعیری خواناسی کورد دەرهەقیان دەفەرموێ:

به نووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوو بوون
غەریبی تازە هاتوو دەیووت ئەم پێغەمبەرستانە! (و)

[٢] ئیمامی ئەحمەد گێڕاوێتیەوە سەحیحە.

ئا ئەمە رەوشتی پاکو بەرزو نموونەیی پێغەمبەری پێشەواو سەروەرو سەردارمانە کە خوای گەورەو کارزان پەسەندی کردووەو فەرمانی بە ئێمە ش کردووە کە شوێن پێی هەڵگرین و پێوەی پابەند بین:(لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ )الاحزاب/٢١ واتە :بەراستی نموونەی پێشەوایەتی و ئیقتیدا پێ کردنی جوانتان لە پێغەمبەری خوادا بۆ دیاری کراوە ..

با ئەوە بزانین کە خۆشەویستی راستەقینەی خوای پەروەردگارو پێغەمبەر عەزیزەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەوەدایە کە شوێن قورئانی پیرۆزو سوننەتی سەلماوی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەوین و قسەی هیچ کەس نەخەینە پێش فەرمایشتی ئەوان، وەکو خوای پەروەردگار فە رمانی پێداوین و فەرموویەتی:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ) الحجرات/١ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە راو بۆچوونی خۆتان مەخەنە پێش ئاڕاستەی خواو پێغەمبەرەکەیەوەو لە خوا بترسن..

خوایە بە لوتف و بەزەیی خۆت خۆشەویستی خۆت و پێغەمبەرە بەڕێزەکە ت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانیمان لە دڵدا بچەسپێنەو لە رۆژی دواییشدا بمانخە بەر تکای ئەو ..ئامین

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی و پێناسە | ٩ |
| نەسەبی بەڕێزی | ١٢ |
| ژن هێنانی | ٢٠ |
| سەرەتای پێغەمبەرێتی | ٢٢ |
| موعجیزەی قورئانەکەی | ٢٧ |
| کۆچ کردن بۆ حەبەشە | ٣٨ |
| هەڵوێستی قورەیش | ٤٥ |
| ئیسراو میعراج | ٥٠ |
| بانگهێشتی هۆزەکان | ٥٥ |
| پیلانە فاشیلەکەی قورەیش | ٥٩ |
| کۆچ بۆ مەدینە | ٦١ |
| غەزاو سەرییەکان | ٧٤ |
| غەزای بەدر | ٨٢ |
| غەزای ئوحود | ٨٧ |
| غەزای خەندەق | ٩٢ |
| پەیمانی حودەیبییە | ٩٨ |

| | |
|---|---|
| نامەكان | ١٠٢ |
| ئازاد كردنی مەككە | ١٠٥ |
| غەزای حونەین | ١٠٩ |
| غەزای تەبووک | ١١٣ |
| ناردنی وەفدەكان | ١١٦ |
| ووڕەوور لەگەڵ جولەكەكان | ١١٨ |
| حەجی ماڵئاوایی | ١٢٦ |
| بڵاو بوونەوەی ئیسلام | ١٢٨ |
| منداڵەكانی | ١٣٢ |
| خێزانەكانی | ١٣٥ |
| خزمانی | ١٤٥ |
| دە مژدە دراوەكە بە بەهەشت | ١٤٦ |
| چەند سیفەتێكی | ١٥٤ |
| ئەدەب و ڕەفتاری | ١٥٧ |
| بانگەوازو جیهادی | ١٦٠ |
| خۆشوویستن و شوێنكەوتنی | ١٦٣ |
| ناوەڕۆک | ١٦٦ |

**زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی**

**( زادی ڕێمان )**

**ماڵپەر**

zadyreman.com

**ئەکادیمیا**

amadaiyamad.com

**پەڕەی فەیسبووک**

fb.com/zadyreman

**هەژماری تویتەر**

twitter.com/zadyreman

**هەژماری ئیستاگرام**

instagram.com/zadyreman

**ئیمەیل**

zadyreman@gmail.com